دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤١٠
١٥ی خاکەلیوەی ١٣٨٤
٤ی ئاوریلی ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## کۆچی دوایی ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان

پاپ ژانپۆلی دووهەم، ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان پاش زیاتر لە ٢٦ساڵ ڕێبەریی کاتۆلیکەکان، لە تەمەنی ٨٤ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد. پاپ یەکێك لە درێژخایەنترین دەورەکانی ڕێبەرایەتیی کاتۆلیکەکانی جیهانی بە ئەستۆ بوو و تەنیا دوو پاپی دیکە زیاتر لەو، لەو پلەیەدا ماونەتەوە. پاپ کاتژمێر ٩و ٣٧ دەقیقەی شەوی ٢ی ئاوریل بە کاتی ڕۆم پێتەختی ئیتالیا، لە شوێنی ژیانی خۆی‌و لە نێو نزیکترین یارانی لەهێستانی‌دا مرد.

چەندین هەزار کەس لە مەیدانی سێنت پیتێری ڕۆم کۆبوونەوە تا ڕێورەسمی ڕێزنان بەرامبەر بە پاپ بەجێ بێنن‌و زەنگی کەلیسەکان لە سەرانسەری ئەو شارەدا زرینگایەوە. پاپ تووشی هێندێك نەخۆشی یەك لەوان نەخۆشیی دڵ‌و فشاری خوێنی ناهاوسەنگ بوو کە حاڵی بەرەو خراپی چوو. دەوڵەتی ئیتالیا سێ ڕۆژ ماتەمینیی گشتیی بەم بۆنەیەوە ڕاگەیاندوە.

کۆچی پاپ ژان پۆلی دووهەم هەم بەو هۆیەوە کە ڕێبەری زیاتر لە یەك میلیارد کاتولیك بوو، هەم ڕۆڵێکی گرنگی لە داکۆکی لە ئاشتی‌و دادپەروەری‌دا هەبوو، لەلایەن ڕێبەرانی وڵاتانی جیهانەوە گرنگیی زۆری پێدراو بە خەسارێك بۆ ئاشتی‌و مرۆڤایەتی دانرا.

# بە درێژەدانی خەبات تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان، یادیان وەك هەمیشە بەرز ڕادەگرین

پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ٢
ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "EL MUNDO" لەسەر دامەزرانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" ٢
دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب ٣
کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێك نەوی ناکەن ٤
ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨
نەورۆز هێمایەك لە جیاوازی‌و دەرەتانێك بۆ خەبات ٩

### لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دا یادی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا

بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە لە ڕێورەسمێکی تایبەت‌و شیاودا یادی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

ئەو ڕێورەسمە کە بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکان‌و بنەماڵەی ژمارەیەك لە شەهیدانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو لەم بەشانەی خوارەوە پێك هاتبوو.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٨/٣٠ی سەر لە بەیانیی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لەسەر گڵکۆی ژمارەیەك لە شەهیدانی سەربەرزی کوردستان بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی شەهیدان" دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز حەسەن شەڕەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی بە شێوەی سەمبولیك تاجە گوڵینەی لەسەر گڵکۆی شەهیدانی کوردستان دانا. بەشوێن ئەودا گاردی ڕێزگرتنی پێشمەرگەکانی حیزب بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێزیان لە شەهیدان نا. پاشان ژمارەیەك لە قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی ئازادی دەستە گوڵیان لەسەر



گڵکۆی ئەو پۆلە لە شەهیدانی کوردستان دانا کە لەو گۆڕستانەدا ئارامیان گرتوە. درێژەی ئەو ڕێورەسمە تایبەتە (کە لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب دا) بە بەشداری وەفدی پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عوسمان ئۆجەلان‌و پارتی سوسیالیست بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مەسعوود تەك بەڕێوە چوو بە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان‌و دەقیقەیەك بێدەنگی دەستی پێ‌کرد. پاشان بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی وتارێکی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە. بەشوێن ئەودا بەڕێز مەسعوود تەك سکرتێری گشتیی پارتی سوسیالیستی کوردستان، بەم بۆنەیەوە پەیامێکی خوێندەوە. ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودو شێعرو بابەتی ئەدەبی درێژەی کێشا. لە بەشی کۆتایی ڕێورەسمەکەدا بەشداران سەردانی پێشانگای وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو پەیمانی وەفادارییی بە ئامانجەکانیان لەگەڵ نوێ کردنەوە.

## پێشەوا قازی محەممەد، کەسایەتی‌یەك کە پێش سەردەمی خۆی هاتبووە سەر دنیا

**پەنجاوهەشت ساڵ لەمەوبەر، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، ڕێژیمی گۆڕکراوی شایەتی، پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان‌و حەمە حوسێن خان‌و ئەبولقاسمی سەدری قازی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لەدار دان. ڕێژیمی شایەتی پێی وابوو بە ڕووخاندنی کۆماری کوردستان‌و شەهیدکردنی پێشەوای سەرکۆمار، بیری پێشەواو ڕێبازی کۆمار کە هەمان ڕێبازو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، لەنێو دەباو کوێر دەکاتەوە. بەڵام ئەمڕۆ بە هەوڵی درێژەدەرانی ڕێگای قازی محەممەدو کۆماری کوردستان، بیری ڕزگاریخوازی سەرانسەری کوردستان‌و هەموو ماڵە کوردێکی تەنیوەتەوە. پێشەواو ڕێبازو ئامانجەکەی لە دڵی هەموو کوردێك دا دەژین.**

**گۆڤاری "مەهاباد" لە ژمارە ٤٧ی خۆی‌دا کە هاوکات لەگەڵ یادی ٥٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاو بۆتەوە، وتارێکی دوکتور عەبدوڵڵای ئەبریشەمیی لە بارەی کەسایەتیی قازی محەممەدەوە بڵاو کردۆتەوە. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕاوی هەڵبژاردەیەك لەم وتارەیە:**

قازی محەممەد کەسایەتی‌یەکی کورد بوو کە پێش سەردەمی خۆی هاتبووە سەر دنیا. وردبوونەوە لە ڕەوشتی ئەو لە ژیانی تایبەتی‌و کۆمەڵایەتی‌دا، بە باشی ئەم قسەیەمان بۆ دەسەلمێنی. قازی محەممەد خاوەنی روحێکی دێموکراتانە بوو و گرنگیی بە ئازادی‌و کەرامەتی مرۆڤ دەدا. ئەوەش لە حاڵێك دا بوو کە ئەو سەردەم مافەکانی تاك لە چوارچێوەی نەریتە گشتی‌و بنەماڵەیی‌یەکان دابوون‌و پێوەندیی باوکسالاری‌و خێڵەکی، نەریتە ڕەوشتی‌و کەلتووری‌یەکانی جێگای پەسندی کۆمەڵگای ئێمە بوون.. بەڵام قازی لەوپەڕی هێمنی‌و مەندی‌دا ئەو بەهایانەی بۆخۆی بۆ پاراستنی بەرزی‌و کەرامەتی مرۆڤ باوەڕی پێیان هەبوو، بەڕێوەی دەبردن.

... ژیانی تایبەتی‌و بنەماڵەیی ئەو لە تەنیشت هاوسەرەکەی‌دا، نیشاندەری دێموکرات بوون‌و ئازادیخوازیی ئەو بوون.بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەگەرچی قازی محەممەد مەقامی ئایینی‌و کۆمەڵایەتیی خۆی لەگەڵ نوێخوازی‌دا تێکەڵ کردبوو، بەڵام هارمۆنیایەکی شیاوی ئافەرینی لەو ناتەبایی‌و نەگونجاویانە پێك هێنابوو. ڕاستوێژی‌و گەرم‌وگوڕ بوونی قازی محەممەدو ئارمانجخوازایی بەرزی ئەو، هۆکاری لێك بەستنی ئەو بەها پارادوکسیکالانە بوون.

قازی محەممەد لە هەمبەر کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکانیش دلۆڤان بوو و ڕێزی بۆ مافەکانیان دادەنا. لەگەڵ جوولەکەکانی ناوچە زۆر بە گەرمی‌و خۆمانە دەجووڵایەوە، پارچە زەوی‌یەکی دابوونێ تا وەك گۆڕستانی جوولەکەکان بە کاری بێنن. لە جمهووریی کوردستان دا ڕێگا بە بنەماڵە جوولەکەکان درابوو بۆ گوتنەوەی زمانی عیبری بە مندالانی خۆیان، قوتابخانەی تایبەتی بکەنەوە. قازی محەممەد کە لە قسەکردن دا زمانپاراوێکی کەم وێنە بوو، لە هەموو دەرفەتێك دا بیروڕای پێشکەوتنخوازانەی خۆی بۆ نەوەی لاو باس دەکرد. قازی بەتوندی خوازیاری فێربوونی زانستە نوێ‌یەکان لەلایەن نەسڵی لاوەوە بوو. ئەو دەی‌گوت... لەمەودوا تەنیا بە پشت ئەستوور بوون بە زانستە نوێ‌یەکانە کە دەتوانین ناسنامەی خۆمان بپارێزین.

قازی محەممەد زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە ئێمە داواکاری ئاشتی‌و دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێ‌یەکانمانین. ئەمە نیشانی دەدا کە قازی خوازیاری یەکیەتی‌و هاودڵی لەگەڵ هاوسێکانی گەلی کورد بوو، بەڵام نەی‌دەویست کوردەکان کۆیلەی دراوسێکان یا کەسانی دیکە بن. قازی محەممەد بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا هەوڵی دا لەو شێوەو میتودانە کەلك وەربگرێ کە خەڵك لێك نزیك دەکەنەوە. قازی زانست‌و ئیمانی خۆی کردبوو بە ڕێنوێن‌و ڕێ‌نیشاندەری هەنگاوە حکوومەتی‌یەکان. ترس‌و دڵەکوتەی لە نێو خەڵك دا پێك نەهێنا. لە ڕێگای هێمنانەوە بۆی چوو. ئەمە عەقڵانییەتی سیاسی‌و پراگماتیك بوونی ئەوی دەردەخست.

قازی محەممەد حکوومەتی نەکردە ئامرازێك بۆ وەدەستهێنانی قازانجی تایبەتی خۆی. بەڵکوو قازانجی شەخسی‌و بنەماڵەیی خۆشی نایە خزمەت مانەوەی حکوومەتی کوردستان. کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان حکوومەتێك بوو لە قالبێکی مۆدێرن دا، بە سەرەتاییترین ئیمکاناتی تەکنیکی‌و مرۆیی‌یەوە. قازی ئەوەندە بە دێموکراسی وەفادار بوو کە لە قەیرانیترین هەلومەرجەکانیش دا دەستی لێ هەڵنەگرت... قازی محەممەد بڕیاری یەکجاریی کۆماری کوردستانی [لە بەرامبەر هاتنەوەی لەشکری شا بۆ کوردستان] بەستەوە بە ڕاپرسیی خەڵك. لە کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی خەڵکی ئاسایی‌و کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی مەهابادو دەوروبەر لە بەردەرکی مزگەوتی هەباس ئاغا، هەلومەرجەکەی بۆ شی کردنەوە... کاتێکیش بۆی دەرکەوت بەرەنگاری ڕۆڵێکی کاریگەری نابێ، هەوڵی عەقڵانیی خۆی دەست پێ‌کرد تا جێگۆڕکێی دەسەڵات بە شێوەیەك بەڕێوەبچێ کە ئاڵۆزی‌و بشێوی لە ناوچەدا پێك نەیەو خەڵك تووشی ئەو چارەنووسە نەبن کە هاوتاکانیان لە ئازەربایجان تووشی ببوون.

قازی محەممەد ڕێگایەکی هەڵبژارد کە ناچار بوو گیانی خۆی فیدای ئاسایش‌و خەڵکی ناوچەکە بکا. ئەو، ئەم فیداکاری‌یەی بە ئازایەتی‌یەکی بێ‌وێنەوە قبووڵ کردو وانەیەکی گەورەی لە پاکی لە سیاسەت دا بۆ کەسانی دوای خۆی بە جێ‌هێشت. چونکە دڵنیا بوو کە لە پاش مردنی ئەویش، بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بەهێزتر دەبێ، هەرواش بوو.

بەجۆرە کوردستان کەسایەتی‌یەکی لە دەست دا کە لە وجوودی خۆی‌دا ئیمانی مەزهەبی، بەها نوێ‌یەکان‌و باوەڕە ئەخلاقی‌یە ئەساتیری‌یەکانی لێك کۆ کردبوونەوە. یادی بەڕێزو ڕێگاکەی کە نوێنگەی ئاگایی، فیداکاری‌و وەفاداری بوو، پڕ ڕێبوار بێ.

### بە بەشداریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو چەندین کەسایەتیی سیاسی‌و ڕووناکبیرو نووسەری کوردستان

## لە سلێمانی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە پێشەوا قازی محەممەد پێك هات



لەژێر دروشمی "نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین" کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆی پێنج شەمە ٣١ی مارس، کۆڕیادی ڕێزگرتن لە کەسایەتی‌و تێکۆشان‌و بیروباوەڕو ئامانجەکانی سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد لە هۆڵی تەندروستیی، کاری خۆی دەست پێ‌کرد.

بە دوای هەڵکرانی ئاڵا لەلایەن مامۆستا محەممەد شاپەسەندی‌و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، بەڕێز ئازاد جوندیانی لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری ڕێورەسمەکەو بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وتەیەکی پێشکێش کرد. پاشان بەڕێز عومەر فەتاح سەرۆکی حکوومەتی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) لەبارەی بەڕێوەچوونی ئەو کۆڕە لە سلێمانی‌و ڕۆڵی پێشەواو کۆماری کوردستان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی‌دا بۆ بەشداران دوا. کۆڕیادەکە بە چەند وتەیەکی کاك عەلی قازی کوڕی پێشەواو وتارێکی کاك عەلی سەیفی قازی کوڕی حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی درێژە پێدرا.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا، زیاتر لە دە کەسایەتیی سیاسی، ئاکادیمی، ڕووناکبیرو کەلتووری کە زۆربەیان کوردی ئێرانی بوون‌و لە کوردستانی ئێران‌و لە ئورووپاوە بانگهێشتن کرابوون، ئەو وتارو باس‌و لێکۆڵینەوانەی بۆ ئەو ڕێورەسمە ئامادەیان کردبوو، پێشکەشیان کرد کە بریتی بوون لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، دوکتور یاسین سەردەشتی، ئەمیر قازی، هێمن سەیدی، فاتیح ڕەسووڵ، سەعید ساعیدی، بێهزاد خۆشحاڵی، حەسەن سەلاح سۆران، سلێمان چیرەو حەسەن ئەیوب زادە.

هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە سەرەتای قسەکانی‌دا سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌و لیژنەی ئامادەکاری ڕێورەسمەکەی کرد هەم سەبارەت بە پێکهێنانی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە پێشەوا قازی محەممەد، هەم بەو بۆنەیەوە کە لەبیریان بووە درێژەدەرانی ڕێگای کۆماری کوردستان‌و قوتابیانی پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئەو ڕێورەسمە بانگهێشتن بکەن.

٥

## لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا، خەڵکی مەهاباد چوونە سەر گڵکۆی پێشەوا قازی

بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان‌و ساڵیادی شەهیدکرانی "پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی"، خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەی مەهاباد بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید قازی محەممەدو هەموو شەهیدانی ڕێگای کوردستان‌و بە مەبەستی نوێکردنەوەی پەیمان‌و بەڵێن لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی پێشەوای شەهیدا، لەسەر گڵکۆی سەرکۆماری کوردستان کۆبوونەوە.

هەرچەند ڕێژیمی دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامی ویستی لە ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە پێناو قازانجی خۆی‌دا کەڵك وەربگرێ، بەڵام بە هەوڵ‌و تێکۆشانی خەڵکی دڵسۆزی مەهاباد، ڕێورەسمێکی بەشکۆ کە چەند کەس تێی‌دا وتەیان پێشکەش کرد، بە بەشداریی ژمارەیەکی بێ‌وێنە لە خەڵك پێك هات.

لەم ڕێورەسمەدا چەند کەس شێعرو هۆنراوەیان خوێندەوەو هەروەها بەشێك لە وەسیەتنامەی شەهید قازی محەممەد لە نێو بەشداران دا بڵاو کرایەوە.

هەروەها گروپێك بە ناوی "فیداییانی هەمزەئاغای مەنگوڕ" لە پەیامێك دا کە پێشکەشیان کرد، چەندجار باسی "شەهیدانی سەربەرزی ڤییەن‌و بێرلین"یان کرد. لە کۆتایی ڕێورەسمەکەدا سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" خوێندرایەوە.

## ئێران لەژێر ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ "مواد مخدر"دا چەك‌و کەرەستەی گرنگ بۆ مەبەستی دیکە وەدەست دێنێ

هەواڵدەریی ئاسۆشیتێدپرێس پشت ئەستوور بە بەڵگەنامەیەکی نێوخۆیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، و لە زمانی دەڵاڵەکانی چەك‌و دیپلوماتە ڕۆژئاوایی‌یەکانەوە ڕای‌گەیاند: "ئێران هەزاران چەکی بچووکی خاوەن تێکنۆلۆژیی بەرزو کەرەستەی سوپایی وەك تفەنگەکانی "ئارمور پیرسینگ"و چاویلکەکانی بینین لە شەوی‌دا هەن کە لە ڕێگای ڕێککەوتنی قانوونیی تایبەت بە چەك کڕین‌و بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ مادده بێهۆشکەرەکان دا وەدەستی هێناون." ئەم هەواڵدەری‌یە هەروەها گوتی: "تاران لە هەوڵی پەسندکرانی ڕایەڵکەیەکی مانگی دەسکرد دایە کە بودجەکەی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دابین دەکرێ. ئێران دەڵێ لەم ڕایەڵکەیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخچی‌یەکانی مادە بێهۆشکەرەکان کەڵك وەردەگرێ. ئەمریکا نیگەرانی ئەوەیە کە ئێران لەو ماهوارەیە بۆ جاسووسی لەسەر ئەمریکایی‌یەکانی نیشتەجێی عێراق‌و ئەفغانستان‌و هەرچەشنە بەرنامەیەکی جاسووسیی ئەمریکا لە نێو خاکی ئێران دا، کەڵك وەربگرێ."

لە ڕاپۆرتی ئاسۆشیتێدپرێس دا هاتوە: "کاربەدەستانی ئەمریکایی‌و ئاژانسە نادەوڵەتی‌یەکان بە بەڵگەوە سەلماندوویانە کە بلارووس‌و چین، تانك‌و مووشەکی دژە پاپۆر، هەروەها هێلیکۆپتێرو پارچەو کەلوپەلی تایبەت بە تۆپخانەیان بە ئێران فرۆشتوە." بەپێی ئەو ڕاپۆرتە لەنێو ئەو چەکانەدا کە بە قاچاخ بە ئێران فرۆشراون دوازدە مووشەکی کرووز هەن کە دەتوانن کڵاوەی ناوکی لەگەڵ خۆیان ڕابگوێزن. ئەو مووشەکانە چوار ساڵ لەمەوبەر لەلایەن دەڵاڵانی چەکی ئۆکراینی گەیەنراوە بە ئێران.

ماڵپەڕی: اخبار روز

# پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە،

## لەلایەن بەڕێز ڕۆستەم جیهانگیرییەوە

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**بنەماڵــەی ســەربەرزی شــەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان!**


**پێشمەرگە دلێرەکان! ڕێبـوارانی بـە ئەمەگی ڕێبازی سووری شەهیدان!**

ئەم ساڵ لە کاتێك دا یادی شـەهیدانی سوور خەڵاتی حیـزب و گـەل دەکەینـەوە، کە ٥٨ ساڵی تەواو بە سەر شەهید کرانـی ڕێبـەری حێزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و سـەرۆك کۆمـاری شـەهیدی کوردسـتان، قـازی محەمـەدی نـەمردا تێدەپەڕێ. حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران، ڕۆژی ١٠ی خاکـەلێوەی بـە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانی نـاودێر کـردوە، تـا کۆمەڵانی ئازادیخوازو ڕێبوارانی ئازادی لە گەڵ ڕوانی گوڵاڵـەی سـووردا، یـادی ئـەو ڕۆڵە خەباتکارانەی ڕێگای ئازادی بکەنەوە کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجـە نەتەوایـەتی و مروڤایەتی‌یـەکانی نەتەوەکـەمان، بــە دڵاوایی‌یـەوە، گیـانی پاکیـان بەخشـی‌یە بارەگای ئازادی تا هاونیشـتمانەکانیان لـە سـایەی ئـەو بـەرخۆدان و قوربانی‌یـەدا، بتوانن لە کەشوهەوایەکی باشتردا، پـڕ بـە سیەکانیان هەوای ئازادی هەڵمژن.

ڕێژیمی پەهلەوی لـە ١٠ی خاکـەلێوەی سالی ١٣٢٦ی هەتاوی دا بە مەبەستی لە نێــو بردنــی کۆمــاری کوردســتان و تواندنەوەی بزاڤی میللـی ـ دێمـوکراتیکی گـەلی کـورد بـە ڕێبەرایـەتیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، سـەری ڕێبەری حێزبی دێمـوکرات و سـەرکۆماری کوردستانی کردە نیشانە، تـا بـە خـەیاڵی خــاوی خــۆی، ئارمانجــەکانی بزاڤــی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردسـتانی ئێـران دا هاوکـات لـە گـەڵ پێشـەوا دا بخنکێنێ. بەڵام نەك هـەر نـەی‌توانی لـەو پێوەندی‌یـەدا بـە ئامانجـە نامرۆڤانـەکانی بگا، بەڵکوو پێشەواو خوێنە ڕەنگینەکـەی بوونە مەشخەڵێکی پرشنگدار بـۆ ڕوونـاك کردنـەوەی ڕێگـای پـڕ لـە کەنـدو لەنـدی خەبات و سەدان و هەزاران ئازادیخوازی بـە ورە ڕێگای پڕ مەترسی و لە هەمان کـات دا پڕ لە شانازی و سـەروەریی پێشـەوایان هەڵبژارد. چەند ساڵ دوای لە سـێدارەدانی ڕێبـەری حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، خەباتکارانی شۆڕشە چـەکداری‌یەکەی ٤٧ ـ ٤٦ بـە شـریخەی تفـەنگ و بانگـەوازی هەقخوازانـەیان، کاربەدەسـتانی ڕێـژیمی پاشایەتیان داچـڵەکاند و نیشـانیان دا کـە "شۆڕش کز دەبێ بەڵام نامرێ".

هەرەسـهێنانی ڕێـژیمی پەهلـەوی لـە سـاڵی ١٣٥٧ دا، سـەلماندی کـە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان و ڕێبەرە شـەهیدەکەی ڕەوان و پێشـوازیی کۆمـەڵانی بـە شـەڕەف و مـافخوازی کوردسـتانیش لـە حیزبـی خۆشەویسـتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پەردەی لـە سەر ئەو ڕاسـتییە هەڵدایـەوە کـە قـازی محەمەد بۆتە سەمبولی ئامانجـە ڕەواکـانی نەتـەوەی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران‌و خوێنی گەشی بۆ ڕزگـاریی کوردسـتان بـە فیرۆ نەچووە.

پشتیوانیی بێدریغی کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتان لـە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، دوای پـاوانکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن سـەرەڕۆیی مەزهەبی‌یەوە، جارێکی دیکە ئەوڕاستییە بـۆ هـەمووان ئاشـکرابوو کـە کۆمـەڵانی خەڵکی کوردستان تا وەدیهـاتنی هـەموو ئامانجە ڕەواکـانی شـەهیدان، دەسـت لـە خەبات و تێکۆشان بـۆ دەسـتەبەر کردنـی مافـە ڕەواکانیـان هـەڵناگرن. ڕێـژیمی سەرەڕۆی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران کـە هـیچ پەنـدێکی لـە ڕێـژیمی هەڵوەشـاوەی پەهلەوی وەرنـەگرتبوو، جیـا لـە شـەهید کردنی هـەزاران پێشـمەرگەی کوردسـتان، سەری هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور قـاسملووی کـردە نیشـانەو لـە سـەر مێـزی بـە نـاو وتووێژدا ڕێبەری بایەبەرزی حیزبەکـەمانی تیرۆر کرد تـا هاوکـات لـە گـەڵ تـیرۆری مێشـکی بیرمەنـدی بزاڤـی میللـی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لـە کوردسـتانی ئێران دا، بە خەیاڵی خاوی خۆی، حیزب و گەل پێکـەوە تـیرۆر بکـا. بـەڵام دروشـمی دوژمن شکێنی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" کـە لـە گـەرووی هـەزاران لاوی شــارو گونــدەکانی کوردســتان دا دەهاتە دەر، بۆ جـارێکی دیکـە ئاخونـدە دەسەڵاتبەدەسـتەکانی تـارانی وە ئاگـا هێنایەوەو بۆ هەمووان ئاشـکرا بـوو، کـە دەکـرێ تاکـە کەسـێك، ڕێبـەرێك و تێکۆشەرێك تیرۆر بکرێ، بـەڵام هـەرگیزاو هەرگیز بزووتنەوەیەکی مافخوازو ڕیشەدار تیرۆر ناکرێ.



ڕێـژیمی سـەرەڕۆی ئاخونـدی کـە لـە خـەباتی بێوچـانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و پشـتیوانیی هەمـە لایەنەی خەڵك لەو خەباتـە هەقخوازانەیـە بە تەواوی دەستەوەستان مابۆوە، جـارێکی دیکە ئەو پیلانـە نامرۆڤانەیـە لـە هـزری دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم دا چەکەرەی کرد کە بۆ ڕزگاربوون لەو شۆڕشە قووڵ و هەمە لایەنەیە دەبێ سـەری ڕێبـەرانی حیـزب و گەل بکرێتە ئامانج. بۆ جێبـەجێ کردنـی ئەو مەبەسـتە نامرۆڤانەیـە، ڕێـژیم چـەند تیرۆریسـتیکی ڕەوانـەی ریسـتورانی میکونـووس کـردو ڕێبـەری لێوەشـاوەی حیزب کاك دوکتور سـەعید و هاوڕێیـانی بە غەدرو تاریکی و شەهید کـردن. بـەڵام شەهید بوونی ئەو پۆلە تێکۆشـەرەش، نـە تەنیا مەبەستە گلاوەکـانی ڕێـژیمی بـەدی نەهێنا، بەڵکوو دادگای مێژوویی بێرلینی لێ کەوتـەوەو لـەو دادگـا عادیلانەیـەدا ڕێبـەرانی پلـە یـەکی ڕێـژیم بـە تاوانبـار ناسران و زەنگی ریسوایی و بـێ ئابرووی ئەو ڕێژیمـە دژی گەلی‌یـە لـە سەرانسـەری جیهاندا لـێ درا.

بەوپەڕی شانازی‌یەوە، ڕادەگەیەنین کـە سـەرەڕای شـەهید کرانـی سـێ ڕێبـەری لێوەشاوەی بزاڤی میللـی ـ دێمـوکراتیکی گەلی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران و لـە خوێن شەڵاڵبوونی هەزاران ڕۆڵـەی دلێـر و جـوامێری ئـەم نیشـتمانە ڕەشپۆشـە، کوورەی خەبات و تێکۆشان نـەك هـەر لـە کزیـی نـەداوە، بـەڵکوو ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ زیاتر گڕ دەگرێ و کڵپە دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران، حیزبـی قـازی، قـاسملوو، شـەرەفکەندی‌و هەزاران ڕۆڵەی بە ئەمەك لە سـایەی ئـەو خوێنە گەشانە و ئـەو ڕێبـازە پرشـنگدارە دا، بۆتە سنەوبەری چوار وەرز سـەوزو بـە چەشنێ ریشەی لە خاکی پاکی کوردسـتان دا داکوتـاوە، کـە هـیچ گـەردەلوول‌و ڕەشـەبایەك ناتوانـێ بـە چۆکی دابێنـێ. بێگومـان بـەرخۆدان و بـەرەو پێشچـوونی ئەو خەباتە لـە پلـەی یەکـەمدا قـەرزداری خوێنی گەش‌و بـە ناهـەق ڕژاوی هـەزاران شەهیدی سوورخەڵاتی نەتەوەکـەمان‌و لـە خـۆبردوویی‌و ڕوو سـووریی خێزانـی سەربەرزی شەهیدان، و لە پلەی دووهـەمدا خـۆراگری‌و خـەباتکاری و کۆڵنـەدانی کۆمـەڵانی خـەڵك و حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێرانە.

شـەهیدان، ئـەو ڕۆڵـە جوامێرانـەی نەتەوەکـەیانن کـە لـە پێنـاوی گـەل و سەربەرزیی نیشتمان دا، ڕوویان لە هەموو شـادی و چـێژەکانی ژیـان وەرگێـڕا تـا ژیانێکی شـیاوو سـەردەمیانە بـۆ نەتـەوە بندەستەکەیان دەستەبەر بکەن.

شەهیدان، بۆ ئێمە ڕێبوارانی شێلگیری ڕێگایـان، سـەمبولی لـە خـۆبردوویی، ڕاسـتگۆیی و هـەق وێـژی و خـەباتی بێوچـانن. ئـەوان ئـەو چـاوە هەمیشـە بێدارانـەن کـە داوامـان لێ دەکـەن بـۆ چرکەیەکیش بـووە، نـەهێڵین ئـەو ئـاڵا پیرۆزەی کە ئەوان بەوپـەڕی دڵسـۆزی‌یەوە شەکاوەیان ڕاگرتبوو، بکەوێتە سەر زەوی.

شەهیدانی هەرگیز نەمر! ئارام بنـوون و دڵنیا بن، دوای کۆچی لە ناکاوی ئێوە و تەنانەت بۆ چرکەیەکیش ئەم کاروانە بـێ ڕێبوار و ئەو سەنگەرانە بـێ پێشمەرگە و ئەو پێنووسانە بێ قامك و ئەو چەکانەش بـێ مـەچـەك نەماونەتـەوە. دوای ئێـوە، نەتەوەیـەك بـە شـوێنتان دا کەوتۆتـە شـەپۆڵان. ئێـوە قوتابخانـەی فیداکاری‌و ئـەڤین و بـەرخۆدانن. ئێـوە خـۆرن، گـەل ئاوێنە. ئێـوە درەخـتن، گـەل گـەڵا، ئێـوە دەریان و گەل شەپۆل.

**هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی ڕێبەرانی شەهید قازی، قـاسملوو، شـەرەفکەندی و هــەموو شــەهیدانی ڕێگــای ڕزگــاریی کوردستان!**

**سلاو لە بنەماڵەی سەربەرزو خۆراگری شەهیدان!**

**سلاو لە زیندانیانی سیاسی لە بەنـدی بێدادیدا!**

**بڕووخـێ ڕێـژیمی سـەرەڕۆی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران**

**ســەرکەوێ بزاڤــی میللــی ـ دێموکراتیکی کوردستان بە ڕێبەرایـەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.**

**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/١/١٠**

***

## پەیامی بەڕێز کاك مستەفا هیجری بۆ کۆنگرەی حیزبی سوسیالیستی چە پی نۆروێژ

**بەڕێز خاتوو مونیکا ئادرسێن!**

**دەبــیری پێوەندی‌یــە نێونەتەوەیی‌یــەکانی حیزبــی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ،**

**هاوڕێی بەڕێز!**

نامەکەتانم پێ‌گەیشت کە بانگهێشـتتان کردبـووین بـۆ بەشداری لە کۆنگرەی حیزبەکەتاندا کە بڕیارە لە ڕێکەوتی ٣١ی مـارس تـا ٣ی ئـاوریلی ٢٠٠٥ بەڕێوەبچـێ، لـەو پێوەندی‌یەدا زۆر سوپاستان دەکەم.

لەو دەرفەتە کەڵك وەردەگرم‌و وێڕای پیرۆزبایی‌و هیـوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەو وەدیهـاتنی ئامانجـە بـەرزەکانتان، پێم خۆشە لەو بارودۆخە کارەساتبارەی کە خەڵکی ئێـران‌و بەتایبەت گەلی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـراندا لەگەڵـی دەستبەیەخەن، ئێوە بەشدارانی کۆنگرە ئاگادار بکەمـەوە: ڕێژیمی سەدە ناوەڕاستیی کۆماری ئیسلامی هـیچ چەشـنە ڕەوایی‌یەکی نەماوەو تەنیا بە کەڵکوەرگرتن لـە سـەرکوتی توندوتیژو لە سایەی سیاسەتی نەرمکێشانی دێموکراسی‌یە ئوروپایی‌یەکاندا کە لە ژێـر نـاوی "سیاسـەتی دیـالۆگی ڕەخنەگرانە"دا بەڕێوەدەچێ، توانیویەتی خۆی ڕابگرێ. بـە سەرنجدان بەوەی کە ئـەم سیاسـەتە لـە بـواری مافـەکانی مرۆڤـو ئازادی‌یە دێموکراتیکەکاندا، ناکاراو سەرنەکەوتوو بووە، بەڕای ئێمە کاتی ئەوە هاتووە کە دێموکراسی‌یەکانی ئوروپا بە سەرنجدان بە ڕەوشی ئۆبژکتیڤی ئێران، لـە بـاتی سازان لەگەڵ ڕێژیمدا، لە خەباتی بوێرانـەی گـەلانی ئێـران بەتایبەت گەلی کـورد بـۆ سـەقامگیرکردنی دێموکراسـی، ئاشتی‌و عەدالەت پشتیوانی بکەن.

پێویستە ئاگادارتان بکەمەوە کە هەیئـەتێك لـە لایـەن حیزبی ئێمەوە چالاکانە بەشداری لە کۆنگرەکەتاندا دەکا.

**لەگەڵ ڕێزو سلاوی برایانەدا**
**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**پاریس ٢٠٠٥/٣/٢٨**

## ڕا پۆرتی ڕۆژنامەی "EL MUNDO"

## لەسەر دامەزرانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"

### ئۆپۆزیسیۆنی ئێران یەکدەگرێ بۆ گۆڕانی وڵات بە شێوەی فیدرال

مانوئیل مارتوئێل:

حەوت ڕێکخـراوی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی کـە نوێنەرایـەتیی جووڵانـەوەی عـەرەب، کـورد، تورکمـەن، ئـازەری‌و بـەلووچ دەکـەن، لـە بانگـەوازێکی نێونەتـەوەیی‌دا، داوای ڕووخـانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن‌و خوازیاری دامەزرانی سیستمێکی فیـدراڵێن لـە شـێوەی ئـەو مۆدیلە فیدرالیسـتی‌یەی کـە لـە وڵاتـی عێـراقدا پیادە دەکرێ.

حـەوت گرووپـی نـاوبراو لـە کۆتایی‌یـەکانی مانگی فێوریەی ئەمساڵدا لە لەندەن کۆبوونـەوەو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان پێك هێنـاو لـە یەکـەمین ڕاگەیەنـدراوی فـەرمی‌دا، داوای پشتیوانییان لە ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە دێموکرات‌و لیبراڵ‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێران‌و دەرەوەی وڵاتدا کرد.

پێکهێنەرانی سەرەکیی ئـەو کۆنگرەیـە بـریتین لـە دوو ڕێکخـراوی کـورد ـ حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران‌و کۆمەڵـە ـ دوو ڕێکخـراوی بەلووچ ـ بەرەی یەکگرتووی بەلووچسـتان‌و حیزبـی خەڵکی بەلووچ، ڕێکخراوێکـی ئـازەری بـە نـاوی جووڵانـەوەی فیـدراڵ دێمـوکرات‌و جووڵانـەوەی دێموکراتیـك‌و هاوپێوەنـدیی ئـەهوازو ڕێکخـراوی پشـتیوانی لـە مافـە نەتەوەیی‌یـەکانی گـەلی تورکمەن.

سەرچاوە ئاگادارەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی، ئەو یەکگرتنە بە هەوڵـێ بۆ پێکهێنانی بەرەیـەکی فراوانی نەتەوایەتی بـە دژی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران لەقەڵـەم دەدەن، چـونکە لەڕاسـتی‌دا، گـەلی فارس لە ئێراندا لە بەراورد لەگـەڵ کـۆی گـەلانی ئێراندا دەبێتە "کەمینە".

ئەو قسەیە لە ئێراندا بڵاو بۆتەوە کە دەگوترێ ژمارەی تورکەکان لە ئێراندا لە ژمارەی فارسەکان زیاترە. حەشیمەتی کوردەکان بە ٤ تا ١٠ میلیـۆن کەس مەزندە دەکرێ کە یـەکێك لـە کەمایەتی‌یـە هەرەگرنگـەکانی ئێـران پێـك دێـنن. عـەرەب‌و بەلووچەکانیش کە لە نزیـك سـنوورەکانی عێـراق‌و پاکستاندا دەژین، دوو کەمایەتیی دیکەی ئێرانن.

بەرپرسـانی کـۆنگرەی نەتـەوەکانی ئێرانـی فیدراڵ، دوێنێ ڕایـانگەیانـد کـە لـە کۆبوونـەوەی داهـاتوودا بـاس‌و وتووێـژ لەسـەر پێکهێنـانی هەیئـەتی ئیجرایـی، توانـاو شـێوەی بڕیـاردان‌و بەخشینی شوناسی سەربەخۆ بە کۆنگرە دەکرێ تـا کـۆنگرە بتوانـێ بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ کـارو چالاکی‌یەکانی پراکتیزە بکـاو لـە کـۆڕو کۆمەڵـە نێونەتەوەیی‌یەکاندا ئامادە بێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا کـە لـە ڕۆژانـی ٢٦و ٢٧ی مانگی مارسدا پێك دێ، پێشبینی ئـەوە دەکـرێ کە لەسەر چۆنیەتیی وەرگرتنـی ئەنـدامانی نـوێ، ڕێکخـراوو کەسـایەتی، وتوویـژ بکرێ. چـونکە چـاوەڕوان دەکـرێ ڕێکخـراوی دیکـەی وەك "قەشقایی‌یەکان"و... بچـنە نێـو ئـەو کـۆنگرە نوێیـەی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـەوە. کـۆنگرە لـە یەکەمین ڕاگەیەندراوی خۆی‌دا چەند ئامانجی دیاری کردون کە بریتین لە:

ـ ڕووخاندنی ڕێژیمی بنـاژۆی ئێسـتای ئێـران، بێ وەلانانی هیچ کام لە شێوەکانی خـەبات‌و یـەك لەوان خەباتی چەکدارانە

ـ جودایی ئایین لە دەوڵەت

ـ لەنێوبردنی هەموو چەشـنەکانی هـەڵاواردنی جینسی‌و چەسپاندنی مـافی بەرابـەریی ژن لەگـەڵ پیـاودا، لـە هـەموو بـوارە سیاسـی‌و ئـابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکاندا

ـ پشتیوانی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسـی گەلانی ئێران

ــ دادپـەروەریی کۆمەڵایـەتی، ئـازادیی ئەندێشـەو ڕادەربـڕین‌و پێکهێنـانی ڕێکخـراوی سیاسی‌و چارەسەرکردنی کێشـە سیاسـی‌یەکان لـە ڕێگای ئاشتیخوازانەو دیالۆگەوە

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، ئامادەیی خۆی بۆ خەبات دژی تیرۆریزم‌و چـەکی کۆمـەڵکوژ دەربڕیوەو ئەوەش بە چراسـەوزێك بـۆ کۆمـەڵگای نێونەتەوەیی دەژمێردرێ.

شایانی باسە ڕۆژنامـەی "EL MUNDO" لـە ڕێکـەوتی ١٦ی مارسـی ٢٠٠٥دا، بابـەتێکی سیاسیی بە قەڵـەمی مانۆئێـل بـڵاو کـردەوە کـە پێوەنـدی بـە تیرۆریزمـەوە هـەبوو. لـەو بابەتـەدا "مانۆئێـــل مارتوئێـــل" دەنووســـێ وڵاتـــانی ڕۆژئـاوایی، دەبـێ لـەباتی ڕاگەیەنـدراو، بـە شـێوەیەکی پراکتیکـی پشـتیوانی لـە هێـزە پێشکەوتنخوازەکان‌و بەتایبەت لە کوردەکان بکـەن چـونکە ئـەوان لـە بـەرەی یەکـەمی خـەبات دژی تیرۆریزم دان.

***

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە شاری بریزبن

ئێـــــوارەی ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٣٠ی زایینی، بە بۆنـەی ١٠ خاکـەلێوە ـ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ـ کـۆڕێکی تایبـەت بـەم ڕۆژە لـە هۆڵـی ڕادیـۆی EB٤ لـە شاری بریزبن بە بەشداریی ژمارەیـەك لـە کوردەکان پێك هات. سەرەتا یەك دەقیقـە بێدەنگی بـۆ ڕێزگـرتن لـە گیـانی پـاکی شەهیدانی کوردسـتان ڕاگەیەنـدراو پـاش خوێندنەوەی سروودی "ئـەی شـەهیدان"، بـەڕێز کـاك "قـادر عەبـدی" بـە وردی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵەی "ژ ـ ك"و حیزبی دێموکرات‌و کەسایەتیی پێشـەوای نـەمر دوا. بـە دوای ئـەودا ژیاننامـەی پێشەوا لە لایەن بەڕێز کـامران سـوهرابی خوێندرایـــەوە، پـــەیامی یەکیـــەتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە لایـەن بـەڕێز ئالان کوردۆوە پێشکەش کراو دواتر بەڕێز فازل ڕوسـتەم، وتەیـەکی کـورتی لەسـەر قـازی محەمـەدی نـەمرو ئاڵوگـۆڕەکـانی ئێستای بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، پـەیامی کومیتـەی بریزبنـی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران لـە لایـەن کاك سـەلاح پوورئەسـەدەوە پێشـکەش کرا.

## بڕووخـێ ڕێژیمـی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئــێران

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب

## دیدار لەگەڵ سەرۆکی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئورووپا

ڕۆژی سێشەممە، ١٥ی مارسی ٢٠٠٥، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە برۆکسێل، پایتەختی وڵاتی بێلژیك لە پارلمانی ئورووپادا، چاوی کەوت بە بەڕێز ئێلمار بڕۆك (Elmar Brok)، بەرپرسی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئورووپا.

لەو دیدارەدا، ڕێزدار مستەفا هیجری، تیشکی خستە سەر ڕەوشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو ڕەوشی هەستیاری ئێرانو کوردستان بەتایبەتیو پێشێلکارییە توندو بەردەوامەکانی ئازادییە دێموکراتیکەکانو مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، نەبوونی ئازادیی رادەربڕینو ئەندیشە، ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو، ئازادیی چاپەمەنیو دەستگیرکردنی ڕۆژنامەڤانان، ڕووناکبیرانو خوێندکارانو جیابیرانو هەڵاواردنی توند دژی ژنانو درێژەدان بە سەرکوتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەگشتیو گەلی ئازادیخوازی کورد بەتایبەتی، بە نموونەگەلێکی زەقو بەرچاو لەقەڵەم دا کە هیچ گومانو دوودڵیی‌یەکی سەبارەت بە سەرەڕۆیی ئەو ڕێژیمە لە بیروڕای گشتیدا نەهێشتۆتەوە.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا، سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپای لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی "دیالۆگی ڕەخنەگرانە"دا بە سیاسەتێکی ناسەرکەوتوو نرخاند.

ڕێزدار کاك مستەفا هیجری ڕای‌گەیاند کە پێویستە گوشاری ئورووپاو ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە وازهێنانی ئەو ڕێژیمە لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیدا کورت نەکرێتەوە، بەڵکوو دەبێ نارەزایەتیی توند دژی ئەو ڕێژیمە سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤو مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، دەربڕنو ئەو گوشارە تا ئەو ئاستە ببرێتە پێشەوە کە پێوەندییە بازرگانی‌یەکانی ببەسترێتەوە بە پاراستنی ئەو مافانەوە. ڕێزدار کاك مستەفا هیجری لە درێژەی وتەکانی‌دا ڕای‌گەیاند "هاوکات لەگەڵ درێژەکێشانی سیاسەتی سەرکوتدا، خەباتی خەڵکی ئێرانو نەتەوەکانی ئێران، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، زیاتر لێك نزیك دەبێتەوەو ئەو ڕەوتە تا کۆتایی‌هێنان بە دۆخی نالەباری ئێستاو دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیكو پلورالیستی بە سەرنجدان بە واقعییەتی فرەنەتەوەیی‌بوونی ئێران، بە وزەوە بەرەوپێش دەڕوات. بەڕێزیان دامەزراندنی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرل"ی بە نموونە هێنایەوە کە لە ٢٠ی فێوریەی ٢٠٠٥دا لە شاری لەندەن بەستراو حەوت حیزبو ڕێکخراوی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی لە کۆنگرەیەکدا کۆکردەوەو ئەو هەنگاوە گرنگەی بۆ چالاکیو خەبات لە پێناوی دێموکراتیزەکردنی ئێراندا بە وەرچەرخانێکی چارەنووسساز هەڵسەنگاند.

بەدوای ئەودا، بەڕێز بڕۆك، سەرۆکی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئورووپا، دوای سوپاسی ئامادەبوونی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب ڕایگەیاند کە پێکهێنانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" هەنگاوێکی بەجێ بوو چونکە چیدی ڕێژیم ناتوانێ ئێوە بە جودایی‌خواز لە قەڵەم بداو لە لایەکی دیکەوە ئەو ویستو داخوازییانەی کە خستووتانەتەڕوو، ویستو داخوازیگەلێکن کە لەگەڵ یاساو ڕێساکانی یەکیەتیی ئورووپادا تەبان. ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی: پارلمانی ئورووپا، ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییە بازرگانی‌یەکانی لەگەڵ ئێراندا، بەستۆتەوە بە دوو مەسەلەی گرنگەوەو پێیان لەسەر دادەگرێت کە بریتین لە:

١ـ پاراستنی مافەکانی مرۆڤو یەك لەوان مافی کەمینەکان

٢ـ وازهێنان لە بەرنامەی ناوکیی بە مەبەستی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی

شایانی باسە کە لەم دیدارەدا، کاك خوسرەو عەبدوڵلاییو کاك میرۆ عەلیار، ئەندامانی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب، هاوڕێیەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجرییان دەکرد.

## دیدار لەگەڵ بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی گرووپی چەپی یەکگرتوو لە پارلمانی ئورووپا

ڕۆژی چوارشەممە، ١٦ی مارسی ٢٠٠٥، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاوی کەوت بە بەڕێز ویلی مێیێر (Willy Meyer)، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی گرووپی چەپی یەکگرتوو لە پارلمانی ئورووپادا.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا، تیشکی خستە سەر سەرکوتە سیستماتیکەکانی ڕێژیمو پێشێلکردنی سەرەتایی‌ترین مافو ئازادیی‌یەکانی خەڵکی ئێرانو لەسەر پێویستیی پشتیوانیی جیهانی لە هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکانو کۆڕو کۆمەڵەکانی پارێزگاریی لە مافی مرۆڤ لە خەباتی خەڵکی ئێرانو گەلانی بندەستو بەتایبەتی گەلی کورد، پێی داگرتەوەو ڕایگەیاند کە پێشمەرجی ڕزگاربوونی ناوچەکە لە سیستمی بناژۆو سەدە ناوەڕاستیو تیرۆریستپەروەر، دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی خەڵکسالارە. پاشان بەڕێز مێیێر، سوپاسی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی کرد بۆ ئامادەبوونی لە پارلمانی ئورووپاداو جەختی لەسەر پێویستیی پشتیوانیی شێلگیرانە لە خەباتی خەڵکی ئێران بەگشتیو بەتایبەت خەباتی خەڵکی کوردستان کردەوەو بەڕێز کاك مستەفا هیجریی لەوە دڵنیا کردەوە کە وتەکانی بەڕێزیان بە ئەمانەتەوە بە ئاگاداریی ئەندامانی گرووپی چەپی یەکگرتوو لە پارلمانی ئورووپادا، دەگەیەنێو لە لایەن خۆیشی‌یەوە بەڵێنیدا کە لە پارلمانی ئورووپادا پشتیوانی لە بزاڤی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بکاو هەروەها پەردە لەسەر کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕێژیم هەڵداتەوەو لەو پێناوەدا خۆی لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێك نەبوێرێ.

## دیدار لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپاو بەرپرسی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل

ڕێکەوتی ١٦ی مارسی ٢٠٠٥، بەڕێز کاك مستەفا هیجری لە ساختمانی ئەنستیتۆی کورد لە برۆکسێل، چاوی کەوت بە بەڕێزان "یان بێگەن"، جێگری سەرۆکی پارلمانی برۆکسێلو دۆستی وەفاداری کوردو "دەروێش فەرحۆ"، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە برۆکسێلی بێلژیك. لەو دیدارە دۆستانەیەدا، سکرتێری گشتیی حیزب تیشکی خستە سەر ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو بەتایبەتی ڕەوشی هەستیاری ئێرانو کوردستانو جەختی لەسەر خەباتی شێلگیرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالیستی لەسەر بنەمای نەتەوەیی ـ جوگرافیایی کردەوە. بەڕێزان "یان بێگەن"و "دەروێش فەرحۆ"ش خۆشحاڵیی خۆیان لە سەردانەکەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب دەربڕیو هیوای سەرکەوتنیان بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان خواست.

## کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی بێلژیك

ڕۆژی ١٦ی مارسی ٢٠٠٥، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا کرد کە کومیتەی حیزب لە وڵاتی بێلژیك بۆ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتەدا پێکی هێنابوو.

لەو کۆبوونەوەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب ئامادەی بوون، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان لە پەیڤێکدا، تیشکی خستە سەر کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبو گرنگیی‌و بایەخی گۆڕانی دروشمی ستراتیژیکی حیزبی بۆ بەشداران ڕوون کردەوە. سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، تیشکی خستە سەر چالاکی‌یەکانی حیزب لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتداو سیاسەتو هەڵوێستە نوێکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە وردی شی کردەوە.

بەشی دووهەمی ئەو کۆبوونەوەیە تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو پێشنیارەکانی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە بێلژیك کە چەندین پرسیار لە بواری جۆراوجۆردا ئاراستەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب کراو لە کۆتایی‌دا، بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی بەشداربووانی دایەوە.

## دیدار لەگەڵ وتەبێژی گرووپی پارلمانتارەکانی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا لە پارلمانی ئورووپا

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٦ی مارسی ٢٠٠٥، چاوی کەوت بە خاتوو "ئێلێنا ڤالێنسینانۆ" (Elena Valencinano)، وتەبێژی گرووپی پارلمانتارەکانی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا لە پارلمانی ئورووپاو ئەندامی کومیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی پارلمانی ئورووپا.

ڕێزدار کاك مستەفا هیجری لەو دیدارەدا، ئاماژەی بەو بڕیارنامانە کرد کە پارلمانی ئورووپا، ڕێژیمی ئێرانی بە هۆی کردەوەی نامرۆڤانەی مەحکووم کردووەو گوتی: بەداخەوە! ئەو بڕیارنامانە لایەنی کردەکی (ئیجرایی)یان نیەو هەر بەو هۆیەشەوەیە کە لە لایەن ڕێژیمگەلێکی دژە خەڵکی وەك ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو بڕیارنامانە بە جیددی وەرناگیرێنو ئەو ڕێژیمانە، سەرەڕای کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵك، درێژە دەدەن بە پێوەندیی‌یەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ئورووپاییدا. بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەی وتەکانی‌دا ئاماژەی بە سەرکوتی توندوتیژی کورد لە ئێراندا کردو گوتی: لەو کاتەوە کە لە یاسای کاتیی عێراقدا، مافی کوردەکانی عێراق لە شێوازی فیدراڵدا بە ڕەسمی ناسراوە، سەرکوتی نەتەوەی کوردیش لە ئێران زیادی کردوەو هەرچەشنە بزاڤێکی نارەزایەتیدەربڕینی خەڵکی کورد بە سەرکوتو زیندانو شکەنجە، وەڵام دەدرێتەوە.

بەدوای ئەودا، خاتوو "ڤالێنسینانۆ"، پشتیوانیی خۆی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بەگشتیو بەتایبەت خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دەربڕیو بەڵێنی دا کە لە کومیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی پارلمانی ئورووپادا، پشتیوانی لە مافو ئازادی‌یەکانی خەڵکی ئێران بکاو خۆی لە هیچ هەوڵێ بە مەبەستی ئاشکراکردنی کردەوە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەبوێرێ. بەڕێزیان هەروەها بەڕێز کاك مستەفا هیجریی دڵنیا کردەوە کە کارێکی شێلگیرانە لەسەر دۆزی ڕەوای گەلی کورد دەست پێ‌بکاو لەو پێوەندییەدا سەبارەت بە پرسی کوردەکانی ئێران پێوەندیی‌یەکی چڕوپڕی لەگەڵ حیزبدا هەبێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویستو لە پارلمانی ئورووپاشدا شێلگیرانە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بکا.

## دیدار لەگەڵ سەرۆکی گرووپی پارلمانتارەکانی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمانو ئەندامی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئورووپا

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٧ی مارسی ٢٠٠٥، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاوی کەوت بە بەڕێز "مارتین شۆلتس"، سەرۆکی گرووپی پارلمانتارەکانی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمانو ئەندامی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئورووپا. لەو دیدارەدا کە لە پارلمانی ئورووپادا بەڕێوەچوو، بەڕێز مستەفا هیجری تیشکی خستە سەر بایەخی دۆزی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەکوو فاکتۆرێکی بەهێزی گۆڕانکاری لە ناوچەداو دواتر پێی لەسەر بایەخی چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران داگرتەوەو بە وردی کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی بە سەرنجدان بە گرنگیی ئیستراتیژیکی ئێران بۆ ئاشتیو تەناهیو دێموکراتیزاسیۆن لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شی کردەوە. سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا، هەوڵو کۆششی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ چەسپاندنی دێموکراسی بە دەستی خەڵکی ئێران بە پرسێکی پێویست هەڵسەنگاندو گوتی: نابێ پشتیوانی لە ڕێژیمێك بکرێ کە هیچ ڕەوایی‌یەکی نیەو بۆتە هۆی گرژیو ئاڵۆزیو پەرەسەندنی فەندەمینتالیزمو گرووپە تیرۆریستی‌یەکان لە ناوچەو تەنانەت لە هەموو جیهانیش دا.

ڕێزدار شۆڵتز لەو دیدارەدا، وێڕای پشتیوانی لە مافەکانی نەتەوەی کورد لە وڵاتەکانی ئێران، عێراق، تورکیەو سوریە لە فۆرمی خودموختاری‌دا، جەختی لەسەر گرنگیی دۆزی کورد وەکوو یەکێك لە پرسە گرنگەکانی یەکیەتیی ئورووپا کردەوە، بەتایبەتیش پاش کاندیداتۆریی تورکیە بۆ وەرگیرانی بە ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپاداو گوتی: ئەگەر تورکیە بیەوێ بێتە نێو ئورووپاوە، دەبێ نرخەکەشی بدا کە بریتی‌یە لە پاراستنی ڕێساو پرنسیپەکانی یەکیەتیی ئورووپاو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیەدا، یەکێك لەو نرخانەیەو چارەسەرکرانی دۆزی کورد لە بەشێکی کوردستاندا، کاریگەریش لەسەر بەشەکانی دیکە دادەنێو هەر بۆیە وڵاتانی دیکەش، پێویستە ئەو ڕێوشوێنە بگرنەبەر.

ئێستا ڕەوشی کورد لە کوردستانی عێراق‌دا لە بەرژەوەندیی هەموو کودان دایە. ئێمە وڵاتانی ئورووپایی باوەڕمان بە دیالۆگ هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. هەڵبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، کەموکوڕیمان هەبووەو ڕاستە کە سیاسەتی "دیالۆگی ڕەخنەگرانە" تا ئێستا زۆر چارەساز نەبووە، بەڵام ئەوەمان پێ باشترە کە کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە کە ئورووپا پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بەهێند وەربگرێ. بەڕێزیان لە کۆتایی دیدارەکەدا پێی لەسەر پێوەندیی دوولایەنە داگرتەوەو ئەو چەشنە دیدارانەی بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ڕەوشی ئێران زۆر بە پۆزەتیڤ لەقەڵەم دا.

## کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی بێلژیك

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٣، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکدا کرد کە بۆ ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بێلژیك پێك هاتبوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ‌کرد. پاشان کاك بەختیار سەلیمی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بێلژیك لە لایەن کومیتەی حیزبو هەموو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتەوە، بەخێرهاتنی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی کرد.

پاشان کاك مستەفا هیجری وتارێکی بەنرخی لەسەر ڕەوشی ئاڵۆزو هەستیاری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ڕەوشی ئێران بەگشتیو کوردستانی ئێران بەتایبەتی پێشکەشی ئامادەبووان کرد. بەڕێزیان لەو وتارەدا، ئاماژەی بە کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب کردو دەسکەوتەکانی ئەو کۆنگرەیەی بۆ ئامادەبووان شی کردەوەو ئەو کۆنگرەیەی بە وەڵامێکی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییو ناوچەییو نێوخۆیی‌یەکان لەقەڵەم دا. دوایین بەشی وتارەکەی بەڕێزیان پێویستیی بەشداری چالاکانەی ژنان لە پرسە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا بوو.

بەڕێزیان لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا وەڵامی پرسیاری بەشداربووانی دایەوە.

شایانی باسە کە بەڕێز خوسرەو عەبدوڵلایی لەو دیدارەدا هاوڕێی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان بوو.

## دیدار لەگەڵ خاتوو "دانییێل میتران"

ڕۆژی دووشەممە، ٢١ی مارسی ٢٠٠٥، کاك مستەفا هیجری چاوی کەوت بە خاتوو "دانییێل میتران"، سەرۆکی بنیاتی "فرانس لیبێرتێ"و هاوسەری "فرانسوا میتران"، سەرەك کۆماری پێشووی فەڕانسە. لەو دیدارەدا، هەردوولا لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو بەتایبەت ڕەوشی هەستیاری ئێرانو کوردستانو سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا بەرانبەر بە ئێران، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەو دیدارەدا کە لە ناوەندی بنیاتی "فرانس لیبێرتێ" لە پاریس بەڕێوەچوو، خاتوو "دانییێل میتران" بایەخێکی زۆری بە دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ داو بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤی بۆ دابینکردنی ویستە ڕەواکانی گەلانی ئێرانو بەتایبەت ئەو کۆنگرەیەی بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران بە چارەنووسساز نرخاندو گوتی: ئەو ئامانجانەی کە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ خۆی دەستنیشانی کردوون، لە لایەن "بونیاتی فرانس لیبێرتێ"و بنیاتەکانی دیکەی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤو ئازادییە دێموکراتیکەکان لە جیهاندا، پشتیوانیی لێ دەکرێو ئێمە بۆ ناساندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ خۆمان لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێ نابوێرین.

## بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی جەژنی نەورۆز لە پاریس

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی مارسی ٢٠٠٥، کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بانگهێشتی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس بەشداری لە ڕێورەسمی جەژنی نەتەوایەتی نەورۆزدا کرد. لەو ڕێورەسمەدا، جگەلە ڕێزدار کاك مستەفا هیجری کۆمەڵێك کەسایەتیی دەوڵەتیو نادەوڵەتیو هەروەها ژمارەیەك لە کوردەکانی نیشتەجێی پاریس بۆ ئەو ڕێورەسمە بانگهێشتن کرابوون.

سکرتێری گشتیی حیزب کە لە لایەن ڕێزدار دوکتور کەندال نزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کوردەوە بۆ ئەو ڕێورەسمە بانگهێشت کرابوو، یەکێك لەو کەسایەتی‌یانە بوو کە لەو ڕێورەسمەدا وتاری پێشکەش کرد. ڕێورەسمەکە بە وتاری سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد کرایەوەو پاشان جگە لە بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز "موفەق مەهدی عەبوود" باڵوێزی عێراق لە فەرانسەو ڕێزدار سێرژێوکۆزۆنادۆ، وتەبێژی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە پەیڤێکی کورتیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

ئەو کەسایەتی‌یانەی کە لەو ڕێورەسمەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە: خاتوو دانییێل میتران ـ بەڕێز پلاسە، جێگری سەرۆکی شوورای ناوچەی پاریس ـ دونێز بانکی، جێگری شارەداری پاریس ـ خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری شەهیدی هەرگیز نەمر کاك دوکتور قاسملوو ـ ڕێزدار ریکاردۆ کۆزۆنادۆ، نوێنەری حیزبی سەوزەکان ـ بەڕێز سیوان بارزانی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە (هەولێر) ـ خاتوو جویس بلاو، مامۆستای زمانو ئەدەبیاتو مێژوو شارستانیەتی کورد لە فەرانسە ـ دکتۆر حسێن کەریمی، مامۆستای ئەدەبیات لە زانکۆکانی فەرانسەو ژمارەیەکی دیکە لە کەسایەتیی هونەریو فەرهەنگی‌یەکانی کوردی نیشتەجێی فەرانسە.

شایانی باسە کە بەڕێز کاك خوسرەو عەبدوڵلایی لە بەرپرسانی دەفتەری پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب لەو دوو دیدارەدا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەکەمانی هاوڕێیەتی دەکرد.

# هەواڵەکانی کوردستان

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی چوارشەممەسووری و نەورۆز لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

**سەلماس:** لەم شارەدا لە ڕێگەی ئیدارەی پۆستەوە بۆ ئیدارەکانی شارەداری، فەرمانداری، بەخشداری، زانکۆو دەفتەری شووڕای شار تراکتی حیزبی بەڕێ کراوە.

**خۆی:** لەم شارەشدا لە ڕێگەی ئیدارەی پۆستەوە تراکتی حیزبی بۆ فەرمانداری، شارەداری، زانکۆی "علوم قرآنی"، زانکۆی "پەیام نوور"، زانکۆی ئازاد، "فەننی حیرفەیی"، دادگای "ئینقلاب"، دادگای گشتی (عمومی)، دەفتەری شووڕای شار، پایگای ژمارە ٢و٣ی شار بەڕێ کراوە.

**ماکۆ:** لە شاری ماکۆشدا تراکتی حیزبی لە ڕێگەی ئیدارەی پۆستەوە بۆ ئەم شوێنانە بەڕێکراون: فەرمانداری، شارەداری، زانکۆی "پیام نور"، کەلانتەری ١١، دەفتەری شووڕای شار، "ستاد فەرماندهی پادگان ماکو"

### ورمێ

ئەو شوێنانەی کە کارە تەبلیغییان تێدا کراوە: ئوستانداری، فەرمانداری، دادگای "ئینقلاب"، "بزرگراه والفجر"، "دەنگو ڕەنگی وەلفەجر"، "ئیتلاعاتی وەلفەجر"، "ئیتلاعاتی چوارڕێیانی دانشکەدە"، زانکۆی "ئازاد"، زانکۆی دەوڵەتیو دادگای گشتی.

❋ ڕۆژی ٨٣/١٢/٢٥، خەڵکی شاری ورمێ بە شێوەیەکی بەربڵاو، ڕێوڕەسمی چوارشەممەسووریان بە کردنەوەی ئاگر،تەقاندنەوەی تەرەقەو کۆڕی شادیو هەڵپەڕکیی، لە زۆربەی شەقامو کۆڵانەکانی شاردا و هەروەها سەربانو کۆڵانەکانی گوندەکان بە خۆشیو شادی بەڕێوە برد.

❋ خەڵکی ئازادیخوازی گوندەکانی "میراوا"، "سیوانا"و "ڕاژان" بە کردنەوەی ئاگرێکی بەشکۆو تەقەی خۆشیو پێکهێنانی کۆڕی شاییو گۆڤەند، جەژنی نەورۆزیان بەڕێوەبردو هەروەها ڕقوتووڕەیی خۆیان لە ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

لە گوندی "دێزەجی مەرگەوەر"دا، خەڵك بێگوێدان بە گوشاری هێزەکانی ڕێژیم پڕشکۆتر لە جاران بەکردنەوەی ئاگرو تەقەی هەواییو... بە پێشوازی ساڵی نوێو نەورۆزەوە چوون.

### پاوە

خەڵکی شاری ناوچەی پاوەش بە بۆنەی چوارشەممە سووریەوە لە "دەرنیشە"، "بازی مەکرۆڵی"، "کەلیان"، چیاکانی "بێمیری"و زۆربەی شەقامو گەڕەکەکانی نێو شار، ئاگری شادی و خۆشیان کردەوە.

### تێکهەڵچوونی نێوان خەڵكو هێزی بە ناو ئینتزامی لە کاتی بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی نەورۆزدا لە شاری پاوە

ڕۆژی سێ شەممە، ٨٤/١/٢، لاوانی شاری پاوە لە "شەوڵخ" بۆ بەڕێوەبردنی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێ کۆبوونەوە. لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئیزنی پێکهێنانی ڕێوڕەسمی نەورۆزی لە نێو شار دا نەدا بوو،خەڵك بێ بایەخدان بە داخوازییەکانی ڕێژیم لە هەموو شوێنو بەرزاییەکانی شاردا ئاگریان کردەوەو بە پێکهێنانی کۆڕی شایی و هەڵپەڕکێ جەژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد.

شایانی باسە کە ڕێوڕەسمەکە بە ڕادەیەك بەرین بوو کە بەشێك لە هێزی ئینتزامیی ڕێژیم بەشدارییان تێدا کردو تا درەنگانی شەو بێ هیچ تێکهەڵچوونێك درێژەی کێشا.

لە گەرمەی شایی و هەڵپەرکی خەڵك دا هێزە دژیگەلییەکانی ئینتزامی بۆ تێکدانی ڕێوڕەسمەکە هێرشیان کردە سەر خەڵك، هەر بۆیە لە ئەنجامی کاردانەوەی خەڵك و تێك هەڵچوونێك کە هاتە ئاراوە، ژمارەیەك لە هێزە ئینتزامییەکان بریندار بوون و ناچار بە پاشەکشە هاتن.

### نەوسوود

خەڵکی ئازادیخوازی شاری نەوسود سەرەڕای پێشگیری ڕێژیم، بۆ بەڕێوە بردنی جەژنی نەورۆز لە مەیدانی شارو بەرزاییەکاندا ئاگریان کردەوەو بە پێکهێنانی کۆڕی شایی و هەڵپەڕکێ جەژنی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێیان پیرۆز کرد.

### "هوویە"

خەڵكو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە گوندی "هوویە"، سەر بە ژاوەرۆی مەریوان، بە کردنەوەی ئاگر، نووسینی دروشمی وەك "نەورۆز لە گەلی کورد پیرۆز"، "نەورۆز لە هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتو بنەماڵەی شەهیدان پیرۆز"، "سلاو لە گیانی پاکی شەهیدان"، "بژی دێموکرات"و...، جەژنی مێژوویی ـ نەتەوەیی نەورۆزیان بە شکۆیەکی بەرین بەڕێوەبرد.

### "پایگەلان"

خەڵكو لاوانی گوندی "پایگەلان" بە کردنەوەی ئاگر لەسەر بەرزاییەکان، گێڕانی شادیو گۆڤەند، هەڵکردنی ئاڵای کوردستانو. . .پێشوازییان لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆزو ساڵی نوێ کرد.

### تەنگیسەر ـ سنە

بە بۆنەی نەورۆز هاتنی ساڵی نوێوە خەڵکی گوندی "تەنگی سەر" سەر بە شارستانی سنە بە کردنەوەی ئاگر لە سەرجەم شوێنەکانو سازکردنی ئاهەنگی شاییو گۆڤەند، ڕێزیان لەم ڕۆژە مێژووییو نەتەوەییە گرت.

### مەریوان ـ نێ

جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە لایەن خەڵکی نیشتمانپەروەری گوندی "نێ"ی مەریوانەوە بە کردنەوەی ئاگر لە سەرجەم کۆڵانو بانو بەرزاییەکانی دەوروبەرو پێکهێنانی کۆڕی شاییو هەڵپەڕکێ لە فەلەکەی "قەزوان"ی ئەو گوندە بە شێوەیەکی بەرین بەڕێوەچوو.

بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە بۆ پێشگیری لە شاییو هەڵپەڕکێی خەڵك وەخۆکەوتبوون لەگەڵ هەڵوێستی بوێرانەی خەڵکدا بەرەوڕوو بوون، هەربۆیە ناچار بە پاشەکشە بوون.

### مەریوان ـ میانە

لە ڕۆژی یەکشەممە، هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی ساڵدا، خەڵکی گوندی "میانە" بە سازکردنی کۆڕی شاییو هەڵپەڕکێو کردنەوەی ئاگر، جەژنی نەتەوەیی نەورۆزیان پیرۆز کرد.

لەم ڕێوڕەسمەدا خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر بە دانی دروشمی شۆڕشگێڕانە ("بژی حیزبی دێموکرات پیشاندەری ڕێی خەبات")، بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدان، پشتیوانیی خۆیان لە جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوەو سڵاوو ڕێزی خۆیان بۆ بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبو ڕێبەرایەتیی جووڵانەوە نارد.

### مەهاباد ـ شاروێران

دۆستانو لایەنگرانی حیزب بە بۆنەی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێوە ئاگری شاییو خۆشییان لە بەرزاییەکانی "شاروێران" وەك: چیای نێوان "قزلقۆپی"و "قەرەداغ"، شاخی "گردی یاقووب"، "بەردە زەردە"، کێوی "شەیدانانی کۆسەکەرێز"و کێوی "بیژینگ" کردەوە.

### پیرانشار

ڕۆژی ٨٣/١٢/٢٥، هەرچەند هێزە دژی گەلییو جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم زۆربەی شەقامو مەیدانەکانی شاری پیرانشار وەکوو مەیدانی بە ناو ئازادی، ئیستقلال، جمهوری ئیسلامی، بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی چوارشەممە سووریان گرتبوو، بەڵام خەڵکی پیرانشارو هەموو گوندەکانی دەوروبەری بە کردنەوەی ئاگر لە سەر بەرزاییەکانی "دەڵاوان"، "تەمەرچیان"، "زێوە"، "کۆنەلاجان" وە هەروەها بە کۆڕی شادیو هەڵپەڕکێی لاوان لە زۆربەی شەقامو کۆڵانەکانی ئەو شارە بە تایبەت شەقامی "قودس" ڕێوڕەسمی چوارشەممە سووریان بەڕێوە برد.

### شنۆ

ڕۆژی ٨٣/١٢/٢٦، زۆربەی شەقامەکانی شاری شنۆ بوو بە مەیدانی تێکهەڵچوونی نێوان لاوانو هێزە دژی گەلییەکانی ئینتیزامی کە بە مەبەستی پێشگیری لە بەڕێوەبردنی چوارشەممە سووری شەقامەکانیان گرتبوو. بەڵام خەڵك بە کردنەوەی ئاگرو تەقاندنەوەی تەرەقە، بێ ترسو بایەخدان بەم بارۆدۆخە ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت. هەر بۆیە ڕێژیم بۆ بڵاوەکردن بە خەڵك لە گازی فرمێسك ڕێژ کەڵکی وەرگرت.

### نەغەدە

هەروەها لە شاری نەغەدەش خەڵك بە کردنەوەی ئاگر لە سەر بەرزاییەکان و زۆربەی شەقامو کۆڵانەکان دا و بەرزکردنەوەی دروشمی بژی کوردو کوردستان ڕێوڕەسمی چوارشەممەسوورییان بەڕێوە برد.

### سەڵماس

ڕۆژی ٨٣/١٢/٢٥، خەڵکی ناوچەی سەڵماس بە کردنەوەی ئاگرو تەقەقاندنەوەی تەرەقە و هەروەها تەقەی خۆشی لە نێو شاری سەڵماس داو گوندەکانی دەوروبەری ڕێوڕەسمی چوارشەممە سوورییان بەرپوە برد.

شایانی باسە کە لە تێکهەڵچوونێکدا کە لە نێوان خەڵكو هێزی دژی گەلیی ئینتیزامیدا ڕووی دا چەند کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم بریندار بوون.

### بانە

خەڵکی بانە بە کردنەوەی ئاگرو بەستنی کۆڕی شادیو هەڵپەڕکێ، ڕۆژی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێیان جەژن گرت.

هێزە تاریك پەرستەکانی ئینتیزامی کە چاویان بە دیتنی ئاگری شادیو خۆشی خەڵك هەڵنایەت، بۆ پێشگرتن لە شادیو خۆشی خەڵك وەخۆکەوتن، بەڵام لەگەڵ هێرشی بەردبارانو دروشمی دژی ڕێژیمی خەڵکدا بەرەوڕوو بوون.

شایانی باسە کە لە تێکهەڵچوونێکدا کە لە نێوان خەڵكو هێزی ڕێژیمدا ڕووی دا، چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم بریندار بوونو چەند جاریش هێرشەکانیان لە لایەن خەڵکەوە تێکشکاو هەروەها ژمارەیەك لە خەڵك دەستبەسەر کران.

### مەهاباد

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری مەهاباد، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٣/١٢/٣٠، لە "باغی میکاییل" کۆبوونەوەو بە کردنەوەی ئاگر، پێکهێنانی کۆڕی شادیو هەڵپەڕکێ، خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"، سروودی شۆڕشگێڕانە، بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبیو بەیاننامەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ١٣، جەژنی مێژوویی ـ نەتەوەیی نەورۆزیان بەڕێوەبردو ڕقوبێزاری خۆیان لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

شادیو ناڕەزایەتیی خەڵکی شۆڕشگێڕی مەهاباد لەگەڵ کاردانەوەی هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیمدا، بەلێدانو دەستبەسەرکرانی فیلم هەڵگری ئەو ڕێوڕەسمە (کە تا ئێستا چارەنووسی ڕوون نیە)، بەرەوڕوو بوو.

بەڵام هێزەکانی ڕێژیم بە هەستکردن بەوەی کە ئەگەری هێرشی توندی خەڵك لەسەریان هەیە، "باغی میکاییل"یان بەجێ هێشتوو و لە نێو شاردا دەستیان کرد بە گرتنی خەڵكو پێشگرتن لە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەك کە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك گیراون.

### ورمێ ـ مەرگەوەر

ڕۆژی ١٣٨٣/١٢/٢٨ی هەتاوی، بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزبەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو کارو چالاکیی تەبلیغاتی کە زۆرتر بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبیو وێنەی شەهید د.قاسملوو، لەم شوێنانەی خوارەوە بەڕێوەچوو: "گیسیان"، "دزە"، "باوە"، "تازەکەند"، "ژاراوا"، "گردەوان"، "قایر"، "میرئاوا"، "مەنسورئاوا"، "زێوە"، "ئوردوگای زێوە"، "بێراسپی"، "نۆڤێ"، "لۆرزنە"، "دیریانی هوستا"، "دەوروبەری تیپی زێوە"، "دزەتەکە لە براندزتایی".

شیاوی باسە کە ئەم چالاکییانە لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی ناوچە بەرەوڕوو بووەو شادیو هیوای خستۆتە دڵیانەوە.

### شارەدێی دزەی مەرگەوەر ـ ورمێ

چەند کاتژمێر پاش نوێبوونەوەی ساڵ، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شارەدێی "دزە"ی مەرگەوەر بە مەبەستی پیرۆزکردنی ساڵی نوێو دەربڕینی هەستو ویستی نەتەوایەتیی خۆیان لە شەقامو کۆڵانەکانی شارەدێی "دزە" کۆبوونەوەو بە کردنەوەی ئاگر، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، ئاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وتنی دروشمی نەتەوەییو حیزبی درێژەیان بە ڕێوڕەسمو خۆپیشاندانی خۆیان دا.

دروشمەکان بریتی بوون لە: "سڵاو لە قاسملوو و بژی حیزبی دێموکرات"، "نەورۆز جەژنی خەباتو تێکۆشان"، "فیدرالی بۆ کوردستان ئاواتی گەلی کوردە"، "دوژمنانی گەلی کوردستان لە سنوورەکاندا جێگایان نابێتەوە"، "ڕزگاری بۆ کوردستان ئامانجی هەموو شەهیدان"، "کەس ناتوانێ دەست بۆ دایکی نیشتمان درێژ بکا".

هەروەها تراکتی حیزبیو وێنەی شەهیدانی ڕێبەرو پەیامی حیزب بۆ خەڵك بڵاو کرایەوە.

### سەردەشت

خەڵکی شاری سەردەشت بەپێچەوانەی ویستو داخوازیی ڕێژیم، بە کردنەوەی ئاگر لە شەقامی "کەمەربەندی"و زۆربەی کۆڵانو شەقامەکانی شاردا، پیرۆزبایی نەورۆزو ساڵی نوێیان لە یەکتر کرد.

بەڵام ماشێنێکی هێزی دژیگەلیی ئینیزامی کە بە مەبەستی سەرکوتو پێشگرتن لە شادیو هەڵپەڕکێی خەڵك چووبوونە شەقامی "کەمەربەندی" کە لەگەڵ پەلاماری خەڵکی تینووی ئازادیدا بە تەرەقەو بەردباران بەرەوڕوو بوونەوەو لە ئاکامدا بەرەو مۆڵگەکانیان هەڵاتن.

هەروەها لە دەوروبەری سەردەشت، لەم شوێنانە ئاگری شادیو خۆشی کرایەوە: "کێوی گردەسوور"، "بەرزاییەکانی بۆگەن"، "وارشی قازیاوی"، "نزیك ڕادارو تەپۆڵکەی گردەسوور".

شیاوی باسە کە هەر لەم پێوەندییەدا ماوەی چەند ڕۆژە کە هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم (ئیتلاعات)، ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی شاری سەردەشتیان بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی هیچکات نەترسو خۆڕاگر دەستبەسەر کردووە.

### دیواندەرە

ڕۆژی سێشەممە، ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٣، خەڵکی دیواندەرە بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی چوارشەممەسووری لە سەرجەم سەقامو کۆڵانەکانی ئەو شارەدا، دەستیان کرد بە ئاگرکردنەوەو تەرەقە تەقاندنەوەو شادیو هەڵپەڕکێ.

بەڵام هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم کەوتنە بەرگیری لە خۆشیو شادیی خەڵك، هەربۆیە خەڵکی دیواندەرە بە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمداو دانی دروشمی جۆراوجۆر وەك، "مەرگ بۆ جاش"، "مەرگ بۆ هێزی ئینتیزامی"، "مەرگ بۆ خۆفرۆش"، "بژی حیزبی دێموکرات"و...و خوێندنەوەی سروودی "نەورۆز" کاردانەوەی خۆیان نیشان دا.

شایانی باسە کە لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکەدا چەند کەس لە لاوان لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە دەستبەسەرو بەڕێی کەلانتەری ژمارە ١١و پاسگای هێزی ئینتیزامی کراون.

ڕێژیم بۆ کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکە لە گاردی تایبەتی کە لە پادگانی کرماشانەوە هێنابوونیو بە باتۆمی ئەلکتریکی کەوتبوونە لێدانی خەڵك،کەڵکی وەرگرتووە.

### بۆکان

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٣/١٢/٢٥، بە بۆنەی چوارشەممەسوورییەوە ئاگری خۆشیو شادی لەسەر بەرزاییەکانو سەرجەم شەقامو کۆڵانەکانی شاری بۆکان کرایەوە. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو شارە لە شەقامەکانی "نەخۆشخانەی کۆن"و "قزلجی" بە تەقاندنەوەی دینامیتو تەرەقە، شادیو خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی.

شایانی باسە سەرەڕای ئەوە کە هەموو چوارڕێیانو شەقامەکان لە لایەن هێزی بەناوئینتیزامییەوە گیرا بوون، بەڵام خەڵك بێبایەخدان بەم بارودۆخە، شادیو خۆشحاڵیی خۆیان تا درەنگانی شەو ئەو درێژە پێدا.

❋❋❋

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان




ڕۆژی ١٣٨٤/١/٧ مام سەلیم عەباسی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشیو بەساڵداچوونی، بەداخەوە کۆچی دوایی کرد.

مام سەلیم ساڵی ١٣٠٨ لە گوندی "زێراندۆڵ"ی ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد لەدایك بووەو ساڵی ١٣٣٦ پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتوە، بە شێوەی نهێنی کاری کردووەو بۆتە یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو ناوچەیە. دوای ئەوەی ساواك ساڵی ١٣٣٨ پەلاماری تێکۆشەرانی حیزبی لەو ناوچەیە دا، مام سەلیم خۆی دەرباز کردو ڕووی کردە بنکەکانی حیزب لە کوردستانی عێراقو بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەوێ مایەوەو دواتر گەڕایەوە لای خێزانەکەی لە گوندی زێراندۆڵ. سەرەڕای ئەوەی ساواك بەردەوام هەڕەشەی لێ دەکرد، دەستی لە هاوکاریکردن لەگەڵ حیزب هەڵ نەگرتو بەناچار ماڵەکەی بۆ مەهاباد دەگوازێتەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧داو کرانەوەی بنکەکانی حیزب لە ناوچەی مەهاباد، مام سەلیم بەئاشکرا چووە نێو ڕیزەی پێشمەرگەکانی حیزب.

مام سەلیم لە ساڵی ١٣٥٨ کراوە بە پێشمەرگەی دەفتەری سیاسیو لە ساڵی ١٣٦٢دا لەسەر داوای خۆی گۆازراوەتەوە بۆ کومیتە شارستانی بۆکانو دواتر بە هۆی بەساڵداچوویی، وەك پێشمەرگە لە نەخۆشخانەی حیزب لە ساڵی ١٣٦٥ تا ساڵی ١٣٧٧ کاری کردوە. پاشان نێردراوەتەوە بۆ کومیتە شارستانی بۆکانو دوای پێکهاتنی ناوەندی ٢ی حیزبیش لەو ناوەندە درێژەی بە خەباتی پێشمەرگانە داوە. مام سەلیم یەکێك لە هەرە دڵسۆزو بەوەفاترینو بە دیسیپلینترین پێشمەرگەکانی حیزب بوو کە تا دوا هەناسە بە ڕێبازی حیزب وەفادار مایەوە. بەم بۆنەیەوە وێڕای بەداخ بوون لە کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە، پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکارو هاوسەنگەرانی دەکەینو بەڵێن دەدەین تا گەیشتن بە ئامانجەکانی، درێژە بە خەبات بدەین.

## سەید حسێن ڕەحیمی (سەیدە)



## پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

"کاتێك کە هەواڵی مەرگی من دەنووسن، بنووسن کە هەموو ئاواتم ئەوە بوو کە خۆم لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا ببینم". ئەمە دوایین خەمو دواخەزی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو کە هەرچەند لەمێژ بوو پێشمەرگە بوو،بەڵام دەیەویست بگاتە دوا پلەی پێشمەرگایەتی.

سەید حوسێنی ڕەحیمی ناسراو بە کاك سەیدە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی "گامێش گۆلی" لە ناوچەی "ئاڵەشین"ی بۆکان لە دایك بووە. ساڵی ١٣٦٣ پێوەندی تەشکیلاتی بە کومیتە شارستانی بۆکان گرتوەو لە ساڵی ١٣٧٣دا بەو هۆیە کە ئاوایی سەرچناری چۆمی مەجیدخان نیشتەجێ ببوو پێوەندی لەگەڵ کومیتە شارستانی مەهاباددا دامەزراندەوە. ناوبراو ئەندامێکی هەڵسووڕو چالاکیی حیزبی دێموکرات بوو. بە ئاکارو ڕەفتارە جوانو جوامێرانەکەی لە نێو دڵی هەموو لاوانو خەڵکی ناوچەی ئاڵەشینو چۆمی مەجیدخاندا جێی خۆی کردبۆوە. ئەوانی لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئاگادار دەکردو خەباتی مافخوازانەی گەلی کوردو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆیان شی دەکردەوە. لە ماوەی چالاکیو هەڵسوورانیدا بەردەوام لە ژێر چاوەدێریو گوشاری هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمدا بوو. زۆر جاران بانگ کرایە ئیتیلاعاتو خرایە ژێر جەزرەبەو ئەشکەنجە، بەڵام ئەو بە باوەڕو ورەی بەرزی هەموو هەوڵەکانی بازجووەکانی نەزۆك هێشتەوە.

لە ساڵی ١٣٨٣دا کاك سەیدە دوابەدوای ئەنجامدانی مەئموورییەتێکی حیزبی لە لایەن هێزەکانی ئەمنییەتی ڕێژیمەوە ناسراو بە ناچار ڕووی کردە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام بەداخەوە نەخۆشی شێرپەنجە بەربینگی پێ گرتو مۆڵەتی ئەوەی پێ نەدا لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا درێژە بە خەباتو تێکۆشانی سیاسیی خۆی بداو ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٤ی هەتاوی لە نەخۆشخانەی شاری کۆیە بۆ هەمیشە چاوەکانی وەسەریەك ناو ماڵئاوایی لە باوەشی گەرمی بنەماڵەو هاوسەنگەرانی خواست. کاك سەیدە خۆشنووسو خاوەن گەلێك تایبەتمەندیی هونەریو ئەدەبی بووو بە کۆچی دواییشی خەمو پەژارەیەکی زۆری خستە نێو کۆڕی هاوڕێیانو هاوسەنگەرانی.

شایانی باسە ڕۆژی ٤ی خاکەلێوە تەرمی کاك سەیدە لە نێو ئاپۆرای هاوسەنگەرانیدا لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب بەخاك سپێردرا.

"کوردستان" بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە سەرجەم هاوسەنگەرانی کاك سەیدەو بنەماڵەو کەسوکاریو هەروەها خەڵکی ناوچەی "ئاڵەشین"ی بۆکانو چۆمی مەجیدخانی مەهاباد دەکاو خۆی بە شەریکە خەمیان دەزانێ.

❋❋❋

# کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆرداریێك نەوی ناکەن

## وتووێژی ئارچی باڵد رۆزوێڵت لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد

ئارچی باڵد رۆزوێڵت، ئەفسەرێکی ئیتلاعاتیی ئامریکایە کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا سەری زۆر وڵاتی ئافریقاییو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داوە. لە ساڵانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا ماوەیەك لە عێراقو ئێران ژیاوەو ژیانو خەباتی کوردەکان سەرنجی ئەویان راکێشاوە. رۆزوێڵت دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، سەردانی ناوچە کوردنشینەکانو شاری مەهابادی کردووەو لەگەڵ قازی محەممەد چاوپێکەوتنو وتووێژی هەبووە. بۆخۆی لەو بارەیەوە دەڵێ: "لەڕاستیدا تاقە نازری ئامریکایی حازر لە سەحنەدا بووە."

ئارچی باڵد رۆزوێڵت، بیرەوەریو ئەزموونەکانی خۆی لە کێشەو رووداوەکانی ئەو وڵاتانەی دیتوونی کردوە لە کتێبێکدا کە "سەهبا سەعیدی" لە ژێر ناوی "شوق آموختن"دا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. چاپی یەکەمی ئەو کتێبە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لەلایەن چاپەمەنیی ئیتلاعاتەوە بڵاو کرایەوە. فەسڵی چوارەمی کتێبی ناوبراو بۆ رووداوەکانی ئێرانو بەتایبەتی کێشەی ئازەربایجانو مەسەلەی کوردەکانو کۆماری مەهاباد تەرخان کراوە. "شوق آموختن" بەر لەوەی بە شێوەی کتێب بڵاو بێتەوە، لە چەندین ژمارەی رۆژنامەی "اطلاعات"دا بڵاو کرایەوە.

بە مەبەستی ئاشنایی خوێنەرانی "کوردستان" لەگەڵ بۆچوونەکانی رۆزوێڵت لەسەر کۆماری کوردستان، هێندێك بەشی کتێبەکەی لێرەدا دەخەینە بەرچاو. تیترێك کە بۆ ئەم باسەمان هەڵبژاردوە، لە دەقی وتووێژی قازی محەممەد لەگەڵ ئارچی باڵد رۆزوێڵت وەرگیراوە.

کاتێك چووینە ژوورەکەی قازی محەممەد، لە پشت مێزی کارەکەیو لە تەنیشت نەقشەیەکی گەورەی کوردستانی گەورە دانیشتبوو. قازی محەممەد پیاوێکی کورتەباڵای بە وێقار بوو کە کۆتێکی سەربازیی پێشتر لەکارکراوی لەبەرەدا بووو لەملاو ئەولای روخسارە رەنگ بزرکاوە زاهیدانەکەیدا ریشێکی تەنکی کەم موو دەبینرا. ئەو دوایە بە ئێمەی گوت کە بە دەست نەخۆشیی توندی مێعدەوە گرفتارەو کەم وا هەیە جگە لە ماست شتێکی دیکە بخوا.

پاش ئەوەی کە بۆم روون کردەوە کە ئێمە کێینو مەبەستی مەئموورییەتەکەمان چیە، لەسەر مێزەکەی پارچە کاغەزێکی هەڵگرتو نووسراوەیەکی لەپێشدا ئامادەکراوی بە زمانی فارسی بۆ خوێندینەوە. وشەکان زۆر روونو دەنگی ئارام بووو لە کاتی خوێندنەوەدا جاروبار بە چاوە "ریاضت" چێشتووەکانی دەیڕوانیە ئێمە.

من لە وەڵامدا گوتم: "وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەمیشە لایەنگری ئازادیو دەستڕاگەیشتنی هەموو ئینسانەکان بە مافەکانیان بووەو ئێمە هیوادارین رۆژێك دابێ کە هەموو خەڵکی جیهان بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. ئێمە هاتووینە کوردستان تا لە وەزعی کوردەکان بکۆڵینەوەو راپۆرتەکە بدەینەوە بە دەوڵەتەکەمانو ئاواتەخوازین وەزعی کوردەکان باشتر ببێو دەسکەوتی کوردەکان هەر ئەوە نەبێ کە جۆرێك سەرەڕۆیی بە جۆرێکی دیکە لە سەرەڕۆیی بگۆڕنەوە".

قازی محەممەد گوتی: "تەواوی خەڵك لەو بەشانەی وڵاتدا کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەکەی من دان، لە دەربڕینو نووسینی ئەو شتانەی لە دڵیان دایە، ئازادن". من لە وەڵامدا گوتم: "ئەوەم بە چاوی خۆم دیتوە. لە ئازەربایجانی دێموکراتدا خەڵك تەنها ئیزنی ئەوەیان هەیە کە رادیۆی تەورێزو رادیۆی مسکۆ بگرن. لە حاڵێکدا شەوی رابردوو لە شەقامەکانی ئەو شارە (مەهاباد)دا دەنگی رادیۆی لەندەنو رادیۆی ئانکارام گوێ لێبوو."

قازی محەممەد کە دیاربوو ئەوە قسەیەی منی پێ خۆش بووە، گوتی: "وەزعی تەورێزو مەهاباد بەتەواوی جیاوازییان هەیە." بەڵام کاتێك بۆمان گێڕایەوە کە ئێمە لە سنووری دەوڵەتەکەیدا تووشی هێندێك گیروگرفت بووین، پێی تێك چووو هەروەها کاتێك پێم گوت لەوە کە لە بنکەی فەرماندەیی ئەودا پۆستێرە تەبلیغاتییەکانی شوورەوی دەبینم سەرم سووڕ ماوە، گوتی: "کوردەکان ناچارن هەر کەسێك یارمەتییان پێ بکا قبووڵی بکەن، بەڵام سەر بۆ هیچ زۆرداریێك نەوی ناکەن. ئێمە سکاڵایەکمان بڵاو کردەوەو لەودا سکاڵای خۆمان بە سێ دەوڵەتی سەرکەوتوو لە شەڕدا کە بەشداری کۆنفرانسێکی ئورووپایی (پۆتسدام) بوون، راگەیاند. بەڵام ئینگلیسییەکانو ئامریکاییەکان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدا". ئەو پاش ئیشارەکردن بە مەنشووری ئاتلانتیك گوتی: "هەموو کوردەکان هیوادار بوون کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ـ پێشکەوتووترین میللەتی جیهان ـ ئەوان لە زاڵبوون بەسەر دواکەوتوویییەکانیاندا یارمەتی بدا."

ئەو گوتی: " ئەگەر ئامریکا لە جیاتی ناردنی سێ هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا سەد مامۆستا (معلم)ی ناردبایە، لەو وڵاتە چ دەقەوما؟ بەڵام ئامریکاییەکان لە جیاتی یارمەتیدانی ئێمە، یارمەتی دوژمنانی ئێمە بۆ وێنە تورکەکانیان(*) کردو ئەویش لە رێگای ناردنی چەكو تەقەمەنی بۆ ئەوان بۆ سەرکوتکردنی ئێمە."

پاشان نۆتقێکی کورتی لەبارەی ئاکاری خراپی ئینگلیسییەکان داو کارە جۆربەجۆرەکانی ئەوان لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا بە مەبەستی سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کوردی بۆ باس کردینو بە سەربردەی مەلا مستەفا بارزانی کۆتایی پێ هێنا.

لە لایەکی دیکەش، ئەو سەبارەت بە فەرانسەوییەکان نەزەرێکی باشی هەبوو، ئەو فەرانسەوییانە کە یارمەتیی کوردەکانی سووریەیان دابوو. پاشان بیستمان کە "ناپلیۆن ژاکل" یەکێك لە هەواڵنووسەکانی "فرانس پرێس" کە بیروباوەڕی چەپی هەبوو، لەم دواییانەدا سەردانی مەهابادی کردبووو بەدوای ئەو سەفەرەدا هێندێك وتاری بە قازانجی کوردکان لە چاپەمەنیی فەرانسەدا بڵاو کردبۆوە.

... بەگشتی خەڵك لە قازی محەممەد رازی بوونو دەیانگوت کە پێکهاتنی دەوڵەتەکەی ئەو لە دوای قۆناغی رەزا شا، سەرکەوتنێکی گەورە بووەو تەنیا نیگەرانی ئەوەن کە ئەو دەوڵەتە نامێنێ.

من لە راپۆرتەکەمدا پۆختەی روانگەو بۆچوونەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیم کە لە ماوەی مانەوەمان لە مەهابادا لێمان بیستبوون، بەمجۆرە گونجاند:

ئەوان مەمنوونی شوورەوی بوون کە ئیمکانی سەربەخۆیی ئەوانی پێك هێناوە، بەڵام لەسەر دەخاڵەتنەکردنی شوورەوی لە کاروباری وڵاتەکەیانداو هاتوچۆنەکردنی مەئموورانی شوورەوی بۆ سەر شارەکەیان پێیان دادەگرت. (زۆربەی ئەو کەسانە لە رواڵەتدا هەروا لایەنگری ئەشرافییەتی کۆن بوونو وا نەدەهاتە بەرچاو کە مەیلێکیان بەلای کۆمۆنیزمدا هەبێ) ئەوان خۆیان لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە ـ بەڵام شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی ـدا دەهاتە بەرچاو. ئەوان دەیانگوت: "هیوادارین حکوومەتەکەیان ئەوەندە پەرە پێ بدەن کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بگرێتە خۆی. ئەو ناوچانە، ناوچە جنووبییەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێرانیشیان دەگرتەوە...

.

ئەندامانی کومیتە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی ئێران لە ناوچە جنووبییەکاندا زۆر نیگەران بوونو لانیکەم یەکێك لەوان ئیشارەی بە پیلانگێڕیی دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاریی هێندێك لە هۆزە کوردەکان کرد.

سەرلەبەیانیی رۆژی ١٦ی دێسامبر چووینە سەردانی چاپخانەی مەهاباد کە رۆژنامەی رۆژانەی "کوردستان"و هێندێك گۆڤاری کەمتیراژی بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە... . ئێمە هێندێك نوسخەمان لە ژمارەکانی رۆژنامەی "کوردستان" هەر لە سەرەتای دەرچوونەوە وەرگرتو هەروەها چەند گۆڤارو چەند دیوانی شێعر کە تەحویلی بەرپرسی ئیتلاعاتمان دان.

هەر کە کوردەکان زانییان ئێمە تەمای گەڕانەوەمان هەیە، هاتنە لامانو پێیان گوتین کە قازی محەممەد بۆ نانی نیوەڕۆیە بانگهێشتنی کردووین. بەمجۆرە ناچار بووین وەڕێکەوتنەکەمان بخەینە دوانیوەڕۆیە. نزیك نیوەڕۆیە ئێمە دووبارە لەگەڵ قازی محەممەد لە دەفتەرەکەیدا دەستمان کردەوە بە قسەو باس. ئەمجار باسەکەمان زۆرتر لەسەر مەسەلە فەرهەنگییەکان بوو. ئەو گوتی: "خۆشحاڵم کە ئێوە نوسخەی بڵاوکراوەکانی ئێمەتان وەرگرتوە. چونکە حەز دەکەم وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو شتێك لەبارەی ئێمەوە بزانێ. من شتێکم نیە بیشارمەوە."

... نازناوی ئەو ـ قازی محەممەد ـ تەنیا "پێشەوا" بە مانای رێبەر بووو بەرپرسانی وەزارەتخانەکانیشی "رەئیس"یان پێ دەگوترا نەك وەزیر.

وەك لە نیشانەکانڕا دەردەکەوت ئەو هێشتاش خۆی بە مەئموورێکی ئێرانی دەزانیو بە رواڵەت ئامانجی بەکردەوەی وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بوو. ئەوە لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە کوردەکانو ئێرانییەکان خزمی یەکترنو سەبارەت بە رەسەنی کوردەکان کە ئیددیعای دەکرد لە پاشماوەکانی مادەکانن، قسەی بۆ کردین.

❋❋❋

هەر سێ "قازی محەممەد، سەیفی قازیو سەدری قازی" لە دادگایەکی نیزامیو نهێنیدا لە مەهاباد موحاکەمە کرانو لە رۆژی ٢٣ی ژانویەدا بە مەرگ مەحکووم بوون. بەڵام جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامان لە لایەن تارانەوە دواخرا، چونکە "قوام" پێی خۆش نەبوو لە جەنگەی وتووێژە ئاستەمەکانی لەگەڵ شوورەویدا، دەنگو هەڵا بەرز بێتەوە.

ماوەیەکی کورت بەر لە گەڕانەوەی من لە تاران، لە فێوریەی ساڵی ١٩٤٧دا، ژەنراڵ "رەزم ئارا" چووە مەهابادو من بەشی ئەوەندەم دەلیل بە دەستەوە هەبوو کە دڵنیا بم مەئمووریەتی چاوەدێریکردنی بەسەر ئێعدامی برایانی قازیدا بەو سپێردراوە. من چوومە چاوپێکەوتنی جۆرج ئالێنی سەفیرمان تا بزانم ئایا دەتوانین کارێك بکەین.

سەفیرمان لێی پرسیم: "بۆچی ئەوەندە نیگەرانی وەزعی قازییەکانی؟ هەرچی بێ ئەوان لەگەڵ شوورەوییەکاندا هاوکارییان دەکرد"؟

ـ باشە، راستە. بەڵام ئەوان هەوڵیان دەدا هەرچی لە توانایان دایە بۆ باشبوونی وەزعی خەڵك ئەنجامی بدەنو شوورەوییەکانیش تەنیا کەسانێك بوون کە بۆ کۆمەك بەوان عەلاقەیان نیشان دا. ئەگەر ئەوان ئێعدام بکرێن، لە هەموو جێیەك ئێمە بە شەریکی ئەو کارە دەزانن.

ـ باشە، چاوەڕوانی ئەمن چ بکەم؟


پێم وایە ئێوە دەبێ لە شا داوا بکەن دەستوور بە رەزمئارا بدا کە قازییەکان بۆ دادگایەکی عادڵانەو ئاشکرا بێنێتە تاران.

لەسەر داوای سەفیر، شا دەستبەجێ سەفیری بۆلای خۆی رێ دابوو. سەفیرمان لەو چاوپێکەوتنەدا هیواداری دەربڕیبوو کە مەسەلەی ئیلاتو یەك لەوان مەسەلەی کوردەکان بە باشی چارەسەر بکرێو پاشان گوتبووی گەرچی قازییەکان لەگەڵ شوورەوییەکاندا هاوکارییان هەبووە، بەڵام خزمەتێکی زۆریشیان بە بواری فێرکردنی خەڵکدا ئەنجام داوە. لێرەدا قسەکەی ئەوی بڕیبووو بە بزەوە لە سەفیری پرسیبوو: "ئێوە ترسی ئەوەتان هەیە کە من ئەوان گوللەباران کەم؟ ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە، دڵنیابن من هەر لە بنەڕەتەوە خەیاڵێکی ئەوتۆم نیە".

تاریكو روونی بەیانیی ٣١ی مانگی مارس، (٢٥ی مارس راستە نەك ٣١) قازییەکانیان بە دەستووری "اعلیحضرت شاهنشاه" لە دار دابوو. لەوانەیە شا راست ئەو کاتەی سەفیرمان دەرگای تالاری پێوە داوەو هاتۆتە دەرە، دەستووری ئێعدامی قازییەکانی راگەیاندبێ.

(*) وا وێ دەچێ قازی محەممەد وشەی "عەجەمەکان"ی بەکار هێنابێ کە لە کوردستانی ئێران مەبەست کاربەدەستە دەوڵەتییەکانە. نووسەر یان وەرگێڕ ئەو وشەیە بە "تورکەکان" حاڵی بووە.

❋❋❋



## حاجی محەممەد ئەسکەندەری

## ئەندامی لەمێژینەی حیزب، کۆچی دوایی کرد

رۆژی ١١ی خاکەلێوە حاجی محەممەد ئەسکەندری (حاجی محەممەد خوازێ) ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

حاجی محەممەد ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە یەکێك لەگوندکانی ناوچەی شەمزینانی باکوری کوردستان لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لەدایك بوە. هەر منداڵ بوو بنەماڵەکەی بەو هۆیە کە بەشداریی لە راپەرینەکانی باکووری کوردستان لە زێدی خۆیان هەڵ دەکەنرێ و روو دەکاتە کوردستانی ئێران و لە ناوچەی وەرمێ دەگیرسێتەوە .

حاجی محەممەد لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرتووەو لە خزمەت بەرەوپێش چوونی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان دا بوە. دوای رووخانی کۆماریش پێوەندی خۆی لە گەڵ تێکۆشەرانی حیزب دەپارێزێ و لە ساڵانی ٤٦ ـ٤٧ یش دا هاوکاریی تێکۆشەرانی راپەرینە چەکدارییەکەی داوە. پاش سەرکەوتنی شۆرشی ٥٧یش حاجی پێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزب نوێ کردەوە لە شەری ٣ مانگەدا نەخشێکی گرنگی لە یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە و دواتریش بەرگری لە ناوچەکانی کوردستاندا گێڕاوە و کراوەتە فەرماندەی هێزی بەرگریی میللی. لە قۆناخەکانی دواتریشدا حاجی محەممەد ئەسکەندەری توانیویەتی درێژە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی بدا و لەوماوەیەدا ئەرك و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری هەبوە.

حاجی محەممەد یەکێك لە ئەندامە هەرە دڵسۆز و فیداکار و قارەمانەکانی حیزبی دیموکرات بوو و تا دواهەناسەش لە خزمەت هاتنە دیی ئامانجە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەیدا بوو .

## کۆچی دوایی باوکێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر

رۆژی ٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٤ی هەتاوی، دڵسۆزی حیزبو گەلەکەمان "کاك محەممەد سەعید ئەحمەدی"، ناسراو بە "کوێخا سەعید"، خەڵکی گوندی "بۆڕیەر"ی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچیدوایی کرد.

کاك محەممەد سەعید، باوکی شەهیدی نەمر کاك رەئووف ئەحمەدییە کە لە ساڵی ١٣٦٧دا لە زیندانی "ئێوینی" تاراندا بە تاوانی بیروباوەری نەتەوەییو ئەندامبوونی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە لایەن دژیگەلییەکانەوە شەهید کراو هەروەها باوکی هاوڕێ کاك ئەسعەد ئەحمەدی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بەڕێزیان پیاوێکی تێکۆشەرو دژیستەمو زۆرداریی بوو و لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتیدا لە دژی ستەمو چەوساندنەوەی ئاغاکان بەربەرەکانێی دەکرد.

هەر ئەم سروشتە شۆڕشگێڕانەیە بووە هۆی ئەوە کە چەند کوڕێکی تێکۆشەری ناوبراو پەیوەست بن بە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتو لە پێناوی ئامانجەکانی حیزبو گەلدا درێژە بە خەباتو تێکۆشان بدەن.

کاك محەممەد سەعید، مرۆڤێکی رەوشتبەرزو نیشتمانپەروەرو جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب بوو و ماڵەکەی پەناگای پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی تێکۆشەرو کوردپەروەریان دەکەینو خۆمان لە خەمی لەدەستدانی ئەو مرۆڤە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەدا بە شەریكو بەشدار دەزانین.

رۆحی شاد

پاشماوەی لاپەڕەی ١

## کۆڕی رێزگرتن لە پێشەوا قازی محەممەد

پاشان چووە سەر باسەکەی کە تەرخانی کردبوو بۆ روحی نەتەوەیی لە بیروباوەڕی پێشەوادا. لەو پێوەندییەدا گوتی، ئەگەرچی ئەو ناوچەیەی کوماری کوردستانی تێدا پێك هاتبوو کەمتر لە سێیەکی خاکی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام پێشەوا ئەو کۆمارەی بە هی هەموو کوردەکان دەزانی، هەربۆیە، باوەشی بۆ هەموو ئەو کوردانە کردبۆوە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا روویان کردبووە کوردستانی ئێرانو بە رێزو پێزانینەوە دەیڕوانیە خزمەتی دڵسۆزانەی ئەوان بەو کۆمارە. بەڕێز مامۆستا پێشنیارێکیشی خستە بەردەم پارلمانو حکوومەتی هەرێمو حیزبو رێکخراوەکانی کوردستان، ئەویش ئەوە کە رۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد بەو هۆیەوە کە ئەو نەمرە لە پۆستی سەرکۆماری کوردستاندا شەهید کرا، وەك رۆژی شەهیدانی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بناسرێ. وتاری مامۆستا حەسەن زادە لەلایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

پێشکەشکردنی باسو لێکۆڵینەوەکان دوانیوەڕۆش درێژەیان هەبوو. لە دوابەشی رێورەسمەکەدا خەڵاتی رێزلێنان بە بۆنەی بەشداری لەم مەراسیمەدا پێشکێشی بنەماڵەی شەهیدان قازی محەممەد، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی، ئەبولقاسمی سەدری قازیو شەهیدانی فەیزوڵڵابەگیو ئەو بەڕێزانە کرا کە وتارو لێکۆڵینەوەیان پێشکێش کردبوو.

پێویستە بگوترێ جگە لە بنەماڵەی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦و کۆمەڵێك رووناکبیرو نووسەری کوردستانی ئێران، ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتیی رووناکبیرو تێکۆشەری کورد لە کوردستانی عێراقو وڵاتانی ئورووپاییەوە بۆ ئەم رێورەسمە بانگهێشتن کرابوون.

کوردستان
ژمارە ٤١٠ (١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٤)

## کورتیلە چیرۆک

## (٣٠٠...)

ناسر فەتحی

ئەم شەو وەکوو هەموو شەوانی تر کاتژمێر بە پەلەو بێ پرس دەڕواو من و ڕەشە چوار مشقی دانیشتووین و لەسەر مەجومعەیەك خەریکی نان خواردنین. هەر لەخۆڕا و بێڕەبت ڕەشە گوتی: هەر شتێك بێ ئەوان زەحمەتیان کێشاوە و خوێندوویانە ئێمەش بە قەولی مەعرووف ..ف..ف..

خەونووچکە دەیبا، سەری دادەخات، دەستێکی بەتەواوی هێزی دەقووچێنێ دەڵێی لەگەڵ ئیزرائیل لەسەر گیان شەریانە و بەهیچ جۆرێ رازی نابێ گیانی داتێ، بە دەستەکەی دیکەی پاروو نانێك ماستاوی دەکا و دەیبا بۆ زاری و بە خەیاڵی خۆی درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: ئا... بۆ وێنە نووسراوەکانیان ..ن..ن....

بەبێ دەنگی دەستی بە نان خواردن کردەوە، وردە وردە سەری شۆڕ بووە سەر قاپە ماستەکە و لە نزێکیدا، داچلکی، گوتی: جا ئەگەر سرنجت دابێ ..ێ..ێ...

دووبارە بێدەنگ بووە و بە وێنەی پیرە پیاوێکی بێ ددان بە لیکاوی زاری پاروو نانەکانی دەخووساند و قووتی دەدان. وەك بێچۆمراوی پڕپۆڵەی لە گەروو بگیرێ وەکۆخەکۆخ کەوت و ئەوەی خواردبووی هێنایەوە.

لەگەڵ قسە بێسەر و بەرەکانی پاروویەکی دیکەی گرت و گوتی:

دا دەست لەسەر نێوچاوانم دانێ!

ئارەقەیەکی سارد نێوچاوانی داپۆشیبوو. بەسەر قۆڵی کراسەکەی بڕێکی ئەسترِی و چاوی لێ کرد و بە ترسەوە پێی نیشان دام و هاواری کرد.

ئەوە فێنە؟! کوتم:

بێ دەنگ بە! بێ دەنگ بە!! بەم شەوە ئەو هات و هاوارەت لە چیە؟! ناخوێن نییە ئارەقەیە .. ئارەقە!..


هێور بووە و وردەوردە خەوی لێ کەوت، بە دەمەوە کەوتە سەر مەجوعمەکەی بەردمی بە ماستەکە بڕێك وەخەبەر هاتەوە و گوتی: تۆڵەیان دەکەینەوە....

ئەوەی کوت و بەبێ پرخە خەوی لێ کەوتەوە.

لە قاپێك شەو دوو چارەگە خەو لێ کەوت. بەرەبەری بەیانیە دەڵێم بیبەمە سەر جێگاکەی خۆی بیخەوێنم کەچی وەخەبەر دێ و منیش پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم با بزانم دەڵێ چی! چاوەکانی هەڵگەڕابوونەوە و بەبێ هێزی قسەی وای دەکرد ئاداری بەسەر پادارییەوە نەبوو. یەك چرکە وەك شێتم هاتە بەرچاو. زۆر مەزلوومانە لێم خۆڕبۆوە و گوتی: بەقوربانی جەدوو ئابادت بم ئاڵاکەم لێ مەستێنەوە! ئاڵاکەم لێ مەستێنەوە! ئاڵاکەم ..لێ..مە..ستێنەوە....

ئەوەی گوت و بۆ یەکجاری و بۆ هەمیشە خەوی لێ کەوت.

## مەرگە خەون




کۆمەڵە شیعر

شاعیر: ئەمین گەردیگلانی

## عەگیدی جمۆ:

# با هونەرمەندانی ئێمە دڵخوازانە نوێخوازی بکەن، بەڵام ڕەگەزی کوردانە نەدۆڕێنن

ئا: ئەمیر شوعاعیوەند

**لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا هونەر و هونەرمەندان جێگەیەکی تایبەتییان هەیە. کوردەکان بۆ ئەوەی ناویان نەسرێتەوە و هەروەها بۆ ئەوەی کە بسەلمێنن نەتەوەیەکی رەسەنن، زمان و هونەریان کردووە بە مەتالێکی بەهێز لەبەرامبەر شمشیری تیژی سەردەستان دا، یەك لەو شوێنانە کە هونەرمەند و روشنبیر، نووسەر، شاعیر و سازبەندی لێ هەڵکەوتوون قەفقازیایە، کوردەکانی قەفقازیا کە لە وڵاتی باب و باپیرانیان دوور کەوتوون بە حەسرەتی ئەوە کە رۆژێك بگەڕێنەوە، نەك لەنێو فەرهەنگی ئەرمەنیەکاندا نەتوانەوە، بەلکو زیاتر لە کوردەکانی پارچەکانی دیکە بە فەرهەنگی خۆیانەوە گرێدراو مانەوە تەنانەت باندورێکی زۆریشیان لەسەر فەرهەنگی ئەرمەنیەکان دانا. عەگیدی جمو (میری شمشاڵی کوردی) یەك لەو هونەرمەندە ناودارانەیە کە دەنگی گلەییوگازندەی شمشاڵەکەی لە قوڵایی دڵێکی غەمگینەوە زیاتر لە ٥٠ساڵە کە لەسەر شەپۆلی رادیۆی ئێریوان لە هەموو کوردستان بڵاو دەبێ و دەگاتە گوێ هەر کوردێك.**

**چەند رۆژ لەمەوبەر لە شاری سلێمانی فستیڤالی موزیکی کوردی بەرێوە چوو ٢٦-٢٠٠٥/٣/٣٠ کە ماموستا عەگیدێ جمو یەکێك لە میوانەکانی ئەم فستیڤاڵە بوو. لە چاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ میری شمشاڵ و هەڤپەیڤینێکمان پێك هێنا کە لێرەدا پێشکێشی ئێوە هێژایان دەکەین.**



**پ: بەڕێز ماموستا عەگید تکایە خۆتان بە خوێنەران بناسێنن؟**

و: لەساڵی ١٩١٨دا کاتێك کە کوشتاری ئەرمەنیەکان لە تورکیە دەستی پێکرد باب و باپیرانی ئێمە لەبەر ئەوەی کە ئێزدی بوون کەوتنە بە هێرشی عوسمانیەکان، دەگەڵ ئەرمەنیەکان وڵاتیان جێهێشت و هاتن بۆ ئەرمەنستان. باب و باپیری من لە گوندی گەردەشەر نیشتەجێ بوون و من لە ساڵی ١٩٣٢دا لەو گوندە لەدایك بووم و تا ئێستا ژیانی من لەوێ بەردەوامە. خەڵکی گوندی ئێمە نیوە ئەرمەنین و نیوەش کوردی ئێزدین.

**پ: ماموستا کاری هونەریتان چۆن دەست پێ کرد؟**

و: کاتێك کە ٨ساڵانە بووم حەزم زۆر لە هەڵپەرکێ و مۆسیقا بوو ئەوکات ئەگەر شاییەك لە گوندی ئێمە یان گوندەکانی دەوروبەر ساز ببا، من دەچووم و تا بەیانی گوێم لە مۆسیقا و گۆرانی رادەگرت، بەو شێوەیە عەلاقەیەکی زۆر بەنیسبەت مۆسیقا لەمن دا پەیدا بوو. رووبارێك لەلای گوندی ئێمە هەیە بەناوی چەمی رەش، وەبیرم دێ ئەوکات دەچووم بۆ سەر چەمی رەش قامیشم دەکەند و شمشاڵم پێ ساز دەکرد لەبەر ئەوە کە عەلاقەیەکی یەکجار زۆرم بە شمشاڵ پەیدا کردبوو و هەر ئەو عەلاقەیە وای لێ کردم کە زوو فێری ژەنینی شمشاڵ بم. بەجۆرێك کە خەڵك پێیان سەیر بوو کە من لەو تەمەنەدا بەو جۆرە شمشاڵ لێ دەدەم. ئەوکات ئێواران زۆرجار دەچووم بۆ سەربان و شمشاڵم لێ دەدا، وەبیرم دێ خەڵك دەیانگوت هەستن دیسان کەژۆ (عەگید) چۆتە سەربان، با پێی بڵێین شمشاڵمان بۆ لێدات، منیش شمشاڵم لێ دەدا و خەڵك گوێیان رادەگرت.بەو شێوەیە بوو کە من هاتمە نێو هونەری مۆسیقا و لەو کاتەوە تا ئێستا هەر بەردەوامم.

**پ: چۆن بەو تەمەنە کەمەوە تێکەڵی گروپە هونەرییەکان بووی؟**

و: لەپاش ماوەیەکی زۆر کە خۆم تەنیا شمشاڵم لێ دەدا رۆژێك مۆسیقا ژەنی بەناوبانگی ئێمە ماموستا "شاملی بەکۆ" لەگەڵ گروپە هونەرییەکەی هاتن بۆ دێی ئێمە و کونسێرتێکیان ساز کرد منیش لەوێ حازر بووم. هەندێك لە گوندییەکانی ئێمە بە ماموستا شاملیان گوت کە عەگید زۆر موسیقای خۆش دەوێ و بە جوانی شمشاڵ دەژەنێ. ماموستا شامل منی بانگ کرد و داوای کرد کە شمشاڵی بۆ بژەنم، کاتێك کە شمشاڵەکەم لێدا. ئەو زۆری پێ خۆش بوو و داوای لەمن کرد کە لەمەولاوە لە گرووپی ئەوان دا کار بکەم منیش ئەوەم یەکجار زۆر پێ خۆش بوو. بەم شێوەیە من تێکەڵی یەکەم گرووپی هونەری بووم و تەنانەت چەند ساڵ لەو گرووپەدا کارم کرد و زۆر ئەزموونی چاکم بەدەست هێنا. پاشان لەلایەن رادیو ئیرەوانەوە منیان بانگهێشت کرد و داوایان کرد کە لە بەشی مۆسیقای رادیو دا کار بکەم منیش ئەو داوایەم قەبووڵ کرد و لەوێشەوە درێژەم بە کارە هونەرییەکەم دا.

**پ: ماموستا لەنێو کوردەکاندا بەتایبەت کوردەکانی قەفقاز جەنابتان بە میری شمشاڵ ناسراون دەکرێ بڵێی میری شمشاڵ لەلای تۆ، ئەو کەسەی کە جەنابتان بە ماموستای خۆتان دەزانن کێیە؟**

و: لە ئیرەوان بێجگە لەمن زۆر کەس شمشاڵ ژەنی چاك بوون وەك "تاهری ئەمین"، "لەزگینی فرو"، "عەلی خانیتاهر" و هتد بەڵام لەلای من میری شمشاڵ فەقەت شاملی بەکۆیە. ماموستا شامل لەکاری مۆسیقا دا خاوەن پلەیەکی بەرز بوو، ئەگەر کە ئێستا ناوی من میری شمشاڵ بێ، من خۆم بە قوتابی ماموستا شامل دەزانم.

**پ: ئێوە زۆرتر لەکوێ و لەگەڵ کام هونەرمەندان کاری هونەریتان کردووە؟**

و: پێش ئەوەی کە من بچم بۆ رادیو، ئێمە گروپێکمان هەبوو کە دەنگ بێژی گرووپەکەمان خاتوو سوسەنی سم بوو. ئێمە چوارساڵ پێکەوە کارمان کرد، پاشان کە هاتم بۆ رادیو لەگەڵ خاتوو ئاسلیکا قادر چەند گۆرانییەکی نوێمان ساز کرد، هەروەها لەسەر دەستی ماموستا رەشید، عەرەب شامیلوف و عەسکەر بوویێك زۆر گۆرانی و سروودی بەنرخمان ساز کرد. ئەو دەنگ بێژانە کەمن کارم لەگەڵ کردوون مەجید سلێمان، عەفۆی ئەسەر، کاراپێتێ خاچو و زۆری دیکە هەن کەنێویانم لەبیر نەماوە.

**پ: ماموستا دەکرێ بڵێی کە دەستپێکی کارتان لە رادیو چۆن بوو؟**

و: بەڵێ، لەساڵی ١٩٥٥دا کاتێك کە جاسمی جەلیل بەرپرسی رادیو بوو، منی بانگ کرد بۆ رادیۆ داوای کرد کە بەرپرسایەتی بەشی مۆزیکی رادیو وەئەستو بگرم، لەوێش من ٣٠تا٣٥ ساڵ کارم کرد. ئەوکات لەگەڵ کاری رادیو من لە کولێژی مۆسیقای "رومانسی میلیکان" بە شەو دەرسم دەخوێند، هاودەم لەگەڵ ئەو کارەش لە زانکۆی هونەری بەشی ئاکادیمیای موسیقا دا ٥ ساڵ کارم کرد ئەو کات من زۆر ئاوازی فانتیزی و نوێم لەسەر نۆت دابەزاند کە هەندێك لە مۆسیقاژەنانی بەناوبانگی ئەرمەنی وەك قاراجانیان و لێوئارایان کاری ئیجرائییەکەیان وەئەستۆ گرت.

**پ: هەروەها بۆ خۆتان دەزانن ماموستا کاراپێتی خاچۆ، کوچی دواییان کرد ئێوە ئەو رەنج و زەحمەتەی کە کاراپێت لەپێناو گەشاندنی هونەری کوردیدا کێشای چۆن دەنرخێنن؟**

و: پێم خۆشە لەپێش دا ئەوە بڵێم کە هونەرمەند دوو جۆرن: هەن ئەوانەی کە بە رەگ و ریشەوە تێکەڵی هونەر دەبن و هەن ئەوانەی کە بە لاق تێکەڵی هونەر دەبن، کاراپێت ئەو پیاوە گەورەیە ئەرمەنی بوو. بەڵام بە هەموو عەشق و روحی خۆیەوە تێکەڵی هونەری کوردی ببوو، ئەو نرخەی کە کاراپێت بۆ مۆزیك و فەرهەنگی کوردی داناوە قەت پەسن ناکرێ، ئاخ ... تازە جێی ئەو پیاوە مەزنە پڕ نابێتەوە.

**پ: ئێوە جاری یەکەم چۆن کاراپێتتان ناسی؟**

و: تازە چەند ساڵێك بوو کە من لە رادیودا کارم دەکرد، رۆژێك پوورم هاتە ماڵی ئێمە و پێی وتم جیرانێکمان هەیە کە کرمانجی زۆر خۆش دەچڕێ، منیش چوم بۆ ئەوێ و کاراپێتم دیت. من و کاراپێت سەبارەت بە دنگ بێژی ئەو پێکەوە قسەمان کرد، کاتێك کە دەستی بە چڕین کرد، بەراستی منی بردە ناو عالەمێکی تر دەنگی زۆر دلنشین بوو، دوایی پێم وت کە من چەندین ساڵە کە لە پیاوێکی وەك تۆ دەگەڕێم، تۆ لێرەی و من نازانم؟!! بەو شێوەیە بوو کە کاراپێتیش تێکەڵی خەباتی رادیو بوو.

**پ: ماموستا ئێوە هیچ بەرهەمێکتان وەکوو سی دی یان فیلم بڵاو کردووە؟**

و: بەڵێ، بێجگە لە بەرهەمەکانی من لە رادیودا زەبت و ئێستاش بڵاو دەکرێن زۆربەی بەرهەمەکانی من وەکوو سیدی بڵاو بوونەتەوە، هەروەها لەبواری فیلمیش دا دەتوانم بڵێم کە فیلمە دێکومێنتەکەی ماموستا عەرەبی شامیلوف دا کە لەسەر رەوشی کوردەکانی سوڤیەت ساز کراوە روڵم بینیوە و بەشی مۆزیکی ئەو فیلمەشم وەئەستۆ گرت.

**پ: ئێوە تا ئێستا لە دەرەوەی ئەرمەنستان هیچ کۆنسێرتێکتان پێشکەش کردووە؟**

و: من لە زۆر گرووپی هونەریدا کارم کردووە، ئێمە زۆرجار لە دەرەوەی وڵات بانگهێشت کراین و کۆنسێرتەکانمان زۆرتر لە ئازەربایجان، گرجستان، روسیە، ئورووپا و باکووری کوردستان بەرێوە چوون.

**پ: ئێوە ئێستا سەرقاڵی چ کارێکن؟**

و: کاری سەرەکی من کاری هونەرییە و تەنانەت تا ئەو رۆژەی کە هەناسەم بێ هونەرەکەم درێژە پێ دەدەم من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو رۆژەی کە نەتوانم کاری هونەری بکەم تازە ناتوانم هیچ کارێك بکەم، لەبەر ئەوەی کە هونەر تەواوی هێز، هەناسە و عەشقی منە.

**پ: بەرای ئێوە هونەرمەندەکانی ئێستا تا چ رادەیەك خزمەتی هونەری رەسەنی کوردی دەکەن؟**

و: من دژی هونەری نوێ نیم، هونەر نوێ دەبێ و پێش دەکەوێ من دەڵێم با هونەرمەندەکانی ئێمە کاری نوێ بکەن، هەر جۆر کە ویستی دڵیانە، بەڵام لەکاری خۆیاندا رەگی هونەری کوردی بزر نەکەن. بۆ نموونە گۆرانییەکانی جوان حاجۆ شتێکی نوێن هەر لەبەر ئەوە زۆر کەس لەدژی رادەوەستن بەڵام ئەو کارێکی جوان نیە، لەبەر ئەوەی کە گۆرانییەکانی حاجۆ هەڵقوڵاوی رەسەنایەتی کوردین، لێرەدا موشکل ئەوەیە کە زۆر کەس هەست بەو شتە ناکات.

**پ: ئێستا دەست و داری هونەرمەندانی کورد لە ئەرمەنستان دا چۆنە؟**

و: نازانم چی بڵێم، ئێستا زروفێکی باشمان نیە، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی هەرەزۆری هونەرمەندانی ئێمە وڵاتیان جێ هێشتووەو چۆن بۆ ئورووپا و روسیە، ئەوانەی دیکەش لەبەر گرفتی ئابووری مەجبور بوون کە دەست لە هونەر بکێشن. بەڵام پێشتر وا نەبوو، ئێمە گرووپی هونەری و فولکلۆری زۆرمان ساز دەکرد و کاری ئێمە سەرنجی لاوانی رادەکێشا و ئەوانی بەرەو کاری هونەری هان دەدا، بەجۆرێك کە ئەگەر هونەرمەندێك کۆچی دوایی کردبا ٥،٦ کەسی لاو جێی ئەو هونەرمەندەیان پڕ دەکردەوە بەڵام ئێستا بە سەختی لە ئەرمەنستان دەنگبێژێکی لاو دەدۆزێوە، کە ئەوە زۆر جێی داخ و پەژارەیە.

**پ: ئێستا پێوەندی ئێوە و ئەرمەنییەکان چۆنە؟**

و: دوو سێ ساڵ لەمەوبەر هەندێك ناراحەتی لەنێوان ئێمەو ئەرمەنییەکان دا ساز بوو بەڵام ئێستا زۆر باشە. دەبێ ئەو چەندە لەبیر نەکەین ئەرمەنییەکان خزمەتێکی زۆریان بە ئێمە کردووە دەتوانین بڵێین کە خەباتی رادیو ئێریوان، رۆژنامەی حەفتا ساڵەی رێیا تەزە ور بە سەدان کتێبی فەرهەنگی بەنرخ کە خەڵکی ئێمە لە ئەرمەنستان کەدێکی گرانیان بۆ داناوە و هەموو لەسایەی سەری ئەرمەنییەکان بەرهەم هاتوون. لە لایەکی دیکەوە ئێمە و ئەرمەنییەکان پێکەوە بووینە ئامانجی هێرشی عوسمانییەکان و هەرلەوکاتەوە لەبەر ئەوەی کە یەك دوژمنمان هەبوو دەستی برایەتیمان بەیەك دا جوان نیە کە ئێمە پێکەوە نەسازێین.

**پ: دوا وتەتان چیە؟**

و: من زۆر خۆشحاڵم کە خۆم لە باشووری کوردستاندا دەبینم، هیوادارم کە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەژێر زۆرلمی زاڵمان دەرکەوێ و ئێمە ببین بە خاوەنی وڵاتی خۆمان. هەروەها زۆر سوپاس بۆ ئێوە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

# وردە ماچەکانی سروەی بەیان

**نمە بابان**
زانکوی کۆیە / کۆلێژی پەروەردە


**ئەو ئێوارەیەی پەلکەزێرینەکانی بەهەشت و**
**بروسکەکانی دۆزەخ هەوری هەستیمان**
**هەژاند**
**ئەو ئێوارەیەی بۆ دواجار هەستمت تەنیا کرد و**
**هاوارت لە ئاسمانی روحم هەڵساند**
**ئەو ئێوارەیە هەرمی وشەی ناخم هەبوو**
**تێکرا دەستیان کردە گریان**
**هێندە گریان تا شێعرێک لەدایک بو**
**شێعریش لەتاوا هۆن هۆن فرمێسکی**
**داباران**
**ئەو ئێوارەیەی تۆ تاوانت کرد**
**بێ هوودە بوی درۆت لەگەڵ چاوانت کرد**
**ئەو ئێوارەیەی زەمینت لە سوڕان خست**
**مانگت لە ئاسمان کرد**
**هەر ئەو ئێوارەیە باڵی پەپولەیەکت**
**بە ئاگری روحت سوتاند**
**میلەکانی کاتژمێری عەشقمت وەستاند**
**ئەو ئێوارەیەی گوڵە سوورە بێنازەکەمت**
**لە ئینجانەی روحتا وەراند**
**لەجێی گوڵم روح و جەستە و هەستمت ڕواند**
**هەر ئەو ئێوارەیە گوڵە نارنجیە رەنگ شێتەکەتم**
**لەگەڵ پێکی مەرگا هەڵدا**
**لە نیوە شەودا**
**ئەو شەوە**
**چەند دلاوا بوو مەرگ**
**چەند قیزەون بو ژیان**
**چەند شیرین بو تامی تاڵی مەوت**
**چەند تاڵ بو نهێنیەکانی ژوان**
**هەر ئەو شەوە روحم بۆ تۆ کردە قوربان**
**بۆ پێشوازی جەژنی قوربان**
**ئای ئەو شەوە چەند وەنەوزم دا**
**تۆش سەدجار مردی هەتا بەیان**
**هەر ئەو شەوە پرسەی عەشقم راگەیاند**
**چاوی شێعریش هۆن هۆن ئەشکی داباراند**
**بەیانیش نە من مردم نە تۆش پەشیمان بوی لە تاوان**
**نە من توانیم تۆ لەبیر کەم**
**نە تۆش شاسوارەکەی جاران**
**نە من توانیم پێنج شەمەکان بهۆنمەوە**
**نە تۆش وردە ماچەکانی سەروەی بەیان......**

## یەکەمین فستیڤاڵی مۆزیکی کوردی لە سلێمانی

پاش نیوەرۆی رۆژی شەمە رێکەوتی ٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٠٥/٣/٢٦ بە یارمەتی وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێکی کوردستان و لەلایەن ئەنستیتووی کەلەپووری کوردەوە لە شاری سلێمانی یەکەمین فستیڤاڵی مۆزیکی کوردی بەرێوە چوو کە تیایدا مۆزیککار و گۆرانیبێژان و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەند و روشنبیرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە بەشداریان تێدا کرد.

فستیڤاڵی مۆزیکی کوردی هەلێکی مێژوویی بوو بۆ سەرجەم مۆزیکارە بەناوبانگ و هەڵکەوتووەکانی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستان بن، تاکوو لە کەش و هەوایەکی ئازاد و کوردستانی ئازاددا لەدەوری یەك کۆ ببنەوە بۆ یەکتر ناسین و ئاڵوگۆڕی بیرورا و هەروەها بۆ گەشەو پەرەسەندن و ناسینی تەکنیك و هونەری مۆزیکی کوردی لە شوێن و پارچە جیاجیاکانی کوردستانەوە، کە تیایدا مۆزیکارە بەتوانا و ناسراوەکانی کورد بە گرووپ و تاك ژەنی و بە ژەنینی ئاوازە نوێکانیان لاپەڕەیەکی رەنگین و بەپێزیان بۆ مۆزیکە کوردی تۆمار کرد، جێگای ئاماژەیە کە یەکەمین فستیڤاڵی کوردی تا رۆژی ٥ شەمە رێکەوتی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٨٤ی هەتاوی درێژەی کێشا.

ئا: شەریف فەلاح (هێژا)




رەنگە دەرفەتێکی مێژوویی بووبێت بۆ بەشدارانی فستیڤالەکە و مۆزیکی کوردی، ئەڵبەت ئەم هەلومەرجە و بارودۆخەی کوردستان سەرچاوەیەکە بۆ دیداری لەم چەشنە بۆ ئەم فستیڤالە هونەرییە کە دڵنیاین زیاتر هەلێکی نەتەوەیی بووە هەروەها سروودێك کە ئاوێزانی رۆح و ئەندێشە و یادەوەری هەر یەك لە بەشدارانی فستیڤاڵ بووە.

### کتێبی

# رێنوێنی هونەری مۆدێرن

## (لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا)

### بەشی ١٣ و دوابەش

### (زاراوەکان)

نووسینی:لۆردس سیرلۆت
و: ب. هانا

ئۆرفیسم (Orphism)
ئەم زاراوەیە بە هۆی گیوم ئاپۆلینێر بۆ باس کردنی لقێك لە کوبیزم برەوی پێ درا. هونەرمەند بەهۆی ئەو زاراوەیە دەکەوێتە دۆزینەوەی کاریگەریی رەنگ لە پێکهێنانی فەزا دا.

ئێکسپیێرسیونیزمی ئەلمانی German Experssionism
شێوازێکی هونەرییە کە بەر لە شەری جیهانی یەکەم لە ئەلمان پێك هات و لەو شێوازەدا سۆز و کاریگەرییە دەروونییەکانی هونەرمەند گرنگییەکی تایبەتی پێ درا.

ئێکسپیێرسیونیزمی هەڵبڕاو Abstract Expressionism
شێوازێکی وێنەکێشی تایبەت بە سەرەتای سەدەی بیستەمە کە هەوڵ دەدا هەست و سۆز لە رێگای لێکدانی فۆرمە هەڵبڕاو (ئابستراکت)ەکانەوە دەربڕێ. وێنە ئێکسپیێرسیونیستییە هەڵبڕاوەکان، لە پرونەکاون و بە گوێرەی گەڵاڵە یا هزرێکی پێشتر ئامادە کراوەوە، ناکێشرێنەوە. فۆرم لەم جۆرە بەرهەمانەدا خاوەنی تایبەتمەندیی تاکەکەسین. رەنگەکان زۆر بە پێزن و کار بە قەڵەم موو جۆرێك لە توندوتیژی لەگەڵ دایە.

ئیمپێرسیونیزم Impressionism
شێوازێکی هونەرییە کە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٥لە فەرانسە پێك هات و فۆرمی وێنەی نوێ و سادەتری کە بناغەکەی لەسەر تێگەیشتن بە هەست دامەزرابوو، لە رێگای یاریی دوولایەنەی نوور و رەنگەوە جێبەجێ دەکرا، کرد بە جێنشینی "تمثل" و پێشاندانەوە بە مانا باوەکەی.

هەڵبراوگەری Abstractionism
شیوازێکی هونەرییە کە دەوروبەری ساڵی ١٩١٠ بەهۆی واسیلی کاندینسکی پێك هات. هێز و پڕپێز بوونی رەنگ و گەڵاڵەی سەربەخۆ لە بابەتی بەرهەم، لەم شێوازە هونەرییەدا پێی لەسەر دادەگیرێ.

باوهاوس Bauhaus
هونەرستان (پەیمانگەی هونەری)ی ئەلمان کە ساڵی ١٩١٩ دامەزرا و، لەسەر زانست و تەکنولۆژی وەك سەرچاوە گەورەکانی هونەر و بیناسازی پێی دادەگرت. زۆر لە پلانە هونەرییە هاوچەرخەکان لەو قوتابخانەوە، سەرچاوەیان گرتووە.

پۆست ئیمپیرسیۆنیزم Post – Impressionism
زاراوەیەکە کە گۆرانە جۆراوجۆرەکانی وێنەکێشان لە فەرانسە، لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٨٠دا، دەگرێتە خۆی.

پۆل برووکەDie Brucke
ناوی گرووپێك لە وێنکێشان لە ساڵی ١٩٠٥ بەهۆی ئەرنێست لودویگ کرشنێر لە شاری "درێسدێن"ی ئەلمان پێك هات. سەرەتای بزووتنەوەی ئێکسپێرسیۆنیزم دەگەرێتەوە بۆ ئەم گرووپە.

تەکنیکی خاڵڕشتن Divisionist technigue
جۆرێك تەکنیکی وێنەکێشان لەپێکهێنانی شوێنی بچووکی رەنگکراو بەهۆی قەڵەم موو یا ئامرازی دیکەی وێنەکێشان.

حازر و ئامادەکان Ready – Mades
کۆمەڵە یا تێکەڵاوێکە لە کەلوپەلی ئاسایی رۆژانە وەك بەرهەمی هونەری پێشکێش دەکرێن. ئەم تەکنیکە یەکەمجار ساڵی ١٩١٤ بەهۆی "مارسێل دوشان"ەوە بەکار هێنرا.

دادائیزم Dadaism
بزووتنەوەیەکی هونەرییە کە "تریستان تسارا" ساڵی ١٩١٦ لە زوریخی سویس بناغەکەی دانا. ئەم شێوازە پشت ئەستوورە بە بەخت و رێکەوت و توخمە بێماناکان و ئامانجەکەی، راپەرندنی بەرامبەر لە رێگای پێکهێنانی "شوك"ەوەیە.

دێ ستیل De stijl
بزووتنەوەیەکی هونەرییە کە لە هولەند و بەهۆی پیت موندریان دویسبێرگەوە دەستی پێکرد و لەسەر کەڵك وەرگرتن لە هێڵی راستەوخۆ و پێ دادەگرێ.

رەیونیزم Rayonism
شێوازێکی هونەرییە کە لە کوبیزم، فوتوریزم و ئۆرفیزم لێك دەدا (ئاوێتە دەکا). لایەنی هەرە دیاری ئەم شێوازە کەمکردنەوەی فۆرمەکان بەقەرا نوورە.

سواری ئاوی (شینە سوار) Der Blaue Reiter
ناوی تاقمێك لە هونەرمەندانی ئێکسپێرسیۆنیستە کە لە میونیخ بەهۆی واسیلی کاندینسکی پێك هات و هەر ئەویش رێنوێنی دەکرد.

سوپێرماتیزم Suprematism
شێوازێکی هونەری هەڵبڕاوە کە لە دەیەی ١٩٢٠ سەری هەڵدا. بنەما تیۆریکەکانی ئەم شێوازە هونەرییە کە هونەرمەندی رووسی کازیمیر مالویچ بوون، لەسەر گرینگی فۆرم لە هونەرە تەشکیلییەکاندا پێیان دادەگرت.

سورریالیزم Surrealism
بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی بوو کە لە دەیەی ١٩٣٠ بەهۆی ئاندرێ بێرتۆنەوە وەرێ خرا. چەمکە سەرکییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بریتین لە: خۆ ورووژێنەری ئەوە کە ئیدە و بیر بێ خۆ تێهەلقوتاندنی ئاوەزی لۆژیکی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ و لە پڕێکەوە، لە نەستەوە سەرچاوە بگرێ و ئەزموونە روئیائاساکان.

فروتاژ (قەلەمساوین) Frottage
ماکس ئەرنێست لەم تەکنیکە کەڵکی وەردەگرت، ئەم زاراوەیە بەمانای ساوین (رێخشاندن) یا هەڵگرتنەوەی وێنە لەرێگای قەڵەم رێخشاندنەوەیە.

فوتوریزم Futurism
بزووتنەوەیەکی هونەرییە کە لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٠ لە ئیتالیا پێك هات. هەوڵدان بە مەبەستی پێشکێش کردنی وێنەیەکی زیندوو لە چۆنایەتی ژیانی پڕ لە جموجۆڵی ژیان لە جیهانی هاوچەرخ، بە تایبەتی وزە و جووڵەی سەرچاوەگرتوو لە سەرهەڵدانی پێشەسازییە نوێکان، تایبەتمەندی هەرەدیاری ئەم بزووتنەوەیە بوو.

فوویێزم Fauvim
شێوازێکی وێنەکێشان لە ساڵانی یەکەمی سەدەی بیستەم دا بوو لە دژی لاسایی کردنەوە و هاوشێوە سازیی رووت بوو و سەرلە نوێ پێشاندانەوەی راستی و جێگایەکی لەودا نەبوو. هەروەها شەبەنگی رەنگە بەکار هاتووەکان لە بەرهەم دا بەسەر هەیکەڵە رواڵەتییەکەی دا بالادەست بوو. هانری ماتیس بە نوێنەری سەرەکیی ئەو شێوازە دەژمێردرێ.

ئەرکخوازی Functionalism
بنەمایەکە لە بیناسازیدا کە لەسەر ئەم هزرە دامەزراوە: فۆرمی بینایەك دەبێ دەربڕ و پێشاندەرەی ئەرکەکەی بێ. ئەم هزرە لەسەر ئەم گریمانانە دامەزراوە کە "فۆرم پەیڕەوی ئەرکە".

کۆلاژ Collage
تەکنیکێك بوو کە بەهۆی ئەوەوە هونەرمەند ماددە جۆراوجۆرەکانی وەك کاغەز، پارچە یا موقەووا لە زەمینەیەکی دیاریکراوەوە دەنووسرا.

کۆنسترۆکتیویزم Constructivism
بزووتنەوەیەکی هونەری رووسی کە ساڵی ١٩١٠ لە لەسەر بناغەی ئەو گرێمانەیە دامەزرا کە هونەریش وەك بیناسازی دەبێ خۆی بە کاری بەسوود بۆ کۆمەڵ تەرخان بکا.

کووبیزم Cubism
شێوازێکی هونەرییە کە ساڵی ١٩٠٧ پێك هات. لەو شێوازەدا بابەتی بەرهەمەکە دابەش دەکرێت بە جۆرێکی هەڵبڕاو، زیاتر لە توێی فۆرمە هەندەسییەکان دا، سەرلەنوێ دەخرێنەوە سەر یەك.

کووبیزمی راڤەیی Analytical Cubism
شێوازێکی کویستییە و دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی کووبیزم. هونەرمەند لەو شێوازەدا، شتەکان لە زەینی خۆی دا لێك جیا دەکاتەوە و، بەشە جیاوازەکانیان راڤە دەکا و لێك دەداتەوە. پاشان بە شێوەیەکی نوێ لەسەر بووم دادەنێ.

کووبیزمی لێکدراو Synthetic Cubism
ناوێکە کە لەساڵی ١٩١٢ بەدواوە، پاشی هاتنەگۆڕی کۆلاژ، لەسەر کووبیزم دانرا.

پەیکەرەی جووڵەدار Kinetic Sculpture
پەیکەرەیەکە کە بەشە پێکهێنەرەکانی جووڵەیان هەیە.

پەیکەرەی هەوایی Aerial Sculpture
پەیکەرەیەکە کە لە فەزای دەرەوە و دەوروبەری، بەقەرا خۆی گرنگن.

مودێرنیزم Modernism
بیرێك کە نوێخوازی، گۆران و رتکردەنەوەی رابردووی تێدایە.

وەسەریەك کەوتنەوە Simultaneit
شێوازێکە کە فوتوریستەکان بەهۆی ئەوەوە بە دووپاتکردنەوەی وێنەکان لەسەریەکتر بۆ پێشاندانی هەستی جووڵە بەکاریان دێنا.

یوپلاستیسیزم Neoplasticism
شێوازێکی هونەری بوو کە لە رەش و سپی، زۆرتر لەگەڵ رەنگە سەرەکییەکاندا، بۆ پێکهێنانی فۆرمە ئەندازیارییەکان کەڵکی وەردەگرت.

هونەری هەڵبڕاو Abstract Art
شێوازێکی هونەرییە کە سووژەی لە توێی فۆرمێکی سادەکراو و زۆرتر هەندەسیدا، نیشان دەدا، هونەری ناوێنەیی.

هونەری وێنەیی Figurative Art
شێوازێکی هونەرییە کە کەڵك لە پێشاندانی فۆرم یا پەیکەر وەردەگرێ.

"زاراوەکانی هونەری مودێرن" دوابەشی کتێبی "رێنوێنی هونەری مودێرن" (بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم)ە. وەرگێراوی ئەم کتێبە لە ١٢ بەش دا، لە ژمارەکانی رابردووی "ئەدەب و هونەری"ی کوردستان دا بڵاو بووە. ئەم کتێبە "لوردس سیرلوت" نووسیویەتی و نەسرین هاشمی کردووە بە فارسی. کتێبی "راهنمای هنر مدرن" ساڵی ١٣٧٨ لە لایەن "نشر ساقی" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

وەرگێری کوردی

# ناسیونالیزمی مەدەنی،
# یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی كورد؟

سەركاو

بەشی یازدەهەم

لە بەشەكانی پێشوودا باسی تێگەیشتنی سەقەتی ڕێژیمی پەهلەوی و بەتایبەت سیاسەتی سكولاریزاسیۆنی(secularizayion)ی ڕەزاشا كە لەڕاستیدا (ڕاڤەی عەتاتورك) یانەی سكولاریزم بوو كراو هەروەها ئاماژەش بەوە كرا كە سەرهەڵدانو چالاكیە هزریو پراكتیكیەكانی ڕێكخراوە ئیسلامیەكان بەتایبەت پاش كودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ دژ كردەوەیەك بوو لە هەمبەر ئەو سیاسەتە شكست خواردووەی ڕێژیمی ناوبراودا كە "دوو بزاڤی ریفۆرمی ئایینی، یەكێكیان لە سەرەتای دەیەی ١٣٤٠ زنجیرە باسو دوانگەلێك لە ژێر ناوی "وتاری مانگانەی ئایینی"و ئەوی دیكەش ماوەیەك دواتر لەسەر تەوەری حسێنیەی ئیرشاد (١٣٤٦ـــ١٣٥٢) دەكرێ وەك جۆرە ململانییەكی كولتووریبە مەبەستی بەرۆژەف كردنو پاراستنی ڕۆڵی ڕووحانیەت دابنرێن كە ئەم ڕەوتە لە درێژەی خۆیدا بووە هۆی زاڵبوونی دیسكۆرسی ئیسلامی سیاسیو هێزپێدانی پێڤاژۆی بە پیرۆز كردن(sacralizution) لە ئێراندا. ئەوەش پتر لەو بڵاڤۆك، كتێب، وەشانخانە ئیسلامییانەو هەروەها خوێندنگە ئایینیانەدا بە شێوەیەكی بەرچاو ڕەنگی دایەوەو باندۆرێكی زۆر لەسەر خوێنەرانو لایەنگرانی ئەم چەشنە باسانەو بە تایبەت لاوان دانا"[١] و بەم چەشنە سكولاریزاسیۆنی بێ بناخەو لاوازی ڕێژیمی پەهلەوی بەرەبەرە لە بەرامبەر هێژمونیی ئیسلامیزاسیۆندا پاشە كشەی كردو پاش شۆڕشی ٥٧یش بە كردەوە دیسكورسی نەریتخوازانە (traditionality) بە تەواوەتی زاڵبوو.

**١ـ دیسكورسی نەریتخوازانەی ئیدئولوژیكی كۆماری ئیسلامی**

ئەم دیسكۆرسی (diccourse)ە. " ئایینی ئیسلامو فەرمانەكانی وەك تەنیا ڕێگا چارە سەری كێشەكانی كۆمەڵگاو سەردەمی مودێرن پێناسە دەكاو گەرانەوە بۆ بنچینەكانی ئیسلام لە هەموو بوارەكانی كۆمەڵگادا پێڕەو دەكا". پێكهاتەی ئەم دیسكورسە بریتییە لە ١) بیردۆزیی سیاسیی شێعە" ٢) هێندێك لە لایەنەكانی پاتریمۆنیالیسمی سوننەتی" ٣) هێندێك دەسكەوتی مودێرن وەك (پارلمانتاریلیسمو هەڵبژاردن)" ٤) دێموكراسییەكی ڕواڵەتی (دێموكراسی سووری)" ٥) ئۆتۆریتەی كاریزمایی، بە هەموو شێوەیەك جەخت لەسەر هێندێ بنەماو پرەنسیپ وەك، ڕێبەریی دیسیپیلینو ڕاگرتنی كۆمەڵایەتیو ئەخلاقی بەهاو سوننەتییەكان، بژاردوە خوازیی سیاسیو كونتڕۆڵی كولتووری دەكا كە دەستەبەری دەسەڵاتەكەی دەكەنو لە هەمان كاتیشدا دژایەتیی زۆربەی بنەماكانی شارستانییەتو كولتووری ڕۆژئاواو ناسیۆنالیزم دەكاو وەك مەترسییەك بۆ سەر دەسەڵاتو بەهاكانی خۆی چاویان لێ دەكا"[٢]

بە گشتی بنەمای ڕەوایەتی لە كۆماری ئیسلامیدا تێكەڵاوێكی سەیرو سەمەرەیە لە هەر سێ جۆرەكانی ڕەوایەتی واتە ڕەوایەتی سوننەتی ـ ئایینی لە شورای نیگابان ـ ڕەوایەتیی كاریزماتیك ـ تیوكراتیك (نیهادی ویلایەتی فەقیە)، ڕەوایەتیی قانوونی ـ دێموكراتیك (مەجلیس ، نیهادی سەركۆماریو شووراكان)

**٢ـ قانوونی بنەرەتیی كۆماری ئیسلامی**

قانوونی بنەرەتیی كۆماری ئیسلامی لەسەر دوو بنچینەی دژ بەیەك، ناتەبا (paradoxal) دامەزراوە كە هەركام لەو بنچینانە بە جۆرێك دەسەڵاتو حاكمییەتی سیاسی پێناسە دەكەنو زەمینەیان بۆ كێشەو ناكۆكی لە نێو خۆی دەسەڵاتدا پێك هێناوە. چونكە بە پێی ئەو دوو بنچینە قانوونییە، سەرچاوەكانی ڕەوایەتی جیاوازنو "لەودا [قانوون] بە شێوەیەكی نەزانانە، هەوڵ دراوە كە دوو چەمكی دژ بە یەكی حاكمییەتی میللەت (چەمكی دەسەڵاتی دێموكراتیك) (ئەسڵی ١) و ویلایەتیی فەقیە (چەمكی ئیلاهیی دەسەڵات ئەسڵی) ٥)دا لێك گرێ بدرێن، بەڵام لە ڕاستیدا بەم كارە شتێك بە ناوی دەسەڵاتی حاكمییەتی میللی نەماوەتەوە. مەجلیسی قانووندانان لە پاوانی شەش

**قانوونی بنەرەتیی كۆماری ئیسلامی لەسەر دوو بنچینەی دژ بەیەك، ناتەبا (paradoxal) دامەزراوە كە هەركام لەو بنچینانە بە جۆرێك دەسەڵاتو حاكمییەتی سیاسی پێناسە دەكەنو زەمینەیان بۆ كێشەو ناكۆكی لە نێو خۆی دەسەڵاتدا پێك هێناوە**

فەقیهی دانراوی ڕێبەر (وەلیی فەقیە) دایە. سەركۆماری هەڵبژێردراوی خەڵك دەسەڵاتێكی ئەوتۆی نیەو پاڵهێزە ڕاستەقینەكانی ئیقتیداری حكوومەت، ئەرتەش، سوپای، پاسداران، هێزە ئینتیزامیو تەناییەكان، ڕادیۆو تەلەفیزیۆن، كۆڕیو دیاری كردنی بەرژەوەندەكان، ڕێكخستنی پێوەندی نێوان سێ دەزگاكە، دارشتنی سیاسەتە سەرەكییەكانی وڵات... لە دەسەڵاتی ڕێبەردایە. كە سەرەڕای ئەوەی كە هەڵبژێردراوی خەڵكیش نیە، سەرۆكی دەزگای ڕاپەراندنە. بەڵام سەركۆماری پەلوپۆكراویش بەناو بەرپرسیاریەتیی جێبەجێكردنی قانوونی بنەرەتیی لەسەر شانەو هەروەها لە هەمبەر مەجلیسی قانووندانانو ڕێبەرو دەزگای داددا بەرپرسیارە، تارادەیەك كە ئەگەر هاتو بە پێی لێكدانەوەی دیوانی وڵات ئەركەكانی خۆی بەڕێوە نەبردن، یا ئەگەر مەجلیسی قانووندانەری دەنگ بە ناكارامەیی (سەركۆمار) بدا، لە لایەن ڕێبەرەوە لەسەركار لادەبرێ (بنچینەی ١١٠)، سەرۆكی دەزگای دادیش كە فەقیهو موجتەهیدە، ڕێبەر دیاریی دەكا"[٣] هەروەها بنچینەی ١٧٧ نێوەرۆكی بنچینەگەلی پێوەندیدار بە ئیسلامیبوونی سیستەمو دانانی سەرپاكی قانوونو ڕێساكان لەسەر ڕێوشوێنگەلی ئیسلامیو بنەماكانی ئیمانو ئامانجەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێرانو كۆماری بوون حكوومەتو ویلایەتی ئەمرو ئیمامەتی ئوممەتو هەروەها بەڕێوە بردنی كاروباری وڵات لە ڕێگای دەنگی گشتیو ئایینو مەزهەبی ڕەسمیی ئێرانییەوە شتێكی نەگۆڕە".[٤]

چەمكی ئیلاهیی دەسەڵات لە تێزی ویلایەتیی فەقیهی خومەینی لەمەڕ دەسەڵات سەرچاوەی گرتووەو بۆتە ئیدئولوژیی ڕەسمیی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی، لە گۆڕ ئەم چەمكە، كۆماری ئیسلامی لە دەست كەسێك دایە كە بە نوێنەری ئیمامی زەمانو مەزهەبی شێعەی دوازدە ئیمامی دادەنرێو تەنیا لە بەرامبەر خودادا بەرپرسیارە، هەروەها بە پێی ئەم تێزە موسوڵمانان سەر بە كۆمەڵێكی یەكپارچەی ئیسلامی بە ناوی ئوممەتن كە پلەو پایەی ئینسانەكان لەم كۆمەڵەدا بو گوێرەی ڕێژەی ئیمانو دووریو نزیكی لە خوداوە دیاری دەكرێ. نەك لە سۆنگەی تایبەتمەندیگەلی نەتەوەیی كولتووریی، ئایینیو... لە ڕاستیدا ئەم تێزە لەسەر بنەمای حاشاكردن لەو جیاوازییانەو سڕینەوەیان كار دەكا. كەوابوو لێرەدا ململانیەكی بێ كۆتایی لە نێوان دوو چەمكی دێموكراتیكو ئیلاهیی دەسەڵاتی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیدا دەست دەكاو هەتا یەكلاییبوونەوەی یەكجارەكی، ئەم ململانییە درێژەی دەبێ.

"لە ڕاستیدا چەمكی كۆماری یا ئیقتیداری دێموكراتیك لە ئیقتیداری تاكەكان بۆ سەرخستنی بردنەپێشی ئامانجە كۆمەڵایەتی ـ سیاسییەكانی ئەوان جیا ناكرێتەوە، بە گشتی دەكرێ ئیقتیدار بە مانای توانا، لێوەشاوەیی، ئامادەییو توانای شوێندانانی سیاسیو كۆمەڵایەتی لێك بدەینەوە. كاتێك تاكە خودان ئیقتیدارەكان، هەم وەك ئەندامانی سەندیكاو ڕێكخراوە جیاجیاكان، ڕۆڵێكی بەرچاو لە ڕێكخستنی كاروباری بە كۆمەڵ دا وە ئەستۆ بگرن. لە كاتێكی وادا یەكەم، لەگەڵ چەمكی كۆماریدا سەرەدەری دەكەین. چەمكی كۆماری پارادایمێكی دێموكراسیی ڕاستەو خۆی بەشداریكەرانەیەو تەنیا كاتێك دەبێتە كردەكی كە تاكو هاووڵاتی واتە ئەندامی كۆمەڵگایەك نەك هەر ڕۆڵێكیی چالاك لە بیاڤی گشتیدا بگیرێ، بەڵكوو زێدەباری ئەوەش وێرای تاكەكانی دی ئەركی بەڕێوەبردنی كاروباری ژیانی خۆیان وەئەستۆ بگرێ".[٥]

هەروەك ئاماژەمان پێ كرد چەمكی ئیلاهیی دەسەڵات لە قانوونی بنەرەتیی كۆماری ئیسلامیدا، چەمكی حاكمییەتی دێموكراتیكی بە تەواوی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوەو پێشێلی كردوەو لە هەمان كاتدا بە پێچەوانەی ماددەی ٢١٧ی جاڕنامەی جیهانیی مافەكانی مرۆڤە كە دەڵێ: "بناخەو سەرچاوەی دەسەڵاتی حكوومەت، ئیرادەی خەڵكە" كە وابوو بە پێی ئەم ماددەیە كۆماری ئیسلامی خودان ڕەوایەتیی مودێرنو قانوونی نیەو ڕەوایەتییەكەی لە ژێر پرسیاردایە چونكە دەسەڵاتێكی نادێموكراتیك، سوننەتی، توتالیتار، پێشێلكەری مافی مرۆڤەو لەگەڵ چەمكی كۆماریدا دژەو تەنیا دەسەڵاتی تاقمێكی تایبەت لە ئاخوندەكانە نەك هی هەموویان. بۆیە تەنانەت ناشكرێ بڵێین دەسەڵاتێكی تیئوكراتیكیشە.

سەرچاوەكان

**١ـ مشایخی مهرداد، آهنگ شتابان سكولاریزاسیونو سكولاریزم در ایران iran-emrooz**

**٢ـ لوتف پووری رامبود، كێشەی ڕەوایی درێژخایەنەكانی لە كۆماری ئیسلامیدا "كوردستان" ژ ٣٨٣**

**٣ـ لاهیجی عبدالكریم، دموكراسی دینی یا الگارشی فرقەای سایت اخبار روز akhbare-rooz**


**٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو**

**٥ـ جمهوری به مفهوم اقتدار سیاسی اجتماعی فرد بە صورت شهروند http//www.iran-emrooz**

**٦ـ لاهیجی عبدالكریم. دموكراسی دینی یا الگارشی فرقەای**

# ئاورێك لە دۆسیەی چەكی ناوكیی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی

ناسر ساڵحیئەسڵ



كار بەدەستانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ماوەیەكی زۆرە سیاسەتی بانێكو دوو هەوایان لەگەڵ ئورووپاییەكان دەست پێ كردوە، بە هیوای دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ خۆ ڕزگار كردن بە شێوەی دیپلۆماسیی شاراوە، بۆیە خەریكی كات بە فیڕۆدانو خۆ دەربازكردن لەم گێژاوەدان. زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر خرانە بەرباسی دۆسیەی چەكی ناوكیی ئێران لە ئاژانسی نێونەتەویی وزەی ناوكی، كە ئێستا وەك كۆسپو قەیران دۆسیەی چەكی ناوكیی ناسراوە تێ دەپەڕێ. لەو ماوەیەدا دۆسیەی چەكی ناوكیی ئێران لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، بە دەرچوونی بڕیارنامەی كۆتایی شورای دادوەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی لە ئاكامو دەرەنجامی توندی بۆ ڕێژیمی ئێران بە دواوە بووە.

بە سەرنجدان بەوەی كە ویلاتە یەكگرتووەكانی ئامریكا پێی وایە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لە هەوڵی دەست پێڕاگەیشتن بە چەكی ناوكیی دایەو لەم پێوەندییەدا سیاسەتی وەدرەنگ خستنو گنخاندن و بە نهێنی هێشتنەوەی ڕەچاو كردوە، ئامریكا خوازیاری چوونی دۆسیەی چەكی ناوكیی ڕێژیمی ئێرانە بۆ شورای هێمنایەتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان، بەڵام ئورووپاییەكان ڕێگایەكی دیكەیان گرتە بەرو ساڵێك لەمەوبەر وەزیرانی دەرەوەی ئینگلیس، ئاڵمانو فەرانسە چوونە ئێرانو گرێبەستێكیان لەگەڵ كاربەدەستانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی واژۆ كرد، كە بە بەیاننامەی تاران ناسراوە.

لەو بەیاننامەیەدا ئورووپاییەكان دوو داوایان لە كاربەدەستانی ئێران هەبوو، كە بریتین لە:

ئـ ـ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی تەواوی چالاكییەكانی چڕ كردنەوەی ئورانیۆمو دروست كردنی كەلوپەلی سانتریوفووژ ڕاگرێ.

ب ـ كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی بە زووترین كات بێ ئەملاو ئەولا پرۆتۆكۆلی هاوپێچو پەیماننامەی بەرگرتن لە پەرەپێدانی چەكی ناوكیی (NPT) ئیمزا بكەن.

ئورووپاییەكان تێ دەكۆشن كاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران هان بدەن بۆ ئەوەی وڵامی موسبەت بەو گەڵاڵەیە بدەنەوەو بڕیارنامەی شورای دادوەران كە خوازیاری ڕاگرتنی هەمیشەیی چالاكییە ناوكییەكانو چڕكردنەوەی ئورانیۆمە، هەروەها ئورووپاییەكان لە بەرابەر قبووڵ كردنی ئەو مەرجانەی سەرەوە ئامادەن كە لەم بوارانەی خوارەوەدا هاوكاریو یارمەتیی ئێران بكەن:

ئـ ـ ڕێئاكتۆری ئاوی سووك بدەن بە ئێران

ب ـ ئورووپا دانوستانی تیجاریو بازرگانی لەگەڵ ئێران دەس پێ كاتەوە

س ـ پشتیوانی لە ئێران بكا بۆ ئەندام بوون لە ڕێكخراوی تیجارەتی جیهانیدا.

لە لایەكی دیكەوە ئورووپاییەكان بە سەرنجدان بە بونبەست گەیشتنی دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیداو هەروەها بە سەرنجدان بە بیرو ڕای گشتی، خوازیاری بەڕێوەچوونی ئەو ویستانەن لە لایەن كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامییەوە.

ئـ ـ ئێران لە چالاكییە ناوكییەكانی دەست هەڵگرێ

ب ـ پشتیوانی لە تێرۆریسم نەكا، هەروەها دەست لە كارو باری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ وەر نەدا

س ـ تەگەرە نەخاتە سەر ڕێی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو عەرەبەكان

هـ ـ بەندەكانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ لەبەر چاو گرێ

سەر ئەنجام لە حاڵەتێكدا كە ڕازی نەبی، هەڵوێستی ئورووپا وەك هەڵوێستی ئەمریكا دەبێو بەم شێوەیە ئیمكانی ناردنی دۆسیەی ئێران لە ساڵی ١٣٨٤ بۆ شورای هێمنایەتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان زیاتر دەبێ. لەم حاڵەتەدا ئەگەری ئەوە هەیە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئابلۆقەی جۆراوجۆر، یەك لەوان ئابلۆقەی ئابووری ڕووبەڕوو بێتەوە. هەروەها دوایین كۆبوونەوەی نوێنەرانی وڵاتانی ئینگلیس، ئاڵمان، فەرانسە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی ئێران لەمەڕ چارەسەر كردنی كێشەی چەكی ئەتۆمیی ئێران لە سێهەم ڕۆژی خاكەلێوەی ١٣٨٤دا لە پاریس بێ گەیشتن ئاكامێك كۆتای هات. كاتی كۆبوونەوەی دوایی دیاری نەكراوەو گرێ كوێرەی كێشەی ئەتۆمیی ئێران هەروا لە جێی خۆیەتی.

# كۆتایی هاتنی دەورەی ١٦٦ی سەرەتایی پێشمەرگە

ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ٢٧ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی كۆمەڵێك لاوی بەهەستو شۆڕشگێڕی گەلەكەمان پاش كۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بە فەرمی بەریزەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پەیوەست بوون. هەر بەو بۆنەیەوە ڕێوڕەسمێكی بەشكۆ لە لایەن فێرگەی سیاسی نیزامییەوە بە بەشداریی بەڕێز حەسەن ڕەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی، بەرپرسو مامۆستایانی فێرگەو كۆمەڵێك لە كادرو پێشمەرگەكانی حیزب بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەكە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ كرد. پاشان بەشدارانی دەورە لە ڕێژەیەكی نیزامیو شەڕی سەرنێزەدا تواناكانی خۆیان نواند. لە بەشێكی دیكەی ڕێوڕەسمەكەدا بەڕێز كاك حەسەن ڕەستگار وتەیەكی بەو بۆنەیەوە پێشكەش كرد.

بەڕێز ڕەستگار وێڕای پیروزبایی گوتن بەو لاوانەی دەورەی سەرەتاییان تەواو كردووەو "هاتوون بۆ ئەوەی ئەركی پیرۆزی نەتەوەییو ئینسانیی خۆیان بۆ ئازادیی گەلەكەیان بەڕێوە بەرن"، ئاماژەی بە تایبەتمەندییەكانی ئەم سەردەمە كردو گوتی: "سەردەمی ئێستا سەردەمێكی نوێیە، گۆڕان لە هەموو بارێكەوە بە خۆشییەوە ڕووی لە ناوچەكەمان كردوە، وەزعی كورد ئەگەر بەراوردی بكەین دەگەڵ دەیەكانی ڕابردوو و تەنانەت دەگەڵ ساڵانی ڕابردووش، گۆڕانێكی زۆر قووڵی بەسەردا هاتوە. زەمانێك ناوی كوردو كوردستان لە توركیە قەدەغە بوو... ئێستا وەزع بە جۆرێك گۆڕاوە كە تەنانەت نەتەنیا وشەی كوردو كوردستان ناتوانن قەدەغە بكەن، بەڵكوو ڕێگای ئەوەشیان داوە كە تلویزیۆن بە زمانی كوردی بكرێتەوە. لە سووریە كە بەشێك لە میللەتی ئێمەی تێدا دەژی، تەنانەت ناسنامەش بۆ كورد قەدەغە بوو. هەر دوور نەڕۆین پار كوردیان لەسەر تەشویقكردنی تیمی خۆیان قەتلوعام كرد... بەڵام ئێستا لەبەر زەبری نێونەتەوەیی ناچار دەكرێ چاوپۆشی بكا لەو جموجۆڵەی كە بەشێك لە گەلی كوردمان لەو وڵاتە دەیكا."

بەڕێزیان لە درێژەی ئەو بەشەی قسەكانیدا ئاماژەی كرد بەو گۆڕانكارییەی لە وەزعی كورد لە كوردستانی عێراقدا پێك هاتوەو گوتی: "كورد لەم پارچەیە نەتەنیا چارەنووسی كوردستانیان بەدەستەوەیەو بەڕێوەی دەبەن، بەڵكوو لە ڕادەی تەواوی عێراقیشدا، وەزیرو وەكیلنو هیواداریشین كە ڕەئیس جەمهووریش هەر لە گەلی كورد لە كوردستانی عێراق هەڵبژێردرێ..." بەڕێز حەسەن ڕەستگار لە بەشێكی دیكەی قسەكانیدا تیشكی خستە سەر وەزعییەتی كوردو خەباتە ٦٠ ساڵەكەی لە كوردستانی ئێرانو ئاماژەشی بەو دەسكەوتە كرد كە بە پێكهاتنی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵ هاتۆتە دیو بە ڕێك خستنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێرانی وەسف كردو هەنگاوەكانی لەو بارەیەوە بەرز نرخاند.

دواتر ڕاپۆرتی ئامووزشیی فێرگە لە لایەن یەكێك لە هاورێیانی بەشداری دەورە خوێندرایەوە. لە بەشێكی دیكەی ڕێوڕەسمەكەدا خەڵات بەسەر سەركەوتووانی دەورەكەدا دابەش كرا. لە درێژەو نێوئاخنی ڕێوڕەسمەكەدا كۆمەڵێك گۆرانی، شێعر، پەخشان، شانۆو هەڵپەركێ بە هاوكاریی كۆڕی هونەری پێشكەش كران.

# نەورۆز، هێمایەك لە جیاوازیو دەرەتانێك بۆ خەبات

عەولا بەهرامی

لەم دۆخەدا کە بەشی زۆری پارچەکانی کوردستان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ بەشن، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزو ساڵی نوێ ڕەنگو ئاوایەکی جیاواز لە ڕێوڕەسمێکی نەریتیی سەری ساڵو ساڵ نوێبوونەوەی هەیە. ئەوەش تایبەتمەندییەکە کە لەمێژ ساڵە بۆتە خاڵێکی لێك جیاکەرەوەو جیاوازی ئەوتۆ کە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو دەسەڵاتو نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر کوردستانی لێ کەوتۆتەوە. بە پێی گەشەی هوشیاریی نەتەوەیی کورد لە هەرکام لە پارچەکانیشدا ئەو جیاوازییە بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ریتواڵە نەورۆزییەکان لە پارچەکانی کوردستان ببنە دەرەتانێك بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتە دژە کوردییەکانی زاڵ بەسەر پارچەکانی کوردستاندا. لەم بارەیەوە دیارە کە باس لە هەر پارچەیەك لە کوردستانی پارچە پارچەکراو دەکرێ، بەو واتایە نیە کە پێمان وابێ جیاوازییەکانی کوردو دەسەڵاتو نەتەوە زاڵەکان بەسەر کوردستاندا یەك سروشتو شێوازیان هەیە" کورد لە هەرکام لە پارچەکاندا لە ژێر ستەمو ئامانجی کۆمەڵێك سیاسەتی دژە کوردی دایە کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی هەیە لەگەڵ سروشتی جیاوازییە کلتوورییەکانی کوردو نەتەوەی سەردەست یان دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

پێوەندیی نێوان کلتوورو دەسەڵاتی نەتەوەیی، پێوەندییەکی تەواو ئۆرگانیکییە. ئۆرگانیکی بەم واتایە کە لە لایەك ناکرێ باس لە ئازادیو ئامادەییو بوونی کلتوورێك - هەرچەندیش لەگەڵ کلتووره دراوسێیەکانیدا نزیکایەتیی هەبێ - بکرێ، بەڵام باس لە دەسەڵاتی نەتەوەی خاوەن کلتوورەکە نەکرێ. دیارە لێرەدا روونە مەبەست لە دەسەڵاتی نەتەوەی خاوەن کلتوور چیە. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر پێویستە بگوترێ هەرچەند شکڵی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەو نەتەوەیە گونجاوترینو شیاوترین شکڵی ئامادەییو ئازادیی ئەو کلتوورەیە، بەڵام ئەوەی پێوەندیی بە کوردو کلتوورەکەیەوە هەیە، زۆر لەوە دوورە. کورد وەك نەتەوەو وەك نەتەوەیەکی خاوەن کلتووری جیاواز تا ئێستاش لە هەرکام لە وڵاتەکانی ئێران، تورکیەو سووریە، تەنانەت دان بە بوونی کلتووریشی دانەنراوە تا ئەوەی لانیکەم ئازادیی کلتووریی هەبێ.

بەم پێیە نەورۆز وەك توخمێکی کلتووریی بەهێزی کوردان - سەرەڕای ئەوەی بۆ نموونە لە کلتووری فارسەکان کە لە زۆر قۆناخدا لانیکەم کلتوورو زمانەکەیان زمانو کلتووری دەسەڵات بووە، نزیك بووە - بۆتە خاڵی جیاکەرەوەو ناکۆکیی نێوان کوردو نەتەوەو دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. هەر بەم پێیەش خەڵکی کوردستان لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستاندا نەورۆزو ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیان کردۆتە دیمەنێکی پڕشکۆی خەباتی نەتەوایەتی.

سروشتی ئەم شێوازە لە خەبات وێڕای ئەوەی ئامانجێکی خۆسەلماندنانەی نەتەوەیی هەیە، لە هەمان کاتیشدا نیشانەی جیاوازیی نێوان کلتووری کوردو دەسەڵاتە دژە کوردییەکانی زاڵ بەسەر کوردستانەو بەشێوەیەکی گشتی واتای ئەو جیاوازییە قووڵەش دەردەخا کە لە نێوان ئەو جۆرە دەسەڵاتانەو کلتووری کوردیدا لە گۆڕێ دایە.

لەم پێوەندییەدا خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە، تەنانەت لە پارچەیەکی وەك باشووری کوردستانیشدا کە لە لایەك کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی هاتووەو لە لایەکی دیکەشەوە شێوازی خەباتی کورد بۆ چەسپاندنو هێنادیی زیاتری مافەکانی کورد شکڵێکی دیکەی بەخۆوە گرتووە، خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا بە نیشاندانی هێندێك دیمەنو هێما، لێرەشدا جەختیان لەسەر تایبەتمەندییە جیاوازە کلتوورییەکانیان لەگەڵ باقیی پێکهاتەکانی عێراق کردەوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کورد ئەگەر بە قازانجی دەزانێ لە عێراقدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەو مانەوەیە کاتێك بە قازانج دەزانێ کە جیاوازییە نەتەوەییەکانی (کە کلتووریش کۆڵەکەیەکی گرنگیەتی) سەلمابێ.

نەورۆز لە پارچەکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژئاواشدا هەمان شکڵی باس کراوە لە خەباتی نەتەوایەتیی هەیە. کورد لەو پارچانەدا پێبەپێی چوونەسەری هۆشیاریی نەتەوەییو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان هەر ساڵ زێدەتر لە ساڵی پێشوو، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کردۆتە گۆڕەپانێك بۆ سەلماندنی کەسایەتیی نەتەوەیی خۆیو ڕەوایی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش ئاماژە بە هێندێك نموونە دەکەین:

- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز سیمایەکی زۆر جیاوازتر لە ڕێوڕەسمی ساڵ نوێبوونەوەیان پەیدا کردوە. ئەوەش ئەگەر لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی هۆشیاریو هەستی نەتەوایەتی، لەلایەکی دیکەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ زەقبوونەوەی ئەو جیاوازیو ناکۆکییە قووڵەی نێوان کلتووری کوردو ویستی کورد بۆ سەربەستبوونی کلتوورەکەیو کلتووری دەسەڵاتو ویستی دەسەڵات بۆ سڕینەوەی کلتووری کوردی. بۆیە دەبینین ساڵ بە ساڵ زیاتر لە ڕێوڕەسمەکانی سەری ساڵ دەبنە دەرەتانێکی ئەوتۆ کە لە هەموو جێگایەکی ئەو بەشەی کوردستان هاواری مافخوازیو بێزاری لە دەسەڵاتی نامۆ بە کوردو کلتوورەکەی بەرز دەبێتەوە.

- لە باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، پێ بە پێی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو گەشەی هۆشیاریی نەتەوەیی لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵانی کورد لە زۆربەی شارو ناوەندە حەشیمەتییەکان بە کۆبوونەوەی خۆپیشاندانئامێزی دەیانو سەدان هەزار کەسی، نیشانیان داوە ئەوان نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەی سەردەستن بە کلتوورو زمانو هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکەوە. نەورۆزیش لە هەمان کاتدا کە ئەوان لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، گۆڕەپانێکی گەورەی خەباتە کە لە توانایدا هەیە هاوکات بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی شارو ئاواییەکانی کوردستان بێنێتە سەر شەقام.

بەکورتی نەورۆز وەك نەریتێکی کلتووری کوردی لەم دۆخەدا کە هێشتا بەشی زۆری پارچەکانی کوردستان لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی دانو کورد لەو وڵاتانی تورکیە، ئێرانو سووریەدا دان بە مافە نەتەوایەتیو کەسایەتیی نەتەوەیییان دانەنراوە، سروشتییە بکرێتە ئامرازێکی خەباتو تا ئەو کاتەش کە ئەم دۆخە کۆتایی پێ دێ، ناکرێ چاوەڕوان بین کە تاکەکانی کورد وەك نەریتێکی کلتووری لە نەورۆز بڕوانن.

❊❊❊



# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە دەرەوەی وڵات

### ▽ ئامریکا

ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٠ی زایینی، ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی جەژنی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێی هەتاوی لە لایەن کومیتەکانی حیزبو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو بە بەشداری کوردانی دانیشتووی ویلایەتەکانی "وێرجینیا"، "واشنگتۆن"و "مێریلەند"و دەوروبەری، لە ئامریکا بەڕێوەچوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدار بە گۆرانیو هەڵپەڕکێو پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە یەکتر شادیو خۆشحاڵیی خۆیان لە هاتنی نەورۆزو ساڵی نوێ دەربڕی.

### ▽ ئادێلاید ـ ئوستralia

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٥/٣/١٩ی زایینی، بۆ بەڕێوەبردنی جەژنی مێژوویی - نەتەوەیی نەورۆز، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ئادێلاید بە هاوکاری کۆمەڵەی کوردی باشووری ئوستralia، ڕێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ کوردانی دانیشتووی ئەو شارە پێك هێنا.

ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٧/٣٠ دەقیقەی ئێوارە، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی "کۆمەڵەی کوردی باشووری ئوستralia و هەروەها پەیامی پیرۆزبایی کومیتەی حیزب لە شاری ئادێلاید پێشکەش کرا.

پاشان بەڕێز "جەك سنێلینگ" (Jack Snelling)، ئەندامی پارلمانو نێردراوی تایبەتی وەزیری فرەفەرهەنگیی باشووری ئوستralia، پەیامی پیرۆزباییو دیاری تایبەتی وەزیری پێشکەش کرد.

بەڕێز کریس هانا (Kris Hanna)، ئەندامی پارلمانو حیزبی سەوزەکانی ئوستralia و دۆستی حیزب، پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی لە گەلی کورد کردو ئاواتی خواست کە ڕۆژێك بتوانێ سەردانی کوردستان بکا.

هەروەها خاتوو سویگوولد (Suegould)، بە نوێنەرایەتی لە ئیدارەی کۆچبەرانی ئوستralia وە پیرۆزبایی خۆیو ئیدارەکەی پێشکەش کردو دواتر پەیامی پیرۆزبایی "ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان"و چەند پارچە شێعرو پەخشان لە لایەن بەشدارانەوە پێشکەش کرا.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانیو موسیقای کوردیو شاییو گۆڤەندی بەشداران، تا کاتژمێر ١ی شەو درێژەی کێشا.

### ▽ لیلسترۆم

ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٠، کومیتەی ناوچەی حیزب لە لیلسترۆم، بە بۆنەی جەژنی نەورۆز، ڕێوڕەسمێکی ڕازاوەی ساز کرد. سەرەتای دەستپێکردنی ڕێوڕەسمەکە کە تا کاتژمێر ٥ی خایاند، بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

١ـ سروودی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن کۆڕی یەکیەتیی لاوانی حیزب لە ناوچەی لیلسترۆم پێشکەش کرا.

٢ـ ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان

٣ـ پەیامی کومیتەی ناوچەی لیلسترۆم لە لایەن بەرپرسی کومیتە، کاك "قادر ڕەسوولی" پێشکەش کرا.

٤ـ پێشکەشکردنی سروودی نەورۆز لە لایەن کۆڕی یەکیەتیی لاوانی حیزب لە ناوچەی لیلسترۆم

٥ـ پەیامی ئاڕبەیدە پارتی "ARP" لە لایەن جێگری سیاسیی ئەم حیزبە لە ناوچەی لیلسترۆم، بە ناوی "Balile – Ulf" پێشکەش کرا

٦ـ برووسکەی پیرۆزبایی لە لایەن یەکیەتیی لاوانی ARP خوێندرایەوە

٧ـ خوێندنەوەی چەند هۆنراوەو پەخشانێك لە لایەن کاك "محەممەدی مستەفازادە"و "خوشکە مەهناز".

٨ـ سازکردنی چەند پێشبڕکێیەکی جۆراوجۆر بۆ ژنانو منداڵانو هەروەها دابەشکردنی خەڵات بەسەر سەرکەوتووانی پێشبڕکێیەکان لە لایەن کاك "ئیبراهیم لاجانی"و "خوشکە ئایشێ ئەحمەدی".

٩ـ هونەرمەندان "پیران قادرزادە"، "سەمین ئەلیاسی"، "کاڵێ پیرۆتی"، "دانیال"، "مەدینە فەسیحی" بە دەنگە خۆشەکەیانو هونەرمەندانی موسیقاژەن "داروان"، "بێلان"، "کۆمار ولیزادە" بەرنامەکەیان ڕازاندەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانیو هەڵپەڕکێ تا کاتژمێر ١١ی شەو درێژەی کێشا.

### ▽ ڤییەن ـ ئوتریش

ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٥/٣/٢٦ی زایینی، لە شاری ڤییەن ـ ئوتریش، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، ڕێوڕەسمێك لە لایەن "فیدراسیۆنی کورد - ئوتریش"ەوە، پێکهاتوو لە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی سوسیالیستی کوردستانو حیزبی شیوعیی کوردستانو بە بەشداریی نزیك بە هەزار کەس لە میوانەکان بەڕێوەچوو.

کاژێر ٦ی ئێوارە، سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی "فیدراسیۆنی کورد ـ ئوتریش" بە دوو زمانی کوردیو ئاڵمانی پێشکەش کراو بەدوای ئەوەدا پەیامی باڵوێزی عێراق لە ئوتریش، بەڕێز "تارق ئەقراوی"، خوێندرایەوەو هەروەها پەیامی "ڕادیۆ دەنگی ژن" لە ئوتریش پێشکەش کرا.

کۆتاییهێنەری ڕێوڕەسمەکە کۆڕی گۆرانیو هەڵپەڕکێی هونەرمەندانو بەشداربووان بوو کە تا کاژێر ١٢ی شەو درێژەی کێشا.

### ▽ نورهایمسوند ـ نۆروێژ

ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٦، لە لایەن "کۆمەڵەی کلتووری کوردی"یەوە ڕێوڕەسمی جەژنیی نەورۆز بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە شاری "نورهایمسوند"ی نۆروێژ بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی "کۆمەڵەی کلتووری کوردی" لە لایەن کاك "عوسمان مامەش"ەوەو هەروەها باسێك لەسەر نەورۆز بە زمانی نۆروێژی لە لایەن "ئاشنا مامەش"ەوە پێشکەش کرا.

کۆتاییهێنەری ڕێوڕەسمەکە کۆڕی شاییو هەڵپەڕکێی بەشداربووان بوو کە تا کاژێر ١٢ی شەو درێژەی کێشا.

### ▽ بەڕێوەچوونی جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆز لەلایەن کومیتەکانی حیزبەوە لە وڵاتانی نۆروێژو بلژیك

ـــ ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٢ی زایینی، کومیتەی ناوچەیی حیزب لە شاری "هاوگەسوند"ی نۆروێژ بە بەشداریی ژمارەیەك زۆر لە کوردانو لایەنگرانی حیزب ڕێوڕەسمێکی بە بۆنەی جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆز پێك هێنا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە کاژێر ٥ی ئێوارە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، دەستی پێکرد.

پاشان سروودی نەورۆز، پەیامی کۆمەڵەی کوردی، پەیامی کومیتەی ناوچەیی حیزب، پەیامی یەکیەتییەکانی لاوانو ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشکەش کرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا شانۆی "کورسیی بێخاوەن" لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش کرا.

کۆتاییهێنەری ڕێوڕەسمەکە ئاهەنگی گۆرانیو هەڵپەڕکێی هونەرمەندانو بەشداربووان بوو کە تا کاژێر ١٢ی شەو درێژەی کێشا.

ـــ ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٧ی زایینی، بە هاوکاریی کومیتەی حیزب لە بلژیك، ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێکخستنی پارتی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی نەورۆزەوە لە وڵاتی بلژیك ڕێوڕەسمێك بەڕێوەچوو.

کاژێر ٣ی دوانیوەڕۆ، سەرەتای ڕێوڕەسمەکە کە زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتانی بلژیك، هولەندو ئاڵمان تێیدا بەشداربوون، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"، دەستی پێکرد.

دواتر لایەنە سیاسییەکان پەیامی خۆیان خوێندەوەو پەیامی کومیتەی حیزبیش لە لایەن کاك "عەلی ئەشرەف مورادی"یەوە پێشکەش کرا.

هەروەها چەندین خەڵات بەسەر بەشداربوواندا لە باری بەتەمەن ترین پێشمەرگە، چالاکترین ژنی کورد لە بلژیك، باشترین تیپی هەڵپەڕکێو . . .دابەش کرا.

کۆتاییهێنەری ڕێوڕەسمەکە کۆڕی شاییو گۆڤەندی بەشداربووان بوو کە تا کاژێر ١٠:٣٠دەقیقەی شەو درێژەی کێشا.

## بەشداریی نوێنەری حیزب لە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا

لە ڕۆژانی ٢٥و٢٦ی مارسی ٢٠٠٥ی زایینیدا، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان (K.N.C)، لە وڵاتانی ئامریکاو کانادا، کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بەڕێوەبرد.

لەم کۆنفرانسەدا کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسایەتیی کوردو ئامریکاییو... تێیدا بەشداربوون، چەند بابەتو تەوەر وەك، دێموکراسی، فیدرالیزم، سەربەخۆیی، شێوەی کار لە دەرەوەی وڵات، کاری نوێ بۆ مەسەلەی کوردو کاروچالامیی لاوان باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لە ڕۆژی دووهەمی کۆنفرانسەکەدا کە تەرخان کرابوو بۆ باسو لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، کاك خالید عەزیزی، باسێکی لەسەر ڕەوشی ئێرانو کوردستانی ئێرانو سیاسەتو ڕێگاچارەی حیزب بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێراندا پێشکەش کرد.

هەروەها لە لایەن کەسایەتیو نوێنەری ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتیو پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی باسو لێدوان هاتەئاراوەو سەرۆکی KNC سەبارەت بە کارو ئەرکی داهاتووی کۆنگرەی قسەی کرد.

# کوردو نۆهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری

**عەلی بداغی**

نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران، لە کەشوهەوای ئاڵۆزی سیاسیی ئێستادا لە هەلومەرجێکدا لە پێش دایە کە لەلایەك تەواویەتی ڕێژیم زیاتر لە هەموو کاتێك لەگەڵ قەیرانی مەشرووعییەتدا بەرەوڕوویەو هەردوو قۆڵی دەسەڵاتدارو لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەستراوە بە ئەوانەوە هەموو هەوڵو تەقەللای خۆیان دەدەن تا ڕێژیمەکەیان لەم گێژاوە دوژوارەو زەریا خرۆشانە رزگار بکەن. لەلایەکی دیکەوە بەشێکی دیکە لە رۆمانی داستانەکانی نێوان ئێرانو ئورووپای‌یەکان لە هەلومەرجێکدا بە بێئاکامی کۆتاییان پێ هاتوە، کە دۆسیەی ئێران لە بوارەکانی پشتیوانی لە تیرۆریزمی دەوڵەتیو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆتە گۆڕەپانێکی بەربلاوتر بۆ خەبات دژ بە سەرەڕۆیی ئێران.

سەرەتا دەبێ بڵێین کە ڕێژیم تا ئێستا هەڵبژاردنی نەك بە مانای رەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵك بۆ دیاریکردنی دەسەڵات بەکار نەهێناوە، بەڵکوو وەك ماشێنی وەرگرتنو کۆکردنەوەی دەنگ ـ ئەویش لە ڕێگای سەپاندنی یاساگەلی نادێموکراتیكو لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازو فێڵوتەڵەکەی جۆراوجۆر ـ بە مەبەستی رەوایی بەخشین بە دەسەڵاتی ناخەڵکییانەی خۆی بەکار هێناوە. ئەزموونی زیاتر لە ٢٥ جار بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، مەجلیسی شوورای ئیسلامی، خۆبرەگانی ڕێبەریو شوورای ئیسلامییەکانی شارو گوند، سەلمێنەری ئەو راستییەن کە هەڵبژاردن لە ئێران زیاتر بە مانای بەگاڵتەگرتنی کەرەستەو بنەماکانی دێموکراسییە، ئەویش بە مەبەستی قایمکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتێکی نادێموکراتیكو ناخەڵکی.

خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، چ لە "ئەرێ" وتن بە ئاسۆی ئاڵوگۆڕەکانو چ لە "نا"وتن بە ئیرادەی دەسەڵاتداران لە داسەپاندنی ویستەکانیاندا، رۆڵێکی ئەرێنیو بەرچاویان لە رەوتی هەڵبژاردنەکاندا هەبووە. بەڵام سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو ڕێچارە دێموکراتیكو مەدەنییەکان، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ ساڵی رابردوودا هیچ دەسکەوتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یان بۆ کورد لێ نەکەوتۆتەوەو بەشی کورد لە بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسی‌دا بۆ هەمیشە پشت گوێ خراوە.

ئێستا بەدوای بەئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوەی بەناو ریفۆرمخوازیو لە هەلومەرجی هەرچی زیاتر تووشی قەیرانبوونی ڕێژیم لە بواری نێونەتەوەیی، ناوچەییو نێوخۆیی‌دا، بەڕێوەبەرانی ڕێژیم" لە چەپی سوننەتی‌یەوە بگرە تا راستی توندڕەو دەستیان داوەتە تیندانی کوورەی هەڵبژاردنەکان تا بە هەر شێوەیەك بووە خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان راکێشنو لە بەشداریکردنیان لەو هەڵبژاردنە بۆ قایمکردنی کۆڵەکە لەرزۆکەکانی دەسەڵاتەکەیان کەڵك وەگرن. لەم نێوەدا پیلانی نوێی بەناو ریفۆرمخوازان جێی رامانو وردبوونەوەیە. ئەوان بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو رووداوە سیاسی‌یەکان لە ئاستی جیهاندا پرسی گرنگی "نەتەوە"کانی ئێران لە چوارچێوەی "قومیت"یان هێناوەتە گۆڕێو مەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی نەتەوەکانی ئێران بۆ مانەوەی هەرچی زیاتری خۆیان لە دەسەڵاتدا ئاوڕیان لەم پرسە هەستیارە داوەتەوە. لەم نێوەدا هەوڵو تەقەللای کەسانێکی ناسراو بە "ریفۆرمخوازی کورد"ی ئەندامی بەرەی موشارێکەتی ئیسلامیو کارگوزارانی حکوومەتیو بەڕێوەبردنی "دانیشتنی هاوبیریی ئیسلاحخوازانی کورد" لەم پێوەندییەدا جێی تێڕامانو تاوتوێکردنە.

ئەوان لەم دانیشتنەدا وێڕای باسکردن لەو تاڵیو سوێرییانەی کە بە درێژایی مێژوو بەسەر کورددا هاتوە، بە تیشك خستنە سەر مافی کەمایەتی‌یە قەومی ـ مەزهەبی‌یەکان لە چەند ئەسڵێکی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا بەم یاسایەیاندا هەڵگوتو ئەم جارەیان بە زەقکردنەوەی تەرحی ویستو داخوازی‌یەکانی قەومی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی‌دا، دەستیان داوەتە هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنو "لبیك" وتن بە ئەوان. ئاغای رەمەزانزادە، وتەبێژی دەوڵەتو ناسیاوترین مۆرەی ئەم تاقمەش بە مەبەستی خۆدەربازکردن لە بێ ئاکامبوونی ریفۆرمخوازان لە پراکتیزەکردنی دروشمەکانیان لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا، بەشداریی کوردەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا بەستۆتەوە بە دانی گرەنتی لەلایەن کاندیداکانەوە.

لەم پێوەندییەدا دەبێ بڵێین کە" یەکەم، ئاغای رەمەزانزادە بەو پێشینە پرشنگدارەیەوە لە خزمەت بە پاوانخوازیو سیاسەتەکانی ڕێژیم نە نوێنەری نەتەوەی کوردە کە بیهەوێ کاڵای دەنگی نەتەوەی کورد بخاتە بازاڕی هەڵبژاردنەوەو نە دەکرێ قسەکانی وەك ئاڵوگۆڕ لە روانینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆیشی بەشێکە لەو دەسەڵاتە بە نیسبەت نەتەوەی کوردو ویستو داخوازی‌یەکانی‌یەوە دابنرێن.

دووهەم، سەرجەم ئامانجو بەرنامە تیئۆریو پراکتیکی‌یەکانی قۆڵی بەناو ئیسلاحخواز کارکردن لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ولاتو گوایە نەهادینەکردنی یاساو بۆ بەناو ریفۆرمخوازانی کورد، پراکتیزەکردنی ئەسڵەکانی ١٥و ١٩ی یاسای بنەڕەتی‌یە. لە حاڵێکدا لە لایەك سەرچاوەی تەواوی بێبەشی‌یەکان، گەشەنەکردنی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیو ئابووری، توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، سەرکوتو هەڵاواردن، هەمان یاسای بنەڕەتی بووەو لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ دڵنیابین لەوە کە ویستو داخوازی‌یە مێژوویيو سیاسی‌یەکانی کورد لە ئێران لە سەرەوەی ئەم یاسای بنەڕەتی‌یەو لە دەرەوەی زەرفییەتی یاساکانی وڵاتەو، بەکورتی ئەسڵی دەسەڵاتی ناڕەوای ڕێژیمو یاسای بنەڕەتیی لیپاولیپ لە هەڵاواردنی ئێرانی کردۆتە نیشانە.

سێهەم، مەگەر ئاغای رەمەزانزادەو ریفۆرمخوازانی تازە پێگەیشتوو "کاتۆلیكتر لە پاپ"نو ئاغای خاتەمیو ٨ ساڵ دەسەڵاتداریی ناوبراویان لە دەزگای بەڕێوەبەریو سەرکۆماری بە پشتیوانی مەجلیسو پشتیوانیی خۆیان لەبیر بردۆتەوە کە ئێستا لاپەڕەیەکی نوێ دەکەنەوە؟! کارنامەی ٨ ساڵ ریفۆرمخوازی بۆ کۆنترینو ئەسیلترین قەومەکانی ئێران!! چی تێدایە؟ بەشی کوردەکان لە دەسەڵاتی سیاسیو تەنانەت لە کابینەدا تا چ رادەیەك زیادی کردوە؟ لە رادەی بێبەشیو لە دواکەوتوویی‌دا راگرتنو هەڵاواردندا چەندە کەم بۆتەوە؟ ویستو داخوازی‌یە دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد چەند لەبەرچاو گیراون؟

چوارەم، ئاغای رەمەزانزادە لە کام سەکۆو پێگەوە بەم شێوەیە قسە دەکا؟ مەگەر ناوبراو زەرفییەتەکانی یاسای بنەڕەتیی لە یاد کردوە؟ شوورای نیگابان، چاوەدێریی ئیستیسوابی، کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزامو دەیان بەربەستی یاسایی ـ ساختاریی لەبیر بردۆتەوە؟ مەگەر دەکرێ چاوەڕوانیی ئەوەت لە سەرسپاردوەکان بە ویلایەتی فەقیهو دەسەڵاتپەرەستان هەبێ کە باس لە باشبوونو ریفۆرمو پراکتیزەکردنی بکەن؟ مەگەر ئاغای رەمەزانزادەو هاوبیرانی غافڵن لە جێگەی یاسایی کوردەکان لە ئێرانی ئیسلامیو یاسای بنەڕەتی‌دا یا ناگاتە رادەی هاووڵاتیبوونیشو تەنانەت لە تەنیا ئەسڵی پێوەندیدار بە مافی "قومیت"ەکانی ئێرانی نە تەنیا لە کوردەکانو باقیی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی ناوێك نەبراوە، بەڵکوو بە هیچ نەزانینو هێنانەخوارەوەی مافی سیاسیی ئەوان تا رادەی مافی فەرهەنگی ـ ئەویش لە بازنەیەکی گوماناوی‌دا ـ هەر شێوە مافێکی سیاسیی ئەوان رەت دەکاتەوە؟ ئاغای رەمەزانزادە دابینبوونی مافی مێژوویی‌یەکانی نەتەوەی کوردی لە بەڕێوەبرانی هەمان بەندی یاسای بنەڕەتی‌دا دۆزیوەتەوەو چەندە بەجوانی بۆ وەفاداربوونی کاندیداکان بە بەڵێنی‌یەکانیان لەم پێوەندی‌یەدا داوای گرەنتیی هێناوەتە گۆڕێ؟!

پێنجەم، بۆ هەمووان روونو ئاشکرایە کە پێکهاتەی سیاسیی ئێران بەشێوەیەکە کە هەرکەس بیهەوێ بچێتە ناو بازنەی دەسەڵاتەوە، ناچارە لە ناسنامەی خۆی تێپەڕێو لە پایەکانی بۆچوونو تێڕوانینەکانی نیزامدا بتوێتەوە. ریفۆرمخوازانی کوردو یەك لەوان ئاغای رەمەزانزادەش لە دەرەوەی ئەم یاسایە نین. لەلایەکی دیکەوە ریفۆرمخوازان کاتێك کە لە بەرانبەر پاوانخوازاندا رۆژ بە رۆژ ناچار بە پاشەکشەیەکی زۆرتر بوونو نەیانتوانیوە هیچکام لە وادەو بەڵێنی‌یەکانیان جێبەجێ بکەن، ئێستا بە مەبەستی دۆزینەوەی دەسەڵاتی لە دەستچووی خۆیان دەستەو داوێنی نەتەوەکانی ئێران بوونو لە بەرنامەو پیلانێکی داڕێژراوی ڕێکوپێکدا کەوتوونەتە هەوڵو تەقەللا بۆ راکێشانی لایەنگریو پشتیوانیی ئەوان لە خۆیان، بەڵام کێیە کە نەزانێ ریفۆرمخوازو پاوانخواز، چەپو راستی ڕێژیم لە ئیستراتیژی‌دا تەنیا ئامانجیان پاراستنی دەسەڵاتەکەیانو پاراستنی نیزامەکەیانەو ئاغای تاجزادەش دانی پێدا نا کە ساڵی ٧٦ ریفۆرمخوازان وەفریای کۆماری ئیسلامی گەیشتنو لە گێژاوی رووخان رزگاریان کردو ئێستاش بە هەمان مەبەست هاتوونەتە مەیدان.

لە کۆتایی‌دا دەبێ ئاغای رەمەزانزادەو هاوبیرانی ئاگادار کەینەوەو بڵێین کە: کەشوهەوای سیاسیی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوەو گۆڕاوە، خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە نێو سەرجەم چینو توێژەکانی کوردستاندا پەلی هاویشتوەو بڵاو بۆتەوەو بە یەکگرتووییو یەکڕیزی بۆتە خاوەنی ویستو داخوازیی رەواو رادیکاڵ، شعووری نەتەوەییو ئاگایی سیاسیی کورد بەرز بۆتەوەو دروشمگەلی وەك: پراکتیزەکردنی ئەسڵەکانی ١٥و ١٩ی یاسای بنەڕەتیی بۆ ئەوان گرنگ نیەو خەڵکی کوردستان خوازیاری گۆڕینی دەسەڵاتو جێگۆڕکێی بە نیزامێکی خەڵکی، دێموکراتیكو فیدراڵن کە تێیدا دان بە مافی هەموو نەتەوەکانی ئێران بنرێو سەرجەم نەتەوەکانی ئێرانی لە یەکیەتی‌یەکی دڵخوازانەدا خوازیاری بنیاتنانی ئێرانی نوێ بن.

ناکرێ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو جیهان بەرەو نەهادینەبوونی دێموکراسیو رووخانی دیکتاتۆری بە کەم بگرین. خەڵکی کوردستان کەڵکوەرگرتن لە ئاڵوگۆڕە ئەرێنی‌یەکان بە قازانجی دێموکراسیو بە ئیلهام وەرگرتن لە خەباتی حەقخوازانەو لە مێژینەی خۆی مۆری باتڵو رەتکردنەوە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران دەداو هەوڵو پەلەقاژەی ئیسلاحخوازانی هەڵپەرستیش دەکاتە بلقی سەر ئاو.

❊ ❊ ❊

# ئاگاداری بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

**بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان!**
**لەگەڵ سڵاوی گەرم**

ئەم هەلە بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕێزو ئەمەگناسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان پێشکەش بکەین. یادی ئەو تێکۆشەرە نەمرانە کە لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلدا گیانیان بەخشیوە، هەمیشە هاندەری خەباتگێڕانی حیزبی ئێمەیەو ناویان بۆ هەمیشە لە مێژووی گەلەکەماندا زیندووە.

زۆر بەداخین کە هەلومەرجی ئێستای کوردستان دەرەتانی ئەوەمان پێ نادا زوو بە زوو لەگەڵ ئێوە پێوەندی بگرین، بەڵام ئەمە بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە کە ئێوەمان لە بیرچووە. ئێمە هەمیشە دڵمان لە لاتانەو ڕێزتان لە سەر چاومانە، بۆیەش پێمان خۆشە داواتان لێ بکەین کە بە هەر جۆرە بۆتان دەکرێ لانیکەم ساڵی جارێك پێوەندی لەگەڵ حیزبەکەتان بگرنو لە وەزعی خۆتان ئاگادارمان بکەن.

بەو ئاواتە کە هەموومان درێژەپێدەری بەوەفای ڕێگای شەهیدەکانمانو ئامانجە بەرزەکانیان بین کە لە قۆناغی ئێستادا خۆی لە دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی‌دا دەبینێتەوە.

**سەرکەوێ بزووتنەوەی رەوای گەلەکەمان**

**بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی ـ بەشی شەهیدان**

# ڕێزگرتن لە ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان لە شارو گوندەکانی کوردستان

## مەهاباد

بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستانو ساڵیادی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی، خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەی مەهاباد بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید قازی محەممەدو هەموو شەهیدانی ڕێگای کوردستانو بە مەبەستی نوێکردنەوەی پەیمانو بەڵێن لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی پێشەوای شەهیددا، لەسەر گڵکۆی سەرکۆماری کوردستان کۆبوونەوە.

هەرچەند ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی لە ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە پێناو قازانجی خۆیدا کەڵك وەربگرێ، بەڵام بە هەوڵو تێکۆشانی خەڵکی دڵسۆزی مەهاباد، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ کە چەند کەس تێیدا وتەیان پێشکەش کرد، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك پێك هات.

لەم ڕێوڕەسمەدا چەند کەس شێعرو هۆنراوەیان خوێندەوەو هەروەها بەشێك لە وەسییەتنامەی شەهید قازی محەممەد لە ناو بەشداراندا بڵاو کرایەوە.

هەروەها گرووپێك بە ناوی فیداییانی هەمزەئاغای مەنگوڕ لە پەیامێکدا کە پێشکەشیان کرد، چەندجار باسی شەهیدانی سەربەرزی ڤییەنو بێرلین یان کردو لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" خوێندرایەوە.

## میاندۆئاوو مەهابادو ناوچەی شاماتی مەهاباد

بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان، ئەندامانو لایەنگرانی تێکۆشەری حیزب، لە شاری مەهاباد دەستیان دایە چالاکیی تەبلیغاتیو ڕێزیان لە گیانی پاکی شەهیدان گرت. ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان تێدا کراوە، بریتین لە: "بەری شیلانو مەدرەسە"، "میدانی حەیوانان"، "کۆڵانی حەمامی حەسەنزادە"، "گەڕەکی خڕێ"، "٨میتری ئەوەڵی شەرقی"، "قوتابخانەی سەلاحەدین"، "گەڕەکی ئەرمەنیان"، "کۆڵانی چرابەرق"، "پارکی ئوستاد مەجدی"، "کۆڵانی مەلاشێخ عیزەددین"، "چوارڕێی ئازادی"، "گەڕەکی مزگەوتی رۆستەم بەگ"، "مەیدانچەی حەسەنزادە"، "گومرکی سەرێ"، "گومرکی خوارێ"، "فەرهەنگیان"، "ئازادەگان"، "موکریان"، "باغی سیسە"، "ترمیناڵ"، "کۆڵانی دامپزشکی"، "گەڕەکی پشت سیلوو"و "بازاڕچەی سیگارفرۆشان".

هەروەها لە ناوچەی "شامات"ی ماهابادەوە ئاگادار کراین کە بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستانەوە لە گوندەکانی "خێرئاوا"، "تاڵاو حاجی حەسەن"، "دیمەسوور"، "تازەکەند"، "گەنج ئاوا"، "گەزەلێن"، "شیرین ئاوا"و "لیگ داش"دا تراکتی حیزبیو وێنەی شەهیدان "قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی"و ئاڵای کوردستان بڵاو کرایەوە.

شایانی باسە کە لە میاندواو بەیاننامەی هاوبەشی کۆنگرەی گەلانی ئێرانو تراکتی حیزبی لە رۆژەکانی ٤و٥ی خاکەلێوەدا بڵاو کراوەتەوە.

## گوندی هوویە

هەروەها لە گوندی "هوویە" سەر بە ژاوەرۆی مەریوان\دا ئەندامانو لایەنگرانی حیزب بە بڵاوکردنەوەی تراکتو چاپەمەنی‌یەکانی حیزبو نووسینی دروشمی حیزبیو نەتەوەیی، ڕێزو وەفاداریی خۆیان لە بەرامبەر گیانبازیی شەهیدانو بنەماڵەی سەربەرزیاندا نیشان دا.

شایانی باسە کە لاوانی بەهەستی "هوویە" دروشمیان لەسەر پارچەیەکی یەك لە شەش میتری نووسیوەو لەسەر شاخی "زەردەخانی" دایانکوتاوە.

## جوانرۆ

رۆژی ١٠ خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان، ژمارەیەك لە ئەویندارانو دڵسۆزانی حیزب، بە چوونەسەر گڵکۆی شەهیدانی سەربەرزی حیزبو گەل، "شەهید جەمالەدین وەکیلی" (شاری جوانرۆ)، "شەهید سۆهراب وەکیلی"، "عوسمان قازیزادە" لە قەبرستانی گوندی قشلاقو پێشکەشکردنی تاجی گوڵو راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی، یادو بیرەوەری گیانبازیو تێکۆشانی ئەو شەهیدە سەربەرزانەیان، پیرۆز راگرت.

## ورمێ

رێکەوتی ١٣٨٤/١/٨، بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە (رۆژی شەهیدانی کوردستان)ەوە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ورمێ، کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغاتییان وەك، بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبیو وێنەی ڕێبەرانی شەهیدانی، "قازی، "قاسملوو"و "شەرەفکەندی" بەڕێوەبرد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغاتییان تێدا کراوە، بریتین لە:"ئەلواج"، "ئیسلام ئاوا"، "کوشتارگا"، "خانەگەل شەهریار".

شیاوی باسە کە ئەم چالاکییانە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکدا بەرەوڕوو بوون.

❊ ❊ ❊

# بەشداریی بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ لە کۆبوونەوەی حیزبی سوسیالیستی چەپدا

سەرلەئێوارەی پێنجشەممە، ٢٠٠٥/٣/١٠، حیزبی سوسیالیستی چەپ لە نۆروێژ لە یەکێك لە سالۆنەکانی پارلمانی ئەو وڵاتەدا بۆ سێ پارلمانتێری خۆی بە ناوەکانی "کریستێن هالورشن"، ڕێبەری حیزبی سوسیالیستی چەپ، "بیورن یاکوبسن"، ئەندامی کومیسیۆنی دەرەوە، "هکی هۆلمس"، ئەندامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی، کۆبوونەوەیەکی بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سەرەکی‌یەکانی کوردستانو نوێنەری پەنابەرە کوردەکان پێك هێنا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، ڕێبەری حیزبی سوسیالیستی چەپ، بەڕێز "کریستێن هالورشن"، باسێکی کورتی لەسەر بەرنامەی حیزبی خۆیان بەگشتیو هەڵوێستەکانیان لە هەمبەر کێشەی کورد پێشکەش کردو رایگەیاند کە حیزبی سوسیالیستی چەپ خۆی بە پشتیوانیی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دەزانێ.

پاشان بەڕێز "بیورن یاکوبسن"، باسێکی لەسەر گەشتەکەی بۆ کوردستانی عێراق پێشکەش کردو رەوشی ناوچەی لە روانگەی حیزبی سوسیالیستی چەپەوە هەڵسەنگاند. بەدوای ئەودا بەڕێز "هکی هۆلمس"، باسی سیاسەتەکانی حیزبی سوسیالیستی چەپی بەرامبەر بە کێشەی پەنابەران کردو ئاماژەی بەو هەوڵانەش کرد کە ئەو حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ پەنابەرانی کورددا داونی. لەو بەشەی کۆبوونەوەکەدا کە بۆ ڕێکخراوە سەرەکی‌یەکانی کوردستان تەرخان کرابوو، بەڕێز "ئەحمەد جەهانگیری"، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ کە بە نوێنەرایەتیی حیزب لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوو، ئاماژەی بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردو هەڵوێستو سیاسەتەکانی حیزبی شی کردەوەو داوای کرد کە سوسیالیستەکانی نۆروێژ چیتر لە دوورەوە چاوەدێری ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە نەبن.

❊ ❊ ❊

# ئێمە بەندیخانەمان وەك سەنگەرێكی دیكەی خەبات سەیر دەكرد

## وتووێژ لەگەڵ ئیدریس پوورهورمزی سەبارەت بە دەربازبوونی لە بەندیخانەی كۆماری ئیسلامی

هەڤپەیڤین: دارا ناتق

**لــە نێــوە راســتەكانی رێبەنــدانی ئەمساڵدا هاورێیان ئیدریس‌و سەلاح كە پێنج ساڵ بوو لە بەندیخانەی رێـژیمی دژی ئینسانی كۆماری ئیسلامی‌دا بـوون، لـە دەرفـەت كـەڵكیان وەرگـرت‌و خۆیـان گەیاندەوە نێو هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانیان.**

**ئەو دوو هاورێیە بە بیروباوڕیـەمان، پێنج ساڵ لەمەوبەر، لە ناوچەی پیرانشار لەگەڵ دوو تێكۆشەری دیكەی حیزب بـە ناوەكانی هاورێیـان عەبـدوڵڵا تەبـەرزەو موراد ڕەحیمزادە، لـە لایـەن هێزەكـانی ڕێژیمەوە گـەمارۆ دران‌و هێرشیان كرایـە سەر. لە بەرەنگارییەكی نابەرامبەردا بە داخەوە هاورێیان مورادو عەبدوڵڵا شەهید بوون. كاك ئیدریس‌و كاك سەلاحیش بـە برینداری بە دیل گیران.**

**"كوردستان" بە بۆنەی رزگاریی ئـەو دوو تێكۆشەرە لـە بەندیخانـەی كۆمـاری ئیسـلامی‌و شـادبوونەوەیان بـە دیـداری هاورێیان‌و هاوبیرو باوەڕیان، بـە گـەرمی پیرۆزبایی لەوان‌و لە تێكڕای ئەنـدامان‌و لایەنگرانی حیزب دەكاو جارێكی دیكـە بـەخێر هاتنـەوەیان پـێ دەڵـێ. لـەم ژمارەیەدا چاوپێكەوتنی "كوردستان" لە گەڵ هاورێ ئیدریس بڵاو دەكەینەوە. لـە ژمارەی داهـاتووشدا وتووێژەكـەی كـاك سەلاح‌تان پێشكێش دەكەین.**

**پ: بـەرێز كـاك ئیـدریس! پیشـەكی سـەبارەت بـە رزگاربوونتـان لـە زینـدان پیرۆزبایی‌تان لێ دەكەم؟**

و: زۆر سوپاس، ئێمەش خۆشحاڵین لە وەی كە جارێكی دیكـە دوای زیـاتر لـە پێـنج سـاڵ مانـەوە لــە بەنـدی كۆنەپەرستی‌دا، جارێكی دیكە بە دیتنی هاورێیان‌و خۆشەویستانمان لە نێو حیزبی دێمۆكراتدا شاد دەبینـەوە. هـەر لێـرەدا ئیجـازەم پـێ بـدە لـەم دەرفەتـە كـەڵك وەرگـرم‌و سـڵاو بنێـرم بـۆ هـەموو زینـدانییانی سیاسـی كـە لـە راسـتی‌دا باشترین ساڵەكانی تەمەنی ژیـانی خۆیـان لە سەختترین‌و دژوارتـرین هەلومـەرجدا تێپەر دەكەن.

**پ: بـەرێز كـاك ئیـدریس! هـەروك دەزانـین تـۆو هاورێیانـت چـەند سـاڵ لەمەوبەر لـە ١٤ی رەزبـەری ١٣٧٨ لـە كاتی گەشتێكی سیاسـی‌دا لـە ناوچـەی پیرانشار، هێرشێكی نیزامیتان لە لایـەن هێزەكانی رێژیمەوە كرایە سەرو لە ئاكام‌دا چەند هاورێیەكی پێشمەرگە شەهید كران، تۆو هاورێ سەلاحیش بە برینداری بە دیل گیران، تكایە سەبارەت بە چۆنیەتیی ئـەم رووداوە بۆمان بدوێن؟**

و: بەڵێ، ئێمە رۆژی چوارشـەممە ١٤ی رەزبەری ١٣٧٨ لە گوندی قەڵات سەر بـە ناوچەی مەنگورایەتیی پیرانشار لەماڵێك مابووینەوە. ساعەت ٣,٥ دوانیـوەرۆ لـە پڕ ئاگادار كراین كە لـە لایـەن هێزێكـی زۆری دوژمنـەوە گـەمارۆ دراویـن، هـەر دەسبەجێ دراینە بەر دەسڕێژو شـەرێكی نابەرامبـەرو دەسـتەو یەخـە، لـە گـەڵ هێزەكانی دوژمن دەستی پـێكرد. نزیـك بە چوار كاتژمێرو نیو بەرگریمان لە خۆمان كـرد، كـە بـە داخـەوە دوو كـەس لـە هاورێیـانی خۆشەویستمان بـە ناوەكـانی كـاك عەبـدووڵڵا تەبـەرزەو كـاك مـوراد ڕەحیمزادە شـەهید بـوون‌و مـن‌و كـاك سەلاحیش بە برینداری بەدیل گیراین.

**پ: دوژمن بە دوای بە دیل گیرانتان، بە چ شێوەیەك لە گـەڵ ئێـوەدا هەڵسـوو كەوتی كرد؟**

و: كۆماری ئیسلامی هەموو خـەڵكی كوردسـتان‌و دنیـا دەیناسـن، چـونكی كارنامەیـەكی رەشـی هەیـە، هـەر بـەو پێەش دەگەڵ ئێمەدا یەكجار زۆر ناحـەزو بە نادروستی جووڵانەوەو هەر لەو كاتـەوە كە ئێمە بە دیل گیرایـن، بـە شـێوەیەكی زۆر ناحەز رەفتاریان لە گەڵ كردین، زۆریان لـێدایـن، لەو شوێنەی كە بە دیـل گیرایـن بە قۆنداغە تفەنگ‌و بە شێوەی جۆراو جۆر ئازاریـان دایـن، دواتـر كـە بردیـانین بـۆ ئیدارەی ئیتیلاعات، ئەو رەفتارە ناحەزانـە هەر درێژەیان هەبوو، بە شێوەی جۆراوجـۆر ئەشكەنجە دەكراین وەك: هەڵواسین، لێـدان بە شەق، سمێڵ هەڵقەندنـەوە، بـە تایبـەت ئەشـكەنجەی رۆحـی، چونكە ئەشـكەنجەی جیسـمی لانـی كـەم ئومێـدی ئـەوەی كـە رۆژێك تـەواو دەبێـت، تەحـەممول دەكـرێ، تەحەممول كردنی ئاسانە، بەڵام ئەشـكەنجەی رۆحـی تەحـەممول كردنـی نەتـەنیا دژوارە، بـەڵكوو ماوەیـەكی زۆریـش دەگـەڵمان دەبێت‌و هەر دەمێنێتەوە.

**پ: ئێوە بە برینداری بە دیـل گیـران، ئایا بۆ چارەسـەری برینـەكانتان ئێوەیـان رەوانەی نەخۆشخانە كرد؟**

و: لە راستی‌دا دوژمن پێی خۆش نەبوو ئێمـە بمـرین، پێیـان وابـوو كـە زینـدوو مانەوەی ئێمە بە قازانجی ئەوان دەبـێ، بـۆ ئەوەی كە زانیاریمان لـێ وەربگـرن، تـەنیا لەو ئاستەدا كە نەهێڵن ئێمە بمرین، پێمـان رادەگەیشـتن، ئـەگینا بـەو جـۆرەی كـە پێویست بوو بە برینەكانمان را نەدەگەیشتن، لـەو چـەند رۆژەدا كـە لـە نەخۆشـخانەی دەرەوە(ی ئیدارەی ئیتیلاعات) بووین، بـە هۆی ئەوە كە ئێمەیان بە كـادری ئیـدارەی ئیتیلاعـــات ناســـاندبوو، پێرســـۆنێلی نەخۆشـــخانەكە تـــا رادەیـــەك پێمـــان رادەگەیشتن، لە ترسی ئـەوان. بـەڵام كـە دواتـــر گواســـتیانینەوە بـــۆ ئیـــدارەی ئیتیلاعات بە هیچ جۆرێك بەو جۆرەی كـە پێویست بوو پێمان رانەدەگیشتن، هەر بۆیە برینەكانمان پاش ماوەیـەك چـڵكیان كـرد، زۆری پێچوو تا توانیمان بگەرێینەوە سـەر حاڵەتی ئاسایی‌و باش بینەوە.

**پ: دوژمن بـۆ زانیـاری وەرگـرتن لـە ئێـوە زۆرتـر لـە چ شـێوەیەك كـەڵكی وەردەگرت؟**

و: وەك عەرزم كردی لە هەر دوو شێوە هـــەم ئەشـــكەنجەی جیســـمی‌و هـــەم ئەشـــكەنجەی رۆحـــی. ئەشـــكەنجە جیسمی‌یەكان برێتـی بـوون لە،هەڵاوسین، لێدان بە شەلاق بە تایبەت بەری پێ، سمێڵ هەڵقەندنـەوە، لێـدان بـە شـەق‌و مسـت‌و قۆنداغـە تفـەنگ، هـەروەها ئەشـكەنجەی رۆحیش وەك: دروستكردنی دەنگۆ، هێنانی ئەو هەواڵانەی دەرەوەی زیندان كە روویـان نەدابوو، بەڵام بە درۆ بە ئێمەیان دەگـوت، بۆ وێنە حیزب لەبەر یەك هەڵوەشاوەتەوە، چـەند ئەنـدامی رێبەرایـەتی لـە حیـزب دەركـراون‌و گـیراون‌و ئـەوە لـەو سـلوولەی پەنای ئێوەدان.

**پ: تكایـە هێنـدێ لەسـەر چۆنیەتی دادگایی كرانی خۆتان بۆمان بدوێ؟**

و: دوای ئـــەوە كـــە بـــازجوویی‌و لێكۆڵینـــەوە لـــە ئێمـــە لـــە ئیـــدارەی ئیتیلاعات تەواو بوو، ئێمەیان نارد بۆ لقی چواری دادگای ئینقلابـی ورمـێ، كەسـێك لەوێ قازی بوو بەناوی عەلیپوور، هەر لـە جەلەسـەی یەكـەمدا دوو نەفـەر كـادری ئیتیلاعـاتیش لای ئێمـە بـوون ئاگـاداری كردین كە ئێرە دادگای ئینقلابەو بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموكراتداو چالاكی سیاسی‌و نیزامی بـە قـازانجی ئـەو حیزبـە ئێوە دادگایی دەكرێن، هـەر لـەوێ پێیـان گوتین كـە ئێـوە مـافی ئـەوەتان نیـە كـە وەكیل بگرن، چونكی كۆمـاری ئیسـلامی نوێنەرانی خودا لە سـەر عـەرزن، ئێـوەش دژی ئەو نوێنەرەن، كـەوابوو بـە دژایـەتی لەگـەڵ خـوا چـەكتان لەشـان كـردوەو بـۆ رووخـانی ئـەو حكوومەتـە هـەوڵ دەدەن. سروشتی‌یە هەركەس كە پارێزەر یا وەكیلی ئێوە بێ، بە شـەریكە جـورم بـە حیسـاب دێ، بۆیە مافی ئەوەتان نیە وەكیل بگـرن. دواتـر بـەرێیان كـردین بـۆ بەندیخانـەی ناوەنـدیی ورمـێ، سـەرجەم لـە سـێ جەلسەدا موحاكەمە كراین، شـتێكی زۆر تەشـریفاتی‌و رواڵـەتی بـوو، بـێ ئـەوەی پرسـیارمان لێ بكـرێ، بـێ ئـەوی مـافی دیفـاع كـردن بـە ئێمـە بـدرێ دادگـایی كراین‌و پاش چـەند رۆژێـك حـوكمی ئێمـە ئیبلاغ كرا، ٢٠سـاڵ تەبعیـد بـۆ زینـدانی كەرەج!

**پ: كاتـێ ئـەو حوكمـەیان بـە ئێـوە راگەیاند چ هەستێكت هەبوو،**

و: سروشـتی‌یە كـە ئینسـان نارەحـەت دەبی، بەڵام هەرلەوێ دەگەڵ هاورێ سەلاح بـە یـەكترمان گـوت، كـە هـیچ شـتێك نـــەگۆراوە، تـــەنیا ئێمـــە ســـەنگەرمان گواستۆتەوە، پێشتر لـە نێـو ریـزی كـادرو پێشـمەرگەكانی حیـزب‌و لـە چوارچـێوەی حیزبـی دێمـوكراتدا خـەباتمان دەكـرد، ئێستاش هەر لەو چوارچـێوەیەدا بـەڵام بـە شێوەیەكی‌تر لە نێو زینداندا دەبـێ درێـژە بـــەو خەباتـــە بـــدەین، بەرپرسـیارێتی‌وئەركێكی قورسـترمان لـە سـەر شـانە، بۆیـە ئەگەرچـی نارەحـەت بووین، بە تایبـەتی لەبـەر ئـەوەی كـە لـە دۆسـتان‌و خۆشەویسـتانمان دابڕابـووین، خەمی جودایی لـە دۆسـتان‌و ئـازیزان زۆر سەختە، بەڵام بە هۆی ئەوە كە هـەروا لـە سەنگەری خەبات‌و خۆراگری‌دا مابووینـەوە خۆشحاڵ بووین.

**پ: لەو ماوەیەدا كە لە زیندان بـوون، بە چ شێوەیەك درێژەتان بە خەبات دا؟**

و: بەڵێ، بەو هۆیەوە كـە ژمارەیـەكی زۆر لەو كەسانەی پێش ئێمە گیرابوون‌و لـە بەنـدی كۆنەپەرسـتی‌دا بـوون، ئەنـدامی حیزبـی دێمـۆكرات یـان رێكخـراوە سیاسی‌یەكانی تـر بـوون، چاوروانییان لـە ئێمە ئەوە بوو كە بە لەبەرچاوگرتنی ئـەوە كە كادرو پێشمەرگەی حیزب بـووین، ئـەو رووداوو ئاڵوگۆڕانەی كە بـە سـەر حیزب‌و ناوچەكەدا هاتوون ئێمە بەوانیشـی بڵـێین‌و تێیان بگەیەنین. بۆیـە هـەر زۆر زوو، دوای ئەوە كە جەوی زیندان لە ئاكـامی چـوونی ئێمە بۆ ئەوێ تـا رادەیـەك ئـاڵوگۆڕی بـە سـەردا هـات‌و توانیمـان پێوەندی‌یـەكی گـەرموگوڕ لەگـەڵ خەڵكەكـە بگـرن، بـە شێوازی جۆراو جۆر قسەو باسی سیاسـی‌و حیزبی دەكـرا. یـەكێك لـەو كارانـەی كـە لـەوێدا دەكـران‌و زۆر بەرچـاو بـوون، رێـز گرتن لە بۆنە حیزبـی‌و نەتەوەیی‌یـەكان بـە شێوەیەكی تەواو نهێنی بوو، بۆ ئەوەی كـە دوژمن هەست پێ نەكات‌و تووشـی ئـازارو ئەزیـــەت نـــەبین. یادكردنـــەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٢٦ی سەرماوەز، ٢ی رێبەنـدان‌و موناسبەتەكانی تر. هەروەها ئێمە زۆر لـە وەختـــی خۆمـــان تـــەرخان دەكـــرد بـــۆ خوێندنەوەی كتێـب‌و رۆژنامـەو.... دوای تەواو بوونی هەر كتێبێك، هـەر بابـەتێك، دوو كەس یا سێ كـەس قـەدەممان لێ دەدا لــە حەســارێ‌و لــە كــاتی هــەواخۆری‌دا سەبارەت بەو شتانەی كە دەمانخوێندنـەوە، نـەزەراتی خۆمـان دەردەبـڕی‌و ئـاڵوگۆری بیروڕامـان دەكـرد بـۆ بردنەسـەری پلـەی زانیاریمان‌و بۆ پشتگیری لـە دەرجـا لێـدان (وەستانی فكری)، بۆیە بـۆ بەرپەچدانەوەو پوچەڵ كردنی ئەو پیلانەی دوژمـن، ئێمـە هەمیشـە موتالاَمـان دەكـرد، پاشـان سەبارەت بەو بابەتانەی كـە دەمانخوێنـدن‌و فێریان دەبووین، بیرو بۆچوونمان دەگۆڕێـوەو لە ئیختیار یەكترمان دەنا.



**پ: بـە گشـتی وەزعـی زینـدان‌و زیندانی‌یەكانت چۆن دی؟**

و: وەك پێشتر باسـم كـرد، زینـدانیش سـەنگەرێكە لـە سـەنگەرەكانی خـەبات‌و تێكۆشـان بـە دژی كۆمـاری ئیسـلامی، سروشتی‌یە كۆماری ئیسلامی هەروەك لـە دەرەوەی زیندان پیلانی جۆراوجۆر بـە دژی ئـازادیخوازان دەگێـرێ، لـە زینـدانیش‌دا هەروایە، بە لەبـەر چاوگرتنی ئـەوە كـە شـوێنێكی بەرتەسـكە، چـاوەدێركردنی زیندانییان ئاسانترە، بۆیە زیندانییان دەبـێ بـە شـێوەیەكی‌تر بـە لەبەرچـاوگرتنی وەزعییەتی نێوخۆی زینـدان هەڵسـورانیان هـەبێ. شـێوەی جۆراوجـۆر بـۆ بـە چـۆك داهێنانی زیندانی‌یە سیاسی‌یەكان بـە كـار دەهێنرێن، یەك لـەوان هێنـانی مـەوادی مۆخەددیر بە هـەموو جۆرەكانی‌یـەوە وەك تریـاك، هێـرۆئین، حەشـیش‌و... بـۆ نێـو زیندان، زۆر جار دەبینرا كە بە داخەوە ئەم شتانە لەناو خـۆی زینـدان هاسـانتر پەیـدا دەبـێ تـا دەرەوەی زینـدان بـە تایبـەتی هەرزانتر دەسـت دەكـەون. روون‌و ئاشـكرا بوو كە چەند كەس لە لیپرسراوانی زیندان ئەوانە كە زۆر ناسراوو بە ناو بـانگ بـوون واریدیان دەكردو لە رێگای بـەكرێگیراوانی خۆیان لە نێو زینداندا بڵاویـان دەكـردەوە، بۆ ئەوەی كە بەندی‌یەكان موعتـاد بكـەن، لە سەرەتاوە زۆر جار بە خۆرایی بێ ئەوەی كـە لـە بەرامبـەری‌دا هـیچ وەربگـرن، تریاكیان لە ئیختیـار زیندانی‌یـەكان دەنـا تـاكوو موعتـاد دەبـوون، ئـەو جـار كـە جەسـتەیان پێویسـتی بـەوە دەبـوو واتـە موعتـاد دەبـوون دەبـا پـووڵیـان دابـا(بـۆ وەدەستهێنانی)و لە هەموو شتێك دەبوون. دەزانین كەسێك كە موعتاد دەبـێ هـەموو شتێك لە دەست دەدا، هـیچ هوویـەتێكی بۆ نامێنێ‌و هیچ شتێكی بۆ گرینگ نـابێ. لێرەدا حەز دەكـەم بـاس لـە راسـتی‌یەكی دیكە بكەم ، زۆر جار رێژیم دەڵـێ زینـدان ناوەنـدی (اصـلاح و تربیـت)ە، زانكۆیـە، زیندانییان دەتوانن شت فێر بـن‌و بـۆ ئـەم مەبەستە كلاسی جۆراوجۆری ئامووزشییان دانـاوە، بـەڵام مـن رادەگەیـەنم كـە بـە نیسبەت زیندانی‌یە سیاسـی‌یەكان نـەخێر، شـــتی وا لـــە گـــۆڕێدا نییـــە تـــەنیا پرۆپاگەندەیـــە. زۆر جـــار لـــەو كلاســـە ئامووزشـیـیانە كـە لـەوێ دایـان دەنـێن زیندانی سیاسیش ناونووسیان دەكرد، بەڵام قەت بانگ نەدەكران‌و رێگەیان نـەدەدا لـە كلاسەكاندا بەشداری بكەن.

**پ: كۆمـــاری ئیســـلامی زیندانی‌یـــە سیاسی‌یەكانی لـە گـەڵ كەسـانی قـاتڵ‌و تاوانبار بـە كـڕین‌و فرۆشـتنی مـەوادی موخەددیر تێكەڵاو دەكا، مەبەستی رێژیم لەم كارە چیە؟**

و: سروشـــتی‌یە لـــە زینـــدانێكدا كـــە هەموو بەندی‌یەكان سیاسی بـن، زینـدانی سیاسی لە راستی‌دا زۆر هەست بە زینـدانی بوونی خۆیان ناكـەن چونكە دەورو بـەریان هەموو هاوسەنگەرو هاوبیرو باوەری خۆیان پڕ دەكـەن بـەڵام لـەو بەندیخانانـەی‌دا كـە زیندانییانی سیاسی لـە گـەڵ زینـدانییانی عـادی بـە تایبـەتی قـاتڵان‌و زینـدانیانی خەتەرناك تێكەڵ دەكرێن، مەبەست ئەوەیە زیندانی‌یە سیاسی‌یەكان لە ئامـانج‌و بـیرو بـاوەری خۆیـان پەشـیمان ببنـەوە یـا بـە تایبەتی تووشی نەخۆشـیی جوراوجـۆر بـە تایبەیتی نەخۆشـیی رۆحـی‌و رەوانـی بـن. ئێمە ئەم نزیك بـە دوو سـاڵ لـە زینـدانی رەجـایی شـار(گەوهـەر دەشـتی پێشـووی كەرەج) بووین، دیارە لە بەندی چواری ئـەم زیندانەدا بووین، بەندێك كە لـە راستی‌دا تەرخان كرابوو بۆ قاتڵەكان، ئەو كەسـانەی كە ئینسانیان كوشـتبوو، زینـدانییانی زۆر خەتـەرناك بـوون، بەشـی هـەرە زۆریـان موعتاد بوون، ئەویش بە شێوەی تەزریقی، رۆژ نـەبوو لـەوێ شـەرو پێكـدادان روو نەدات. لە ماوەی ئەم دوو ساڵە كـە ئێمـە لەوێ بووین، ژمارەیەك لـە زیندانی‌یـەكان بە دەستی هاو بەندەكانی خۆیـان كـوژران. ئێمە هەر بە دیتنی ئەم رووداوانـە ئـازاری رووحی دەدراین. ئاسایشمان نەبوو بۆیە لـە راستی‌دا نەماندەتوانی هیچ كارێك بكـەین تەنیا بینەری ئەم رووداوانە بووین. زیندانی "رەجایی شار"یش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە كە لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـوپای پاسـداران دایـە، بەرێوەبەری‌یەكـەی یـەكجار دژی ئینسـانی‌یە هـیچ بـە زیندانی‌یـەكان را ناگەن. تەنانەت وڵامدەری پێویستی‌یە زۆر سەرەتایی‌یەكانی زیندانی‌یەكان نابن. ئەمن لـە بیرمـە جارێـك لـە گـەڵ بەرپرسـی بەندەكەی خۆمان قسەمان دەكرد كە بۆچی وەزعییەتەكـە ئاوایـە، خەڵكەكـە زۆری موعتاد بووە، مەوادد وارید دەكرێ، پێـی را ناگـەن، كتێبخانـەی لێ نیـەو... . وەڵامی ئەو بۆ من ئـەوە بـوو كـە: "ئێـرە زیندانـە، بـە قـەولی ئـەو كـە لـە زمـان خومەینی‌یـەوە گـوتی ـ زیندان زانكۆیـە ئێـوە دەتـوانن فەلسـەفەش بخـوێنن‌و فەلسەفەش فێر بن، دەتوانن موعتاد بـن‌و كاری تریش فێر بن، دەگەرێتـەوە بـۆ سـەر ویستی خۆتان". بەڵام ئـەوەی راسـتی بـێ هەرچـەندە كەسـێكی زینـدانی بەرنامـە رێژیش بكا، چونكە هـیچ كەرەسـتەیەكی ئامووزشی لەوێدا نیە سەر ناكـەوێ تـەنیا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئـەو پیلانـەی دوژمـن ناچاری كە گۆشە نشین بـێ، لـە قـەراغێك چاولێكەری ئەم روداوانە بێ ـ بۆ ئەوەی كە تێكـەڵ بـە خەڵكەكـە نـەبێ لـە بـاری رۆحی‌یەوە كاریگەری‌و شوێنی خـراپ لـە سەر سەرت دانێ.

**پ: ئایـا هەڵسـوكەوتی رێـژیم هـەر بەرامبەر زیندانیی سیاسی كورد وابوو یان بـە نیسـبەت ئـەوانی تـریش هـەر ئـەو هەڵسوكەوتەیان دەكرد؟**

و: بە نیسبەت هـەموو( زینـدانییانی سیاســی) لــە راســتی‌دا وەك یــەك هەڵسوكەوتیان هەبوو، بەڵام بـە نیسـبەت كوردەكان بێ حورمەتی زیاتر بوو، یانی لە راستی‌دا ئەگەر بـە نیسـبەت زینـدانییانی غەیری كورد ئەو ئازارو ئەشـكەنجانەی كـە باسـم كـرد دەكـرا، زیندانی‌یـە كوردەكـان تەحقیریش دەكـران، یـانی ئـەوە زۆر زەق‌و بەرچاو بوو، هەر كە دەیانزانی تۆ كـوردی‌و بە تایبەتی ئەندام یان پێشمەرگەی حیزبـی دێمـۆكرات یـان یـەكێك لـە هێـزە سیاسی‌یەكانی كـوردی، تـەحقیر دەكـرای، زۆر تۆمەتی نارەوایان دەدایـە پـاڵ حیزبـی دێمۆكرات‌و كـادرو پیشـمەرگەكانی، بۆیـە لەو بارەوە فەرق‌و جیاوازی دادەنرا.

**پ: ئایـا ئێـوە قـەت بیرتـان لـەوە دەكردەوە كە رۆژێك لە زیندان رزگار بن؟**

و: ئـــەوەی راســـتی بێـــت هەمیشـــە ئومیدوار بووین كە رۆژێك لە زیندان بێینە دەرێ، زۆر پێمان خۆشتر دەبوو كە قفڵەكان بشكێن‌و هەموو زیندانی‌یـە سیاسـی‌یەكان ئازاد بن‌و لە راستی‌دا رزگار بوونی ئێمـەو هەموو زیندانی‌یە سیاسی‌یەكان ئاكـام یـان بەرهـەمی رزگـار بـوونی وڵاتەكـەمان بـە گشتی‌و كوردستان بـە تایبـەتی بـێ، بـە داخەوە ئـاوا نـەبوو بـەڵام هەمیشـە هـەر ئومێدوار بووین كە ئێمە رۆژێك لە زینـدان دێینـــە دەرێ‌و بـــە دیـــداری ئـــازیزان‌و هاوسـەنگەرانمان شـاد دەبینـەوە. (بـە نیسبەت خۆمانـەوە بـە خۆشـی‌یەوە) زۆر زووتر لـەوەی چاوەروانیمان دەكـرد (دوای ٥ساڵ) چاوەروانی ئەوەمان دەكرد كە لانـی كەم ١٥ ساڵ تەنانەت زیاتریش لە زینـدان بین، كە بە خۆشی یـەوە دەرفـەت رەخسـاو ئێمـــە توانیمـــان لـــەو دەرفەتـــە كـــەڵك وەربگرین‌و بگەرێینەوە نێو سەنگەرێك كـە پێشتر لە نێویدا بووین.

**پ: وەك دوا وتە پەیامت بـۆ خـەڵكی كوردستان بە گشتی چیە؟**

و: بـــەڵێ، دەتـــوانین بڵـــێین خـــەڵكی كوردسـتان بـە خۆشـی‌یەوە زۆر هوشـیارو ئاگاهن، بە نیسبەت ساڵانی پێشـوو رادەی زانیاری‌و ئاگاهیان یەكجار چـۆتە سـەرێ، ئەوە بۆەتە هۆی ئەوە كە جەسـوورانەتر لـە ساڵانی رابردوو داوای مافـەكانیان بكـەن، بۆیە تەنیا شتێك كە دەتـوانم بڵـێم ئەوەیـە زیاتر لەوەش، ئاگـاو هوشـیار بـن، پلـەی ئاگـاهی‌و زانیـاریی خۆیـان زیـاتر ببەنـە سەرێ، ئەو رەوتەی كە ئێستا دەستیان پێ كردوە، درێژەی پێ بدەن، نا ئومێد نـەبن‌و بە هەر شێوەیەك كـە بۆیـان دەگـونجێ لـە بەرامبەر پیلانەكانی كۆماری ئیسـلامی‌دا بوەستن‌و تەسلیمی دوژمن نەبن‌و هـەروەها سوپاسیان دەكەین بە بۆنـەی پشـتیوانییان لە حیزبی دێمۆكراتی كوردستان كە نزیـك بە ٦٠ ساڵە خەبات دەكـاو لـە سـەنگەری خۆڕاگری‌دا ماوەتەوە. ئەگـەر پشـتیوانی‌و هاوكـاری خـەڵكی كوردسـتان نەبوایـە بێگومـــان ئـــەو حیزبـــەو ئـــەو خەباتـــە نەیدەتوانی تا ئێستا دەوام بێنێ، جـارێكی دیكـە دەسـتی هاوكـاری‌و برایـەتییان دەگوشین‌و سڵاویان بۆ دەنێرین.

*** *** ***

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 410 4 Apr 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com
e- mail: info@kurdistanmedia.com
e- mail: pdkiran@club-internet.fr
e- mail: rdk_iran@yahoocom

# یادی سێ تێکۆشەری نەمر بەرز راگیرا



سەر لە بەیانیی رۆژی ١٥ی خاکەلێوە کۆڕێکی تایبەتی بۆ رێزگرتن لە یادی سێ کەس لە تێکۆشەرانی حیزبەکەمان: حاجی محەممەد ئەسکەندەری، مام سەلیم عەباسی، سەید حوسێن رەحیمی کە لە نیوەی یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا کۆچی دوایی‌یان کرد، پێك هات.

ئەو کۆڕە کە لەودا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێبەرایەتی‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی ئەو نەمرانە ئامادە بوون بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یادیان دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەسەر ژیان‌و کەسایەتیی هەرکام لەو شەهیدانە دوا. بەدوای ئەودا بەڕێزان لوقمان مێهفەر، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و برایم چووکەڵی، ئەندامی ناوەندی ٢ی کوردستان، ژیاننامەی شەهیدان حاجی محەممەد ئەسکەندەری، مام سەلیم عەباسی‌و سەید حوسێن رەحیمییان خوێندەوە.

نێوئاخنی کۆڕەکە بریتی بوو لە پێشکەش کردنی چەند پارچە مەقام‌و هۆنراوە بە هاوکاریی کۆڕی هونەری حیزبەوە.

# پێشەوا لە بەردەم جەلادەکانی‌دا

**من لە گۆشەی زیندانەوە هاوار دەکەم‌و بە دەوڵەتی ئێران رادەگەیەنم تاوانبار ئێوەن نەك ئێمە. ئەوە ئێوەن کە نیشتمانی ئێمەتان داگیر کردوە... لە جیاتی ئەوەی ئێوە دادگایی‌و موحاکەمە بکرێن، منتان لە نیشتمانی خۆم دا خستۆتە زیندان... ئەگەر دەوڵەت هەموو کوردەکان بە خائین دادەنێ بۆچی دەست لە کوردستان هەڵناگرێ‌و ئەگەر بە نیشتمانپەروەریان دەزانێ، بۆچی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بە خۆیان ناسپێرێ.**

**پێتان وانەبێ لەبەر داماوی نەرۆیشتووم. زۆر بە هاسانی دەمتوانی بچمە ئەو دیوی سنوور بەڵام ویستم لە رۆژە سەختەکان دا میللەتەکەم بە تەنیا بەجێ‌نەهێڵم‌و واز لە خاك‌و نیشتمانی خۆم نەهێنم.**

# بەر لە ماڵاوایی
# مردن لە سێبەری ئاڵای کوردستان‌دا

ع. وریا

خوێنەرانی رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و، گوێگرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، ئەگەر ناوی ئەو کەسەو رۆژی ئەو رووداوەشیان لە بیر نەبێ کە ئێستا باسی دەکەم، بێگومان لە بیریان نەچۆتەوە کە کەمتر لە ساڵێك لەمەوبەر، کوردێکی نیشتمانپەروەری کوردستانی رۆژهەڵات، بۆ جێبەجێکردنی ئاواتی لەمێژینەی دیتنی‌کوردستانی ئازادو زیارەتی شەکانەوەی ئاڵای پیرۆزی نەتەوەکەی لەسەر ئەم خاکە ئازادە، رێگای سەفەری بڕینی سنووری دایە بەر خۆی. بەڵام کاتێك لە خاڵی سنووریی حاجی عۆمەران دەپەڕێتەوەو دەگاتە بن داری ئاڵای بەرزی چەقیو لەسەر خاکی ئازادی کوردستان، بە دیتنی ئاڵاو خاکی موتەبەڕیك بە عەتەری ئازادیی نیشتمانەکەی، دەم‌و دەست گیانی دەردەچێ. ئەم مرۆڤە نیشتمانپەروەرە مامۆستایەکی خۆشناوی مەهابادی بەناوی سلێمان کەریم نژادیان بوو کە پاش زیاتر لە نیوسەدە تەمەن ـ ئەگەرچی بە قیمەتی بەخشینی گیانی لە پێناوی ئاواتە لە مێژینەکەی‌دا ـ بە ناکامی سەری نەنایەوەو بەسەرهاتەکەشی بوو بە چیرۆکی سەر زاری ئەو کەسانە کە دەزانن ئاواتی رزگاریی کوردستان‌و شەکانەوەی سەربەرزانەی ئاڵاکەی چەندە مەزن‌و پیرۆزو خۆشە.

شەوی سێ لەسەر چواری خاکەلێوەی ئەمساڵ کە هێشتا خۆشی‌و سەیران‌و ئاهەنگ بە بۆنەی ئەم نەورۆزەوە هەروا گەرم بوو، شایەدی مەرگێك بووم کە بڕوا ناکەم قەت لە بیرم بچێتەوە. کاریگەریی ئەم مەرگە لەسەر من‌و دۆستانی دیکەی ئامادەبوو لە کاتی راگەیەندرانی هەواڵی مردنەکە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە کەسێکی جوانەمەرگمان بەڕێ دەکرد کە ژنێکی لاوو سێ مێرمنداڵی ژیکەڵەو خەمێکی بێ‌بڕانەوەی لە دوای خۆی بەجێ هێشتبوو. تەنانەت تەنیا لەبەر ئەوەندەش نەبوو کە دایکی‌و براکەی هەر ئەم رۆژە لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکانەوە بەپیل هەواڵی نەخۆشی‌یە سەختەکەیەوە هاتبوون‌و دوای دیدارێکی ١/٥ سەعاتە بەسەر مەرگی ئەودا کەوتن. پەژارەو داخ‌و ناڕەحەتیی هەرە زۆرمان لەمەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەو لاوە جوانەمەرگە، لە ترسی گیران‌و ئەشکەنجەو مردن لە بەندیخانەکانی رێژیمی دیکتاتۆرو ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، رای کردبووو خۆی گەیاندبووە کوردستانی ئازاد تا لە سێبەری ئازادی‌و ئاڵای کوردستان‌دا، بە ئازادی‌و سەربەرزی بژی‌و لەگەڵ تێکۆشەرانی ئاشکرای هاوبیروباوەڕی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا، رۆژو مانگ‌و ساڵەکانی دیکەی تەمەنی بە ئاواتی ئەو رۆژە تێپەڕ بکا کە هەتاوی ئازادی زێدو نیشتمان‌و وڵاتەکەی ئەویش بگرێتەوەو ئاڵای کوردستانی بە ئازادی تێ‌دا بشەکێتەوە، بەڵام بەسەر چارەنووسێك‌دا کەوت کە بڕوا ناکەم هیچ کەس بە بیستنی بەداخ‌و ماتەمبار نەبێ.

سەید حوسین رەحیمی کە ساڵی ١٩٦٤ لە دایك ببوو، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە، تا مانگی پووشپەڕی ساڵی رابردوو، وەك ئەندامێکی بەبیروباوەڕ، هەڵسووڕو رێکوپێك لە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات‌دا، تێکۆشانی هەبوو. ئەو لاوە کە دیپلۆمی لەشاری میاندواو وەرگرتبوو، هەم بەو هۆیەوە کە لاوێکی نیشتمانپەروەرو ئازادیخواز بوو، هەم خۆشنووس، تەڕراح (شێوەکار)و بەرد تاش بوو، لە نێو ناوەندە رووناکبیری‌یەکانی شارەکەی‌و ناوچەکەکانی دەوروبەردا خۆشەویست‌و جێگای رێز بوو. پووشپەڕی ١٣٨٣ (٢٠٠٤) دوای ئەوەی بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ راوەدوونان‌و مەترسیی گیران لەلایەن دامودەزگا جاسووسی‌و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەرەوڕوو بوو، لە خاڵی سنووریی حاجی عۆمەرانەوە خۆی دەگەیەنێتە کوردستانی ئازاد، بەڵام لەلایەن ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ـ کە بێگومان هۆیەکەی نەناسینی بووە ـ دەگیرێ. ئەو، کە پێشتر پێشینەی نەخۆشیی رێخۆڵەکوێرەی هەبووو تازە نەشتەرگەریی بۆ کرابوو، بەو وەزعەوە بۆ ماوەی ٢٨ رۆژ لە گرتووخانەو لە هەلومەرجێکی نالەباردا دەمێنێتەوەو نەخۆشی‌یەکەی بە جارێك تەشەنە دەکاو لێی گەورە دەبێتەوە. هەر بۆیە کاتێك نوێنەرایەتیی حیزب بە پەیسەریەوە چووو لە زیندان ئازاد کرا، بە یەکجاری لەگەڵ نەخۆشی‌و ئازارچێشتن ببوو بە یەکماڵ، چونکە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە ببوو، پاشماوەی ژیانی بە نەشتەرگەریی یەك بەدوای یەك‌و شیمی دەرمانی‌و ململانێ لەگەڵ مردن‌دا بردە سەرو، سەرئەنجام نەخۆشی‌یەکەی گیانی لێ ئەستاند.

...

پارێزەرانی سنوورو ئاسایشی هەرێمی کوردستان حەقی خۆیانە کاری خۆیان بە توند بگرن، چونکە ئەوانیش‌و ئێمەش‌و هەموو لایەکمان دەزانین ئەم دەسکەوتانەی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان‌دا وەدەستی هێناون، بووە بە چقڵی چاوی دوژمنان‌و نەیارانی گەلی کوردو، لە هەموو لایەکەوەو بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن پیلان لە دژی ئەم دەسکەوتانە بگێڕن‌و نەهێڵن خەڵکی کوردستان ئازادی‌و خۆشی‌و ئاسوودەیی بە خۆیانەوە ببینن. هەر بۆیە نەك هەر ئەوان، بەڵکوو هەموومان کە شانازی بە دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە عێراق دەکەین، دەبێ بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانی دوژمنان‌و تێکدانی بەرنامەکانیان، تێ‌بکۆشین. بەڵام چاوەڕوانی‌یەکی بەجێ‌یە ئەگەر لێمان بوێن ئەرك‌و کاری پیرۆزی خۆیان بە جۆرێك بەڕێوە ببەن کە کەسانی دڵسۆزی ئەم دەسکەوتانە، ئەوانە کە شانازی بە حکوومەت‌و پارلمان‌و ئاڵای کوردستانەوە دەکەن‌و بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادی، لەودیوی سنوورەکانەوە روو دەکەنە ئێرە، تووشی گیران‌و ناخۆشی‌و چارەنووسی لە چەشنی چارەنووسی سەید حوسێن نەبن. با ئەو سیما جوان‌و پیرۆزە کە رۆڵەکانی گەلی کوردو کەسانی دیکەش لەو دیوی سنوورەکانەوە، لە کوردستانی ئازاد لە زەینیان دایە، خەوشدار نەبێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی سەید حوسینی جوانەمەرگ‌و بەو هیوایە کە چارەنووسی تاڵی ئەو، وریابوونەوەیەك‌و دەرسێك بێ بۆ ئەو دامەزراوو دەزگاو مرۆڤە زەحمەتکێش‌و دڵسۆزانەی بە کاری پارێزگاری لە ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە خەریکن.

# تێپەڕینی ٢٥ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژیی دانیشتوانی "قەڵاتان"دا

رۆژی ٧ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، ٢٥ ساڵ بەسەر کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی دێی "قەڵاتان"ی سندووس لەلایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە رابرد.

٢٥ ساڵ لەمەوبەر بەرەبەیانی رۆژی ٧ی خاکەلێوە، کومیتەچی‌یەکان‌و بەکرێگیراوانی دیکەی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە نەغەدە، هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر دێی "قەڵاتان" لەسەر جادەی نەغەدە شنۆ دەست پێ‌کرد. ئەوان پاش ئەوەی دانیشتوانی بێ‌تاوان‌و بێدیفاعی ئەو گوندەیان گەمارۆ دا، و دایاننە بەر دەسڕێژ، نەك هەر بە چەك، بەڵکوو بە تەورو قەمەش لە گیانی ژن‌و منداڵ‌و پیرو لاوی ئەو دێیە بەربوون. لەم کۆمەڵکوژی‌یەدا ١٢ کەس گیانیان لەدەست داو ژمارەیەکی زۆر زیاتریش بە برینداری‌و نیوەگیانی لە نێو پەناو پەسیوی ماڵان‌و دارستان‌و مووچەو مەزرادا، خۆیان حەشار دا تا بەڵکوو گیانی خۆیان دەرباز بکەن‌و، دواتر ئەوەی لە دڕندەیی "لەشکریانی ئیسلام"و مەزلومییەتی خۆیان، کەس‌و کاریان‌و گەلەکەیان دیویانە، بۆ بیروڕای گشتیی بگێڕنەوە.



نموونەیەك لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە سنە

هێزە جینایەتخوڵقێنەکانی کۆماری ئیسلامی، بەوەندەش وازیان نەهێناو، دوای وەڕێخستنی گۆماوی خوێن، ماڵ‌و دارایی خەڵکی ئەو دێیەشیان تاڵان کردو هەرچی‌یەکی بۆیان برا، هەر لە پووڵ‌و زێڕو کەلوپەلی نێو ماڵانەوە بگرە تا ماشێن‌و تراکتور، لەگەڵ خۆیان بردیان.

کۆمەڵکوژی‌یەك کە قەڵاتان شایەدی بوو، پێشتر بە شێوەیەکی زۆر بەرینتر لە "قاڕنێ" بەڕێوە چووبوو! دواتریش لە زۆر دێ‌و ناوچەی دیکەی کوردستان بە هۆی چەکدارەکان‌و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، دووپات کرایەوە. قەڵاچۆی دانیشتوانی دێیەکانی سۆفیان، سەروکانی، سەوزی‌و سەرچنارو قەرەگۆل، کوورەخانەکانی ساروقامیش، حەسەن لولان، دیلانچەرخ‌و کەرێزە نموونەیەك لەو جینایەتە بەرینانە بوون.


جێگای داخە کە پاش تێپەڕینی ٢٥ ساڵ لەم جۆرە تاوانانە، هێشتا چووکترین لێپرسینەوە لە بەڕێوەبەران‌و ئەنجامدەرانیان نەکراوە. بەڕێوەبەران‌و دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە خۆیان هاندەرو بەرپرسی سەرەکی‌و راستەقینەی ئەو جینایەتانە دژی گەلی کورد بوون، نەك هەر چووکترین هەنگاویان بۆ روونبوونەوەی ئەو رووداوانەو ناساندنی تاوانبارانی واقیعی‌و دادپرسیی کەسوکاری قوربانی‌یەکان نەداوە، بەڵکوو تا ئێستاش هەوڵی بێدەنگە لێ کردن، شاردنەوەو شێواندنی راستی‌یەکان دەدەن.

لە ٢٥ی ساڵەی کوشتاری خەڵکی قەڵاتان، سڵاو بۆ گیانی قوربانی‌یەکانی ئەو تاوانە گەورەیە دەنێرین‌و وێڕای هاودەردی‌و هاوخەمی لەگەڵ کەسوکاریان، لە هەموو تینوانی روونبوونەوەی حەقیقەت‌و داواکارانی هەق‌و دادپەروەری لە کوردستان، ئێران‌و جیهان داوا دەکەین نەهێڵن ئەم جۆرە کۆمەڵکوژییانە، ژێلەمۆی فەرامۆشییان بەسەردا بکشێ. با ٢٥ ساڵەی ئەو تاوان‌و جینایەتانە بکرێن بە دەرفەتێك بۆ ئاگادارکردنەوەی نەسڵی ئەمڕۆی لاوانی وڵاتەکەمان لە سیاسەت‌و کردەوەو رەفتاری ٢٥ ـ ٢٠ ساڵ لەمەوبەری ئەو رێژیمە لە کوردستان. با میراتگرانی ئێستای ئەو رێژیمە کە لە سەرکوتی گەلی کوردو دوژمنایەتیی ماف‌و ئازادی‌یەکانی ئەو گەلەو زۆر سیاسەت‌و رەفتاری دژی‌گەلی‌و وەحشیانەدا، درێژەدەرانی پێشینیانی خۆیانن، ناچار بکرێن پەردەی بێدەنگی لەسەر تاوانە شەرماوی‌یەکانی رێژیمەکەیان لابدەن. با بەڕێوەبەران‌و تاوانباران چی دیکە بە خەیاڵی ئاسوودەوە، درێژە بە خزمەت بە کۆماری ئیسلامی‌و سەرکوت‌و دوژمنایەتیی هاونیشتمانان نەدەن. با روون بێتەوە کە هیچ کەسێك، هیچ لایەنێك، هیچ هێزو حکوومەت‌و دەسەڵاتێك، بۆی نیە هەرچی لە وەحشیگەری‌و ئینسانکوژی پێی خۆشە، ئەنجامی بداو هەروا بەسەری‌یەوە بچێ.

م. رەوانپاك

# حافیزەی مێژوویی نەوەی ئەمڕۆ هیچی لە بارەی قاڕنێ و قەڵاتان تێدا نیە

دوو ساڵ لەمەوبەر کە هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر رێژیمی دیکتاتۆرو خوێنڕێژی عێراق دەستی پێ‌کرد، "کاوە گوڵستان" لەو هەواڵنووس‌و وێنەگرانە بوو کە بۆ گواستنەوەی هەواڵ‌و وێنەکانی پێوەندیدار بەو شەڕەوە، خۆی گەیاندە کوردستانی عێراق. بەڵام بەداخەوە رۆژی ١٣ی خاکەلێوە لە نزیك کفری کەوتە سەر مینێك کە سوپای عێراق لە پاش خۆی لە خاکی کوردستان دا بەجێی هێشتبوو و، گیانی لەدەست دا. ئەوکات هەواڵی ئەو رووداوە ناخۆشەمان وێڕای داخ‌و کەسەری خۆمان بە بۆنەی مەرگی ئەو



کاوە گوڵستان

هەواڵنووس‌و وێنەگرەی تینووی راستی‌و ئازادی هەر لەم لاپەڕەیەی "کوردستان"دا بڵاو کردەوە.

ئەوکات ئەگەر ئەم نووسراوەیەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم دیتبام، بێگومان بە رێزو پێزانینێکی زیاترەوە ئەژنۆی ماتەمم بۆ دەگرتە باوەش. ئێستا کە لە دوو ساڵەی مەرگی ناوەختی‌دا یادی دەکەینەوە، پێم خۆشە ئەم بۆچوونە ئازایانەیەی بخەمە بەرچاوی خوێنەران کە بە بۆنەی یەکساڵە بوونی رۆژنامەی "صبح امروز" (لە پاشکۆی تایبەتی ئەم رۆژنامەیەدا ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٧٨) بڵاوی کردۆتەوە:

**"... لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا، جۆرە جیاوازەکانی سانسۆری حکوومەتی، بە خەوشدار کردنی گەیاندنی زانیاری‌یەکان ناسینی رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیی بۆ خەڵك نامومکین کردوە. نەوەی ئەمڕۆ نازانێ کە تەنیا بیست ساڵێك لەمەوبەر لە دێیەکانی رۆژئاوای ئەم مەملەکەتە چ رووی دا. حافیزەی مێژوویی نەوەی ئەمڕۆ هیچی لە بارەی "قاڕنێ"و "قەڵاتان"ەوە تێدانیە. "صبح امروز" لە جیاتی خۆ خەریك کردن بە ریشەکان‌و پێوەندی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی کێشەکانی سەرچاوەگرتوو لە کارەساتەکانی "قاڕنێ‌و قەڵاتان"و، ناساندنیان کە ئەوکات بە توندی سانسۆر کرا، تەنیا ئاوڕێکی تێکەڵ بە گەپی لە رواڵەتی ئەمڕۆیی تاوانبارانی کێشەکە داوەتەوە! بۆچی؟ زۆر نموونەی دیکەی لەو چەشنەش هەن... "صبح امروز" دەبێ لەقاودانە مێژوویی‌یەکانی خۆی لە بارەی کوشتارەکانەوە درێژە پێبدا، درێژە پێبدا، درێژە پێبدا. ئەوکات لە ساتەوەختی سەرکەوتنی یەکجاری‌دا، یەکەم کەس کە بە دەنگی بەرزەوە سڵاوتان بۆ بنێرێ، من دەبم‌و ناویشی دەنێم گۆڕانێکی راستگۆیانە."**

ب. هانا



ئاوێتە بوونی منداڵان‌و سروشت

# نوێترین ژمارەی گۆڤارەکانی "ژنان"و "لاوان" بڵاو بۆوە





یازدەهەمین ژمارەی "ژنان" گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بیستەمین ژمارەی گۆڤاری "لاوان"، ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆتایی مارسی ئەمساڵدا چاپ‌و بڵاو بوونەوە. نوێترین ژمارەکانی "ژنان"و "لاوان" کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆریان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هزری، وەرزشی‌و... لەخۆ گرتوە.

